**زانكۆی صەلاحدین_ هەولێر**

Salahaddin university-erbil

# گرینگی شوێنەوار و كەلەپوور لە پەرەپێدانی كەرتی گەشتیاری

## (( قەلآی هەولێر بە نموونە))

**توێژینەوەیەكی شوێنەواری مەیدانیە پێشكەش كراوە بە بەشی شوێنەوار لە كۆلێژی ئاداب زانكۆی صەلاحدین- هەولێر وەك بەشێك لە پێداویستیەكانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی بە كالۆریۆس لە شوێنەواری كۆن**

**ئامادەكردنی:**

**زهراء مهدی عزیز**

**بە سەرپەرشتی:**

**د.كاروان صدیق بكر بلباس**

**ئادار-٢٠٢٤**

# پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم پرۆژەی دەرچوونە لەژێر ناونیشانی ((گرینگی شوێنەوار و کەلەپوور لە پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری قەلای هەولێر بەنموونە)) لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە و نووسراوە لە کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر، بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە لقی شوێنەواری کۆن. من پشتگیری دەکەم و ڕازیم بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەشی دەکەم، وە من ئەم پرۆژەی دەرچوونە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو:

ناو: د. کاروان صدیق بکر بلباس

ڕێکەوتی: ٢٠ / ٣/ ٢٠٢٤

سەفحەی بەرینی سەهلی بۆ وەسفی ئەهلی ئەربیل
قەڵەمی منە عەینەن منارەی شێخی جەلیل

شارێکە ڕیاکەمە بۆ مەکرەمە حاتەمە
شایەتی شەهرەزووری بووە ئەحسەنی دەلیل

موسەڵای سەر قەڵاتی بەرامبەر نەبی عوزێر
حازرە بۆ بەراتی مەرقەدی ئیمام تەعجیل

بەستۆرە نا لە چاوی من ئاو بۆ ئەوێ هاتووە
لە دەوری تەواف دەکەن توحفەی نەیبێ مەسیل

هەم ئەهلی ئامانن هەم ڕەنگی خاکن خەڵکلی
پاکن میسلی کافوور پاکن لە جنسی ئەسیل

شەوقی بەتینی شەمسی کچانی ئەسمەر کردوون
وەکو پەنیری مەدبووخ چەشنی شەکەری حەلیل

پێشتر شێوەی قامەتت درێژبوو ئەربائیلۆ
لەبەر کەمی و یسالت کوردبووە ئەربیل

نالی

## پێشکەشە بە:

- ❖ دایکم و باوکم بەهەموو تەمەنم خۆم بە قەرزاریان دەزانم.
- ❖ بە ( ڕێناس) ی هاوسەرم پاڵپشتی ژیانم و بنەماڵەی بەڕێزیان .
- ❖ بە هاوڕێ و دۆستە ئەزێزەکانم .
- ❖ بە دکتۆر و مامۆستا بەرێزەکانم هەموو ئەوانەی لێکۆڵەرن لە بواری زانستی شوێنەوار.
- ❖ بە هەموو تاکێکی خەمخۆر و دڵسۆزی شوێنەوارەکان.

## سوپاس و پێزانێن

- ❖ سەرەتا سوپاس بۆ پەروەردیگاری مەزن و میهرەبان کە هەموو کاتێك ڕێنشاندەر و هاوکارم بووە بۆ تەواوکردنی پرۆسەی خوێندنم بە تایبەتی ئەم توێژینەوەیە.
- ❖ سوپاس بۆ بەرێز (( د. کاروان صدیق بکر بلباس)) ئەرکی سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەی لە ئەستۆ گرت. ڕێزی لە بیروبۆچوونەکانم گرت، ڕێنمایی زانستی تایبەت بە توێژینەوەی فێرکردم.
- ❖ سوپاس بۆ سەرجەم دکتۆر و مامۆستاکانی بەشی شوێنەوار، ئەوانەی فێری ڕێز و خۆشەویستیان کردم بۆ شوێنەوارەکان.
- ❖ سوپاس بۆ هەر یەك لە فەرمانبەرانی مۆزەخانەی بەشی شوێنەوار لە کۆلێژی ئەدەبیات و کتێبخانەی کۆلێژی ئەدەبیات.
- ❖ سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی بە وشەیەك هاوڕازو و یارمەتی دەرم بوون.

# کورتکراوەکان

## کورتکراوە کوردییەکان

| | |
|---|---|
| پ.ز | پێش زایین |
| ب | بەرگ |
| ز | زاینی |
| چ | چاپ |
| لا | لاپەڕە |
| و | وەرگێڕان |
| ه.س | هەمان سەرچاوە |
| س.پ | سەرچاوەی پێشوو |

## کورتکراوە عەرەبییەکان

| | |
|---|---|
| ت | ترجمة |
| ج | جزء |
| ص | صفحة |
| ن.م | نفس المصدر |
| م.س | المصدرالسابق |

## کورتکراوە ئینگلیزیەکان

| | |
|---|---|
| Page | P |
| Pages | Pp |
| Volume | Vl |
| same source | Ibid |
| previous source | op-cit |

## پێرست


| لاپەڕە | بابەت | ز |
|---|---|---|
| ٢ | پشتگیری سەرپەرشتیار | ١_ |
| ٣ | شعری نالی | ٢_ |
| ٤ | پێشکەشنامە | ٣_ |
| ٥ | سوپاس و پێزانین | |
| ٦ | کورتکراوەکان | ٤_ |
| ٨_٧ | پێرست | ٥_ |
| ١٠_٩ | پێشەکی | ٧_ |
| ١١ | بەشی یەکەم/ شوێنەوار و کەلەپور و گەشتوگوزار | ٨_ |
| ١٢ | تەوەرەی یەکەم/ یەکەم- چەمك و واتا و مێژووی شوێنەوار و کەلەپور: | ٩_ |
| | ١-چەمك و واتا و مێژووی شوێنەوار و کەلەپوور | ١٠_ |
| | ٢- هەڵسەنگاندنێك بۆ مێژووی کاری شوێنەواری لە ڕابردوو و ئێستا: | ١١_ |
| | تەوەرەی دووەم/ یەکەم - چەمك و واتا و مێژووی گەشت و گوزار: | ١٢_ |
| | ١- چەمك و واتای گەشت و گوزار | ١٣_ |
| | ٢- مێژووی گەشت و گوزار | ١٤_ |
| | ٣- جۆرەکانی گەشت و گوزار | ١٥_ |
| | ٤ - گەشتیار | ١٦_ |
| | بەشی دووەم/ میکانیزمی بە گەشت و گوزاری شوێنەواری شاری هەولێر | ١٧_ |
| | تەوەرەی یەکەم/ قەڵای هەولێر ، پەرەپێدانی گەشتیاری | ١٨_ |
| | یەکەم - جوگرافیا ومێژوو ، قەڵای هەولێر | ١٩_ |
| | دووەم - پێکهاتەی ئێستای قەڵای هەولێر | ٢٠_ |
| | ١,١- گەڕەکەکانی قەڵای هە ولێر | ٢١_ |
| | ١,٢- مزگەوتی قەڵای هەولێر | ٢٢_ |
| | ١,٣- گەرماوی گشتی قەڵای هەولێر | ٢٣_ |
| | ١,٤- دەروازەکانی قەڵای هەولێر | ٢٤_ |
| | شوورای قەڵای هەولێر | ٢٥_ |
| | تەوەرەی دووەم | ٢٦_ |
| | یەکەم-میکانیزمی پەرەپێدان و بەگەشتیارکردنی قەڵای هەولێر: | ٢٧_ |
| | دووەم- میکانیزمەکانی پاراستن لەکاتی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر بەرلە گەشتیارکردن: | ٢٨_ |
| | سێیەم-  چۆنیەتی بەگەشتیارکردنی قەڵای هەولێر: | ٢٩_ |

| | | |
|---|---|---|
| | چوارەم- خانووە کەلەپووریەکان: | ٣٠- |
| | پێنجەم- مۆزەخانەکان: | ٣١- |
| | شەشەم- ئەتیکەخانەکانی قەڵای هەولێر: | ٣٢- |
| | حەوتەم- ماڵی گۆرانیە کۆنەکان: | ٣٣- |
| | هەشتەم- سەنتەری ڕۆشنبیری قەڵای هەولێر: | ٣٤- |
| | نۆیەم- قاوەخانەی کەلتووری قەڵا: | ٣٥- |
| | دەیەم- ئاماری گەشتیاری سەردانکەرانی قەڵای هەولێر: | ٣٦- |
| | بەشی سێیەم/ هەنگاوەکانی هێنانی گەشتیارو پەرەپێدانی شوێنەوار و مۆزەخانەکانی هەولێر | ٣٧- |
| | تەوەرەی یەکەم/سوودەکانی پەرەپێدانی گەشتیاری شوێنەواری لە پارێزگای هەولێر | ٣٨- |
| | یەکەم- دابینکردنی پێداویستیەکان بۆ هێنانی گەشتیار | ٣٩- |
| | ١- هۆتیلەکان: | ٤٠- |
| | ٢- کافتریاکان: | ٤١- |
| | ٣- چێشتخانەکان: | ٤٢- |
| | دووەم- بە بازاڕکردنی کەرتەکانی شوێنەواری گەشتیاری | ٤٣- |
| | ١- ئامانجەکانی بەبازاڕکردنی گەشتیاری | ٤٤- |
| | ٢- ڕۆڵی ڕێکلام لە بەبازارکردنی گەشتیاری: | ٤٥- |
| | ٣- کاریگەری بلاَوکراوە (برۆشور) لەسەر بەبازاڕکردنی کەرتی گەشتیاری | ٤٦- |
| | ٣- کاریگەری داشکاندنی کاتی لەسەر بەبازاڕکردنی کەرتی گەشتیاری | ٤٧- |
| | تەوەرەی دووەم/ سوودەکانی کەرتی گەشتیاری شوێنەواری بۆ ژێرخانی ئابووری و ئایندەی هەرێم | ٤٨- |
| | یەکەم - هەڵمەتەکانی بەگەشتیارکردنی شوێنەواری و میکانیزمی پەرەپێدان: | ٤٩- |
| | دووەم - سوود و قازانجی گەشتیار بۆ ئابووری هەرێم و شاری هەولێر بەتایبەت | ٥٠- |
| | سێیەم - سوود و قازانجی شوێنەوار بۆ ژێرخانی فیکری ئێستا و ئاییندە | ٥١- |
| | هێنانی پارە لە دەرەوە و چاکردنی باری ئابووری خەڵك | ٥٢- |
| | دابینکردنی هەلی کار بۆ دەرچووانی بەشەکانی شوێنەوار و مێژوو | ٥٣- |
| | بلاَوبوونەوەی هۆشیاری شوێنەواری و پێگەیاندنی نەوەیەکی زرنگ | ٥٤- |
| | ناساندنی کورد و مێژووی شاری هەولێر بۆ بلاَوکردنەوەی هەستی نەتەوەیی لەڕێگەی بەگەشتیاری قەڵای هەولێر: | ٥٥- |
| | دەرئەنجام | ٥٦- |
| | لیستی سەرچاوەکان | ٥٧- |
| | هێڵکاری و پاشکۆکان(نەخشەکان- وێنەکان) | ٥٨- |

# پێشەکی

گەشتیاری ڕۆڵی گەورەی هەیە لە بەدیهێنانی بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی بەو پێیەی هۆکارێکی کارایە بۆ پەرەپێدانی بیروتێگەیشتن و ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری لە نێوان گەلاندا، بەسەرچاوەیەکی گرینگی داهات و ڕاکێشانی سەرمایەی ناوەخۆیی و بیانی دادەندرێت ئەوەش هاوکار دەبێت بۆ فەراهەمکردنی دەستیکاراکردنی پیشەسازی ناوەخۆیی و کەرتەکانی تر پەیوەندی جیاجیایان لەگەڵ چالاکی گەشتیاری هەیە.

گرینگی توێژینەوەکە لەوەدایە شاری هەولێر و قەڵا مەزنەکەی بەشوێنێکی مێژوویی و جوگرافی گرینگ دەناسرێت بەو پێیەی کۆنترین شاری جیهانە تاکو ئێستا ژیان تێدا بەردەوامە. ئەم شارە پایتەختی هەرێمی کوردستانە، هەروەك شوێن شوێنەواری زۆری هەیە دابەشی سەر ناوچە جیاکانی ئەم شارە بوونە. ئەوەش هەڵقولاوی مێژوویی و شوێنەواری و شارستانی ئەو شارە نیشاندەدات وایکردوە ببێتە سەنتەرێکی گەشتیاری و شوینێك بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران لە ناوچە جیاوازەکانی عێراق و جیهان سەردانی بکەن.

هەروەك چۆن ئەمرۆ جموجۆڵی کەرتی گەشتیاری و شوێنەوار و کەلەپوور، زۆر بەخێرایی گەشەیکردوە لەجیهان گشت ئەم ناوچانەی بنەمای ڕاکێشانی گەشتیاریان هەیە کارێکی ئەرێنی لەسەر ئابووری نیشتیمانی دروستکردووە سەرباری ئەوەی بۆتە ڕایەڵەی پردی پەیوەندی و یەکترناساندنی گەلان و گرنگترین ڕوانگەی شارستانی و سەرچاوە مێژووییەکان.

ئامانجی ئەم لێکۆلینەوەیە وەك هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی هەندێك لەم شوێنەوار و کلتوورانەی لە قەڵای هەولێر و ناوچە گەشتیارییەکان هەن بەتایبەتیش لەسەر سەنتەری شارەکە بۆ نیشاندانی گرینگییە مێژوویی و شارستانیەکەی و رۆڵی لە گەشەپێدان و پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری و شوێنێك بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران، سەرباری گرینگی ستراتیژی کارا بۆ پەرەسەندنی لە پێناوی ئەوەی بکرێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ داهات و دواتریش گەشەکردنی و بوژاندنەوەی ژیان لەم هەرێمەدا.

**گرینگترین ئەم سەرچاوانەی سوودێکی زۆریان بەم توێژینەوەیە گەیاندووە.**

١- تقی، الدباغ، مقدمة فی علم الثار، بغداد ،١٩٨١

٢- روستی، نادر، گەشتوگوزار نەوتی ئایندەی کوردستانە، ب١، هەولێر، ٢٠١٠

٣- اسماعیل، زبیربیلال، اربیل فی ادوارها التاریخیة، ج١، بغداد،١٩٧١

٤- شیرکو، جیهان، جولة فی قلعة اربیل، المجلة ذاکرة عراقیة،رقم٣،بغداد،٢٠٢٣

٥- ئەلعەزاوی، عمر جەسام، کورتەیەك لەبارەی شوێنەوارناسی، و؛ عبدللە خورشید قادر، هەولێر،٢٠٢٢

٦- ملوخیة، احمد فوزی، مدخل الی علم السیاحة، ج١، الاسکندریة، ٢٠٠٨

بێگومان ئەم توێژینەوەیە بەدەرنیە لە گیروگرفت وەکوو کەمی سەرچاوەی ڕەسەن بەزمانی کوردی، زۆربەی ئەم سەرچاوانەی بەکارهێنراون عەرەبی و ئینگلیزیە، هەروەها نەبوونی تابلۆ و هەڵواسینی ناو و شوێنی پێکهاتەی ئێستای قەڵای هەولێر و شوێنە شوێنەوارییەکان، هەروەها بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا داخستنی قەڵای هەولێر بۆ ماوەیەکی نادیار و نەبوونی سیستەمی ئامار و سەرژمێری فەرمی ناچار ئاماری ساڵی(٢٠١٩ز)مان بەکارهێناوە.

توێژینەوەکەمان لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت دابەشدەبێت بەسەر دووتەوەرە. بەشی یەکەم لە دووتەوەرە پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەم چەمك و واتا و مێژووی شوێنەوار و کەلەپوور، تەوەرەی دووەم چەمك و واتا و مێژووی گەشت و گوزار. بەشی دووەم توێکارێکی مەیدانی و سەردانکردنی توێژەرە بۆ شوێنی شوێنەواری قەڵای هەولێر ئەم بەشە پێکدێت لە دووتەوەرە، تەوەرەی یەکەم قەڵای هەولێر و پەرەپێدانی گەشتیاری، تەوەرەی دووەم میکانیزمی پەرەپێدان و بەگەشتیارکردنی قەڵای هەولێر. هەروەها بەشی سێیەم و کۆتایی بەشی توێژینەوەکەمە، بریتیە لە سوودەکانی پەرەپێدانی گەشتیاری شوێنەواری لە پارێزگای هەولێر، تەوەرەی دووەم سوودەکانی کەرتی گەشتیاری شوێنەواری بۆ ژێرخانی ئابووری و ئایندەی هەرێم.

## بەشی یەکەم

## شوێنەوار و کەلەپور و گەشتوگوزار

### تەوەرەی یەکەم

### یەکەم- چەمك و واتا و مێژووی شوێنەوار و کەلەپور:

١-چەمك و واتا و مێژووی شوێنەوار و کەلەپوور

٢- هەڵسەنگاندنێك بۆ مێژووی کاری شوێنەواری لە ڕابردوو و ئێستا:

### تەوەرەی دووەم

### یەکەم - چەمك و واتا و مێژووی گەشت و گوزار:

١- چەمك و واتای گەشت و گوزار

٢- مێژووی گەشت و گوزار

٣- جۆرەکانی گەشت و گوزار

٤- گەشتیار

## تەوەرەی یەکەم/چەمك و واتا و مێژووی (شوێنەوار و کەلەپور)

### یەکەم - چەمك و واتای شوێنەوار

### چەمکی شوێنەوار:

شوێنەوارناسی (Archaeology) بریتیە لە دوو وشەی لێکدراوی یۆنانی، لەڕووی زمانەوانیەوە(Archaia) بەواتای سەرەتایی (کۆن)دێت، لەکاتێکدا (Logos) بەمانای زانست یان لێکۆڵینەوە دێت .([١])،

ڕەنگە ئاماژەکردن بەزانستی شوێنەوارناسی، پێناسە جۆراوجۆرەکانی ڕەنگدانەوەی سەرهەڵدان و گەشەکردنی خودی زانستەکە بێت، بۆیەکەمجار بەمانای (مێژووی کۆن) بەکارهاتووە، واتا ناوەڕۆکی چەمك و واتای شوێنەوارناسی لەلێکۆڵینەوە لەکۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی دەستنووسە کۆنەکانەوە وەرگیراوە، یۆنانی و ڕۆمانی کۆن ووشەی شوێنەواریان بەکارهێناوە بۆ دەربڕینی بابەتە کۆنەکان.([٢])، وشەی (الاثار) چەند جارێك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، کە دە فەرموویێت: ([٣]): ((إِنَّا نَحْنُ نُحْيِي الْمَوْتَى وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُوا وَآثَارَهُمْ ، وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَاهُ فِي إِمَامٍ مُبِينٍ)) ([٤])، لە زمانی کوردیدا چەمکی شوێنەوار وشەیەکی دروستکراوە بەرامبەر بە واتای (آثار) لە زمانی عەرەبیدا. ([٥])



وێنەی ژمارە ١ ، شوێنەوارناسی، وەرگیراوە لە
https://www.dreamstime.com/archeology

---

١- العزاوی، عمر جسام, موجز علم الاثار، ماجستیر علم الاثار ، جامعة موصل، کلیة الاثار ،موصل، ٢٠١٢، ص ٥

.p51،1997 ، New york ،the emergence of archaeology as scientific discipline،R، Braidwood-2

٣- وشەی (الاثار) یازدە جار لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە بەواتا و هاواتای جۆراوجۆر، لە سێ جاردا بو واتای پاشماوەی ماددی هاتووە: سورة المائدة، الایة : ٤٦، سورة الکهف: الایة ٦، سورة الروم ، الایة١٢.

٤- القران الکریم، سورة یس: الایة ١٢ .

٥- قەساب، صباح پیربالّ، ئارکۆلۆجیا لو کوردستان, بەرگ ١ ، هەولێر، ٢٠٠٧ ،لا ٢٠.

**واتای شوێنەوار:**

شوێنەوارناسی ئەو زانستەیە لەڕابردووی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە لەڕێگای ئەو پاشماوانەی لەدوای خۆی بەجێی هێشتووە بەبەکارهێنانی ڕێبازیکی زانستی مۆدێرن, هەروەها ئەم پێناسەیە بەس نییە بۆ دەرخستنی سروشتی دەستەواژەی شوێنەوار، شوێنەوارناسی بریتیە لە کۆمەڵێك کۆڵین کاری هونەری مەیدانی بەیەکێك لەلێکۆڵینەوە و زانستە پڕاکتیکیە مرۆییە گرینگەکان هەژمار دەکرێت بەتایبەتی لایەنی ئەکادیمی تیۆریەکەی پشت بەشیکردنەوەو بەراوردکاری دەبەستێت لەئەنجامی دۆزینەوەی پارچە شوێنەوارەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی شوێنەوار، دوو لایەنی گرینگ و بنچینەیی هەیە ناکرێت لەیەکیان جیابکەینەوە، یەکەمیان بریتیە لەکاری کۆڵێنکاری شوێنەوار و گەڕان بەدوای شوێنەوار و پاراستن و نیشاندانی ئەو شوێنەوارانەی دەرهێنراون لەمۆزخانەدا، بەڵام لایەنی دووەم لەزانستی شوێنەواردا، بەلایەنی تیۆری و توێژینەوەیی (شیکردنەوە)یی دادەنرێت. (١)

شوێنەوارناسی زانستێکی نوێیە ، سەرەتا لە هەست و ئارەزووی ڕۆژهەڵاتناسی سەدەی نۆزدەیەمی زایینی لەگەڕان بەدوای پاشماوە کۆنەکانی ئەو شارانەی لە کتێبی پیرۆزدا ناوی هاتبوو و سەرچاوەی گرت. ئەویش بریتیبوو لە کۆکردنەوەی پاشماوە بەنرخ و گرانبەهاکانی شارستانیەتە کۆنەکان و بردنی بۆ بازاڕەکانی ڕۆژئاوا و فرۆشتنی بەچینی ئەرستۆقراتییەکان ڕۆژئاوا، بەڵام وەکو زانست مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە تاوەکو سەرەتای سەدەی بیستەم ، بۆیە گەر بەدوای تێگەیشتنت لەواتای شوێنەوارناسی بگەڕێین دەبێت لە سەدەی (١٩ و ٢٠ ز) دەستپێبکەین.(٢).

بۆ ئاماژەدان شوێنەوارناسی نزیکترینی ئەم ووشانەی لەڕووی بەکارهێنان و مانایەوە، بریتین لەبڕگەی (labiru).(٣).

لە زمانی ئەکەدیدا لە زمانی سۆمەری (Sumun) هاوتایە.(٣)،. وەك لقێك لە زانستی شیکردنەوە بۆ پاشماوەکانی مرۆڤ.(٤).

---

6- Harris, J ‹Charlotte A. Smith‹ what is Archaeology‹ 2019 ‹1- P (15-19)

٢- ئەلعەزاوی، .عومەر جەسام، کورتەیەك لە بارەی شوێنەوارناسی، وەرگێڕانی،.عەبدوڵلا خورشید قادر، چاپخانەی ماد (تاران) ، ٢٠٢٠، لا ٢٣.

3- Civil, Miguel, The Others،The Assyrian Dictionary of the Oriental Institute of the Uni of Chicago,VOL 9،P.26

٤- لابات ،رینیه ، قاموس العلامات المسماریه، ترجمه: الاب البیر ابونا واخرون، بغداد، ٢٠٠٤، ص٦٧، رقم٦٩.

(ڕۆبێرت جەی برایدود) شوێنەوارناسی بەریتانی دەڵێت، شوێنەوارناسی بریتیە لە ((لێکۆڵینەوە لەو شتانەی مرۆڤ دروستی کردووە، بۆئەوەی هەموو شێوازی ژیانیان تێبگەیەنێت، بەم پێناسەیە شوێنەوارناس ئارەزووی شتەکان و شێوازی بەکارهێنانیان هەیە بۆ بنیاتنانەوەی شێوازی ژیانی مرۆڤەکانی ڕابردوو)).(١)

(سێر لیۆناردی ولی) شوێنەوارناسی ئینگلیزی جەختی لەوەکردەوە ئەرکی سەرەکی شوێنەوارناسە مەیدانیەکان، بریتییە لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ماددەیەك بۆ شیکاری ڕابردوو وە هەنگاونان بۆ داهاتوو.

(گراهام کلارك) لە زانکۆی کامبریج شوێنەوارناسی وەك لێکۆڵینەوەیەیەکی سستماتیکی شوێنەوارەکان وەك ئامرازێك بۆ بنیاتنانەوەی ڕابردوو پێناسە کردووە.

پرۆفیسۆر (ستوارت پیگۆت) ئاماژەی بەوەکردووە شوێنەوارناسی لقێکی لێکۆڵینەوەی مێژوویيە بەبۆچونی ئەو ووشەی ((کۆن)) هەموو لێکۆڵینەوەیەك لە ڕابردووی مرۆڤ دەگرێتەوە.

(گۆردن ئار ویلی و جێرمی ئەی سابلۆف)پێیانوایە شوێنەوارناسی بریتیە لەلێکۆڵینەوە لە ڕابردووی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی مرۆڤە ئامانجەکانی گێڕانەوەی چیرۆکی یەك لەدوای یەك لەڕابردوو بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕووداوانەی دروستبووە. شوێنەوارناسی عەرەب (مجموب) پێناسەی شوێنەورناسی کردووە، بەهێزترین ئامرازە بۆزانین و تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی تەواوی چیرۆکەکانی مرۆڤ لە باب و باپیرانی سەرەتامانەوە تا کۆمەڵگەی مۆدێرن (٢).

لەکۆتاییدا دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی پێناسەی شوێنەوارناسی بکەین بەو زانستە فراوانەی بەچەندین لقی جیاواز لێکۆڵینەوە لە شارستانیەتەکانی ڕابردوو دەکات، بەپشت بەستن بەو پاشماوە بەرجەستانەی لەخودی شارستانیەتەکەوە جێماون و هەڵگری فەرهەنگ و ڕۆشنبیری نەتەوانێکن کە لەناوچوون.(٣).

---

1- Braidwood ،R ،Ebid ، ،p56.

2- Braidwood , R , Ebid، P 50-52

٣- مجدوب، مساوی، مدخل الی علم اللاپار ، ج١، بغداد ، ٢٠٢٠ ، ص ١٢

٤- الدباغ، تقی، مقدمه فی علم الآپار ، ج١ ، بغداد ، ١٩٨١ ص ١٤٠.

**پاشماوە شوێنەواریەکانی شارستانیەت کە شوێنەوارناسەکان لێی دەکۆڵنەوە دابەش دەبن بۆ دوو بەش:**

ئەو دەرامەتە گواستراوە و نەگواستراوانەیە مرۆڤ بنیاتی ناوە یان دروستیکردووە یاخود لەسروشتەوە هاتۆتەکایەوە بەهایەکی مێژوویی یان نیشتمانی هەیە ئەوانیش.

**١ـ شوێنەواری گواستراوە (جولاو) :**


هە موو ئەو پاشماوانەن پێیان دەگوترێت گوێزراوە وەك: بەرد و پەیکەر و کانزایی و تابلێتی نووسراو و مۆر و گۆزە و سکە و خشڵ و ئاڵتوون...هتد. لەشوێنی دۆزینەوەیان دەگوازرێنەوە بۆ مۆزەخانە بەمەستی لێکۆڵینەوە .(١)



وێنەی ژمارە ٢، گلێنە جولاو،(توێژەر)
بەرواری: ٢٠٢٣/٩/١٠

**٢ـ شوێنەواری نەگواستراوە (جێگیر) :**

ئەم پاشماوانە دەگرێتەوە کە ناجوڵێن واتا لەشوێنی خۆیان دەستکاری ناکرین ڕەنگە بەهۆی گۆڕانکاریەوە لەناوبچن ئەمانەش بریتین لەئەشکەت و مزگەوت و قەلاّ و خانوو و کۆشك و نەخشی سەرڕووی شاخەکان ،...هتد.(٢)



وێنەی ژمارە ٣(شوێنەواری نەجولاّو)
https://images.app.goo.gl/nTbpnse8Arj4opNN6

**دووەم- چەمك و واتای كەلەپور**

چەمكی كەلەپور لەدوو ووشەی لێكدراو پێكهاتووە، یەكەمیان (كەلە) بەواتای ناپێگەیشتوو یاخود شتێكدێت، وە دووەمیان (پوور) بەمانا زمانەوانیەكەی هاواتایە لەگەڵ پیتاك([٣]) ئەو كاڵایانەی مردوو بەجێی دەهێڵێت بۆ كەسووكاری.

مێژووی شوێنەوارناسی و كەلەپوور دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمی زاینی، شوێنەوار ئەو زانستەیە لەهەرشتێكی ماددیەوە دەكۆڵێتەوە دروستكرابێ یان بەكاری هێنابێ، لەكۆنترین سەردەمەوە دەستپێدەكات تا دوو سەدە پێشئێستا.

چەمكی كەلەپوور دەستەواژەی یەكێك لەزاراوە گرینگ و بەربلاّوەكانی بواری زانستی شوێنەوارە، لەزۆرێك لەفەرهەنگەكاندا ناوی هاتووە.([٤])



وێنەی ژمارە ٤ (كەلەپوری كوردی) توێژەر
بەرواری: ١٥,٣,٢٠٢٤

[١]-الفخراني ، .فوزي عبدالرحمن، الرائد فن التنقيب عن الاثار، ج١، جامعة الاسكندرية ، القاهرة، ١٩٩٣ ، ص ١٧

[٢]- رو، جورج، تاريخ علم الآثار، ترجمة، بهيج شعبات، ج٣ ، بيروت ١٩٨٢، ص ٦

[٣]- پیتاك: بەهەموو ئەو پاشماوانە دەوترێت لە ڕابردوویەكی كۆندا مرۆڤ بەرهەمی هێناوە موكریانی ،عبدالرحمن شەڕەفكەندی (هەژار موكریانی)، فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە، (كوردی- فارسی )، تاران،١٣٦٩ھ / ١٩٥٠ز ، لا ٩٠-٩٢.

[٤]- صادق، .ازهري مصطفى، نضريات في علم الاثار، ج١ ، بغداد، ٢٠١١، ص ٤-٥

**هەرچی وشەی کەلەپوورە لەزمانی عەرەبیدا لە فەرهەنگی (لسان العرب) لەنووسینی ابن منضور هاتووە ، چەمکی تراث دەگەڕێتەوە بۆ پیتەکانی (و، ر، پ).(١)**
**وشەی (تراث) چەندجارێك بەمانای (میرات) هاتووە، یەکێکە لەسیفاتەکانی مرۆڤ خوای گەورە پێی بەخشیوە ((وَلَا يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَبْخَلُونَ بِمَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ هُوَ خَيْرًا لَهُمْ ۖ بَلْ هُوَ شَرٌّ لَهُمْ ۖ سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُوا بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ۗ وَلِلَّهِ مِيرَاثُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۗ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ)).(٢)**

**لە ئینگلیزیدا پێی دەوترێت (Heritage) لەدووبڕگە پێکهاتووە بەواتای ئەوەی لەباوانەوە بۆمان ماوەتەوە، پێشکەش بەنەوەکانی داهاتووی دەکات، یاخود بەواتای ڕۆشنبیری دێت گوازراوەتە نێوان نەوەکان لەبنەچەی کۆنەوە.(٣)**

**بەشێکی دانەبڕاوی ئەم زانستەیە لەناو تیۆرە شوێنەوارناسیەکاندا بەربلاوە، کەلەپوور بریتییە لەدرێژەپێدەری مێژووی کلتوری نەتەوەیی، مێژووی سەرهەڵدانی کەلەپوور دەگەڕێتەوە بۆ دوای سەدەی نۆزدەیمی زاینی وەك زانای(ڕێنیسانس سویسی ، جاکۆن بورکهارت) و (ئیدوارد بێرنێرت تایلۆر) ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت کەلەپوور بریتیە لەمەعریفە و باوەڕ و هونەر و داب ونەریت، هەندێك توانای تر مرۆڤ بەدەستی هێناوە لەڕابردووەوە وەك میراتێکی کۆمەڵایەتی.(٤)**

**پێمانوایە کەلەپوور بەشێکی گرینگە لەژیانی سەرجەم کۆمەڵگاکان، چونکە کلتور کاریگەری زۆریان لەسەر جیهان بەجێهێشتووە ، واتا هەموو کلتورێك دەکرێت ببێت بەشوێنەوار! دوای(٢٠٠)ساڵ بەلام شوێنەوار نابێت بەکەلەپور، لەگەڵ ئەوەشدا کەلەپور بەشێکی گرینگە لەزانستی بەراوردکاری و شوێنەوارناسی، بەتایبەتی بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران و بایەخی زۆر بەکلتور دەدەن.(٥)**

**دوای لێکۆڵینەوە گەیشتین بەوەی کەلەپوور دابەش دەبێت بەسەر دوو بەش:**

**کەلەپور لەڕووی ماددیەوە بریتیە لە خانووبەرە، جلوبەرگ، خۆڕازاندنەوە، کەلوپەلی ناوماڵ و چەندان بابەتی تر.**

**کەلەپور لەڕووی هۆشەکیەوە وەك گۆرانی کۆن، چیرۆك، داب ونەریت، بەها، ڕێوڕەسمە ئایینیەکان و ژن و ژنخوازی، دەتوانین بڵێین گەشتیار ئاشق بەکەلەپوری میلەتانیترە.(٦)**

---

١- ابن منضور، محمد بن مکرم، الاخرون، قاموس لسان العرب، المجلد الثانی عشر:م ، دارصادر-بیروت، ٢٠١٠، ص٥٦٥

٢- ريان، تلغمتي-نعيمة سمار، أحياء التراث في أدب الرحلة، رسالة ماجستير في غيرمنشور، كلية الاداب و اللغات، جامعة بغداد، بغداد، ٢٠٢١، ص ٥-٦

3- [Harrison، Rodney what is heritage? Chapter 1, Frence, 2010, P5 ]
https://www.academia.edu/resource/work/776638: November 17

٤- تشيكالوف، دينيس، أليكساندروفيتش، تاريخ الثقافة العالمية، ترجمة: أ.عماد طحينة، ج١، أبو ظبي، ٢٠١٤، ص ١٦

٥- ڕوستی، نادر، گەشتوگوزار نەوتی ئایندەی کوردستان، بەرگ ١ ، هەولێر، ٢٠١٠ , لا ٥٧-٥٨

٦- محمد، ماهر حسین، نەریت کەلەپوور ، گۆڤاری توێژینەوەی مێژووی و کلتوری، گەرمیان ،لا ١١

## تەوەرەی دووەم/ هەڵسەنگاندنێك بۆ مێژووی كاری شوێنەوار لە ڕابردوو و ئێستا

لەدوای دەركەوتنی زانستی شوێنەوارناسی لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمی زاینی تاكوو ئێستا بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدایە بتوانێت مێژوویەكی ڕاست و دروست لەڕێگای شوێنەوار دیاریبكات.

### یەكەم - مێژووی كاری شوێنەوار لەرابردوودا

لەسەدەی پێنجی زایینی(هێرۆدۆت) مێژوونوسی یۆنانی لەكتێبێكیدا بەناوی (مێژووی تیۆری ئیتنلۆژیا)، باس لە سەفەرەكانی بۆ خۆرهەلآتی ناوەڕاست دەكات كەوا بینیویەتی هەندێك لەخەڵكی ناوچەكانی وەك ولآتی یۆنان، ڕۆما، فارس و مسرییەكان خەریكی كرداری هەڵكۆڵینبوون بۆ دەرهێنانی پارچە ئاسەوارەكان، وە ئاماژەی بەوەكردووە یادەوەریەكانی ڕابردووی دوور و كەلەپور و شوێنەوارەكانی پاراستووە. (١)

سەرەتای سەردەمی ئەم زانستەبوو لەجیهان، هەنگاوەكانی بریتیبوو لەكارەكانی گەڕان بەدوای كەلوپەلی شوێنەواری لەلایەن خەڵكانی ناشارەزا و ئارەزوومەندان ئەنجام دەدران بەئامانجی دۆزینەوەی كەرەستەی بەنرخ و گرانبەها، ئەم كەسانەش بریتیبوون لەخۆرهەلآتناسەكان و گەریدە و گەشتیار و پیاوانی ئایینی و سەرباز و بازرگان، بەشێوەیەكی نازانستی ئەنجامیاندەدا، هەڵكۆڵینەكان هەنگاوبەهەنگاو نەدەكران بەڵكو ئەمەش دەبووە هۆی لەناوچوونی بەشێكی زۆر لەكەلوپەل و كەرەستە شوێنەواریە گرینگەكان بەتایبەتی پارچە بچوكەكان، هەروەها تێكدان و شێواندنی شورا و قەلآی بیناسازی، ئەمەش بەهۆی نەبوونی قوتابخانەیەكی زانستی لێكۆلینەوە لێیان، گرینگینەدان بەپارچەكان و دەبردران و مامەڵەی نایاسایی پێدەكرا مولكی نەتەوەیەكی تربوو.(٢)



وێنەی ژمارە ٥ (هەڵكۆلین لە رابردوو)
https://images.app.goo.gl/gasgXHKgNmC61ZXs5

---

1- Braidwood، R ،Op-cit،1997 ،p55.

٢- دانیال، كلین، موسوعة علم الاثار، ترجمة: لیون یوسف، ج١، بغداد، ١٩٩٠, ص٩٢

## دووەم - مێژووی کاری شوێنەوار لەئێستادا

زانستی شوێنەوار پەرەیسەند، لەگەڵ خۆیدا پەرەی بەشێواز و ڕێگای هونەری و زانستەکاندا لەبەکارهێنان، گرنگیدان بەکاری شوێنەوار ئەمڕۆ گەشەیکردووە پێشکەوتوتربووە بۆتە لقێك لەزانستە ئەکادمیەکان لەجیهاندا، کاروپڕۆسەی شوێنەوارناسی بەهەردوو ڕووی مەیدانی (گۆڕەپان) و تیۆری (ئەکادیمی) بەپشتبەستن بەهەندێ لەپسپۆڕانی زانستی توێکاری. (١)، لەناوەڕاستی سەدەی بیستی زاینی گۆڕانکاریەکی گرینگی بەخۆیەوەبینی، ئەویش بریتیبوو لەدەرکەوتنی دەزگای زانستی و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی بۆ پارچە شوێنەوارەکان، بەگشتی مەبەست لەکاری شوێنەواری ئێستا ئەمەیە ناتواندرێت بێ کەسانی پسپۆڕ دەستبەمکارە بکرێت، بەڵکو پێویستی بەچەندین ئامێری جۆراوجۆرهەیە، خۆشحاڵانە لەڕێگای چەندین ئامێرەوە، سەرەتا شوێنەکە دەستنیشاندەکرێت بۆ ئەنجامدانی کنەوپشکنین بەشێوازی زانستی وەك بەکارهێنانی ئامێرە سەرەتاییەکانی هەڵکەندن.(٢)، بەکارهێنانی تەکنیك و ئامرازی زانستی و هونەری نوێ لەکاری شوێنەواریدا، یارمەتی شوێنەوارناسان دەدات لەپرۆسەی کۆڵێنکاری، وایکردووە ئەمڕۆ زانستی شوێنەوار ببێتە جۆرەها پسپۆڕی لەسەر ئاستی وڵاتە شوێنەوارییەکان، چەند ڕێگا و شێوازێکی هەڵکۆڵین هەن یارمەتیدەرن بۆ شوێنەوارەکە هەروەها لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستویەك وەکو بەکارهێنانی کرداری فلوتەیشن و ئامرازی درۆن و هەڵکۆڵین و GIS...هتد. بەم جۆرە دەتواندرێت سەردەم و چین و مێژووەکەی بزاندرێت ئەویش بەسەیرکردنی دۆخ و پاشماوەکەی لەخاکدا ماوەتەوە. (٣)، گرینگی زانستی شوێنەوار لەمڕۆدا هەرتەنها لایەنی زانستی و زانیاری نییە!، ئەوەی دەوڵەمەندی دەکات بەگەشت و ئەو زانیاریانانەن لەبارەی شارستانیەتی کۆن و ژیانی مرۆڤ بەتەکنەلۆجیای سەردەمیانە بەدەستمان دەگات بۆ هەستکردن بەقۆناغەکانی کرداری سەرەتایی.(٤)



وێنەی ژمارە ٥ (هەڵکۆڵین لە ئێستا)
https://images.app.goo.gl/gasgXHKgNmC61ZXs5

---

١- باقر، تەها، سەرەتایەك بۆ مێژووی شارستانیەتە دێرینەکان، بەرگ ١، سلێمانی ٢٠١٨، لا
٢-توفیق، سلیمان، الفن الحدیپ فی التنقیب عن الاپار، ج١، لیبیا، ١٩٧٢، ص٢٢
٣- ئەلعزاوی، سەرچاوەی پێشوو،٢٠٢٠،لا ٦٨,٧١،٧٩
٤ -هەمان سەرچاوە ، لا١٥٣

## مێژووی کاری شوێنەوارناسی بە شێوەیەکی زانستی لە کوردستان

لەدوای ساڵی(٢٠٠٠) لەسەدەی بیست و یەکی زاینی بەپشتیوانی دەوڵەتانی بیانی، ئاسانکاریەکی باشکرا بۆ دۆزینەوەی شوێنەوارەکان، لەدوای ئازادکردنی عیراق و بەتایبەتی لەهەرێمی کوردستان دەستکرا بەکاری کنەوپشکنین بەتایبەت دوای ئەوەی لەدوای(٢٠٠٠ز)ەوە بەشی شوێنەوار لەکۆلێژی ئاداب دامەزرا، چەندین کادیری شوێنەواری پێگەیاند بەسەربەخۆ یاخود بەهاوبەشی لەگەڵ تیمە بیانییەکان کاریهەڵکۆڵین ئەنجامدەدەن و مێژووی کۆنی کوردستان دەنووسنەوە، لەدوای ڕژێمی بەعس دەستکرا بەناساندنی هەرێمەکە لەڕووی جوگرافیا و ئابوری و مێژووەکە بۆ ئەوەی بیپارێزێت لە لەناوچوون.(٥)

## یەکەم: چەمك و واتــای گەشت و گوزار

زانایان و شارەزایانی بواری گەشت و گوزار (گەشتیاری ) لەسەر پێناسەی گەشت و گوزار کۆکنین, ئەمەش وایکردووە چەندین پێناسەی جیاوازیان بۆ گەشت و گوزار هەبێت، بۆنموونە هەندێك لایەن پێیانوایە گەشت و گوزار دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە یاخود ئابووریە، بیروباوەڕێك هەیە دەربارەی پێناسەی گەشت و گوزار گوایە پێناسەکانی بەقەد زاناکانی گەشت و گوزار دەبێت.(١)

### ١-چەمکی گەشت و گوزار:

بریتیە لە دووناوی داڕێژراو سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کات بەسەربردن، یەکەمیان (گەشت) بەمانایی سەیران، گەڕان، بەکەیف و ماڵەوماڵکردن دێت، دووەمیان (گوزار) هاو واتایە لەگەڵ ڕێگای ڕۆشتن، گایێ.(٢)

لەزمانی عەرەبی، لەفەرهەنگی(لسان العرب) لەنووسینی (ابن منضور)(السیاحە) گواستنەوەیە لەوڵاتێکەوە بۆ ولاتێکیتر وە چەند کردارێك لەخۆدەگرێت وەك: کات بەسەربردن، پەروەردەیی، چارەسەرکردن. (السیاح) بەواتای کەسێکی چالاك دێت گەشت دەکات بۆ وڵاتان بەمەبەستی پشوودان و گەشتکردن.(٣)

لە ئینگلیزی (Dictionary Encyclopedia Britanica)، (گەشتیاری)، کردەوە و پرۆسەی بەسەربردنی کاتە لە دووری ماڵەوە بۆ چێژوەرگرتن، لەهەمان کاتدا کەڵك وەرگرتن لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بازرگانیەکان. (گەشتیار) جووڵەی تاکەکانە بۆ گەشت و گواستنەوە لەوڵاتی خۆی بۆ ناوەخۆ و دەرەوەی وڵات.(٤)

---

٥- سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٧ ،لا ٤٧،٤٤.

١- ڕوستی، سەرچاوەی پێشوو،٢٠١٠ , لا ٢٧.

٢- موکریانی، سەرچاوەی پێشوو، ١٣٦٩ھ / ١٩٥٠ز ، لا

٣- بن منضور، المصدرالسابق: المجلد السادس: س – ش ، ٢٠١٠، ص٢٠٢

4- ﴿dictionary Encyclopedia Britanica﴾ https://www.academia.edu/resource/work/776638-November17

**گەشت و گوزار: دیاردەیەکی سەردەمیە هەڵقولاوی پێداویستیە بۆ پشوودان و گۆڕینی ئاووهەوا و هەستکردن بەجوانی سروشت ، ئەمەش وادەکات هەستی مرۆڤ گەشەبکات وەخۆشی و شادی لەمانەوەی لەو شوێنە گەشتیاریەی سەردانی کردووە ببینێت، دەبێتە هۆکاری گەشەکردنی پەیوەندی لەنێوان گەلانی جیهان، ئەم پەیوەندیەش بۆ گەشەکردنی بازرگانی و پیشەسازی و زۆربوونی هۆیەکانی گواستنەوە دەگەڕێتەوە .([5])**

**[2]- واتای گەشت و گوزار**

**گەشت و گوزار بەواتاکەی تری واتا خۆشگوزەرانی: چونکە ئەو چالاکیانەن مرۆڤ بۆ بەدیهێنانی خۆشی و پشووی جەستەیی و دەروونی و ڕێکخستنەوەی تواناکانی و بەسەربردنی کاتی دەستبەتاڵی ئەنجامیان دەدات، لەئەنجامدا دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە ڕۆتینی ژیان و وەرگێڕانی توانای بیری کۆمەلایەتی و جەستەیی تاك .([1])**

**ئەکادمیای گەشت و گوزاری نێوەدەوڵەتی بەم جۆرە پێناسەی گەشت و گوزار دەکات: کۆمەڵێك چالاکی مرۆییە دەیەوێت ئاواتەکانی گەشتیار جێبەجێبکات، بەواتایەکی تر گەشت و گوزار ئەم پیشەسازیەیە ویست و ئارەزووەکانی گەشتیار دەهێنێتە دی، یاخود پرۆسەیەکی گواستنەوەی کاتییە ژمارەیەکی زۆری هاولاّتیانی ولاّتەجیاجیاکان لەشوێنی نیشتەجێبوون بۆ شوێنێکی تری نیشتیمان، ئەمە پێیدەڵێن گەشت و گوزاری ناوەخۆ یان بۆ دەرەوەی ولاّت.([2])**

**لەڕۆژگاری ئەمرۆدا پیشەسازیەکی نوێیە ڕۆڵێکی گرینگی گێڕاوە لەئابووری نیشتیمانی و دەستەبەرکردنی داهاتی نەتەوەیی، گەشت و گوزار وەکو چالاّکیەك بەردەوام لەنوێبوونەوەدایە، پەیوەندیەکی توندوتۆڵی هەیە لەنێوان پەرەسەندنی لایەنەکانی ئابووری دۆخی کۆمەلاّیەتی، حکومەتی هەرێمی کوردستانی شاری هەولێر بەتایبەتی وەك مەڵبەند و ناوەندێکی گرینگی ناوچەیی لەزۆر ڕوانگەی سیاسی و کلتوری شوێنەواری و ئابووری پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، بێگومان لەم هەرێمەدا کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ڕەنگدانەوەی تێکڕای چالاکیە جۆراوجۆرەکان، گەشت و گوزار ئەمرۆ بۆتە یەکێك لەپێداویستییە سەرەکیەکانی ژیانی مرۆڤ، چونکە بەبنەمایەکی گرینگی چالاّکی پشووی جەستەیی و ئەقلی لەقەڵەم دەدرێت، کەوا توند و تۆڵی هەیە لە نێوان گەشەسەندنی لایەنی ئابووری و کۆمەلایەتی.([3])**

---

**[5]- السيي، ماهر عبدالخالق ، مبادى السياحة ، ج1 ، جنيف، ٢٠١٩، ص٢٩**

**[1]- روستی ، سەرچاوەی پێشوو،٢٠٢٠،لا٢٥.**

**[2]- اسماعیل، ڕوپاك عبدالله، ڕۆڵی ناوچە شوێنەواریەکان لە بوژاندنەوەی بواری گەشت و گوزار شاری هەولێر، نامەی ماستەربلاّونەکراوە، کۆلێژی اداب ، زانکۆی سەلاحەدین، بەشی شوێنەوار،هەولێر،٢٠١٧.**


**[3]- عبدالرحمن ، سردار، بزاڤی گەشت و گوزار لە هەرێمی کوردستان، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٩،لا ٣**

## ٣-مێژووی گەشت و گوزار

گەشت و گوزار لەگەڵ بوونی مرۆڤ سەریهەڵداوە, بەڵام ئامانج و هۆکارەکانی لەسەردەمێك بۆ سەردەمێکی تر جیاوازبووە, لێرەدا مێژووی گەشت و گوزار دابەش دەکەین بۆ چەند قۆناغێك ئەوانیش:

### ١,٣ - قۆناغی چاخەکان (پێش مێژوو، مێژوویی):

ئەم قۆناغە لەم کاتەدا دەستپێدەکات کاتێك مرۆڤ خەریکی ڕاوکردن و کۆکردنەوەی خۆراك بوو، هەمیشە هەوڵیدەدا بەدوای شوێنێکی گونجاوتر بگەڕێت بۆ مانەوە و ژیانکردن، ئەم پێویستیەش وایکرد بەدوای شوێنێکی لەبار بۆ ئاسودەیی ژیان و ئاشناکردن بەژیانێکی ڕەوەندی بەبێبەکارهێنانی هیچ ئامرازێك، بۆگەشت و گواستنەوە بیری لەپەرەپێدانی سەفەر نەکردۆتەوە، هەمیشە لەهەوڵی گواستنەوەی نیشتەجێبوونبووە بۆ شوێنێکی باشتر، لەم چەرخەدا گەشت و گوزار هیچ پێناسەیەکی بۆنەکراوە ، بەڵام گەشتکردن بریتیبوو لەدیاردەیەکی سروشتی پەیوەستبوو بەبوونی مرۆڤەوە بۆ تێرکردنی پێداویستیە کەسیەکان.(١)، دوای پێشکەوتنی مرۆڤ لەچاخە بەردینەکان، سەرەتای دەرکەوتنی شارستانیەتەکان خەریکی گەشتکردنبوو بۆ ناوچە نوێیەکان، بەمەبەستی خۆشگوزەرانی و گۆڕانکاری لەژینگەی مانەوەی، سەرهەڵدانی نیشنگە کاتییەکان و شۆڕشی کشتوکاڵ و دۆزینەوەی چەندین شوێنی جیاوازتر لەناوچەکەی خۆی، لێرەدا توخمە گەشتیاریەکان بەمەبەستی جۆراوجۆر هاتنە کایەوە و دەستکەوتەکانی مرۆڤایەتیش زیاتر بووە.(٢)



وێنەی ژمارە ٦ (٧ سەرسورهێەری جیهان)
https://images.app.goo.gl/v3vZYt7dSoMDBnym7

١- ڕوستی ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٩٣

٢- ملوخية،دانيال، خضرة، جلال بدر، مصطفى يوسف كافي، تاريخ السياحة، ج١،قاهرة ، ٢٠١٧، ص١٧

## ٢,٣- گەشت و گوزار لە شۆڕشی پیشەسازی لە(سەدەی نۆزدەی زایینی):

شۆڕشی پیشەسازی بریتییە لەبلاوبوونەوە و جێگرتنەوەی کاری دەستی بەئامێری میکانیکی، ئەم شۆڕشە لەسەرەتای ساڵانی (١٧٨٠ز) لەوڵاتی بەریتانیا دەستیپێکردووە تاکوو(١٨٤٠ز)، لەساڵی(١٩٠٠ز) بەتەواوی جیهاندا بلاوبویەوە. ئەم سەدەیە شایەتی گەشەسەندنی گەورەبوو لەئامرازەکانی گواستنەوە، پەرەسەندنێك لەچەمکی جیاکردنەوەی شوێنی کار و شوێنی نیشتەجێبوونبوو.(١)

بەهۆی داهێنان و پێشکەوتنی پیشەسازی هۆیەکانی هاتووچۆ گەشەی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینیووە، ئەمەش وایکردوە ڕێگای ئاسن و وشکانی و ئاوی بگاتە شوێنە تازە و نوێیەکان، بەهۆی ئامێری میکانیکی وەك کەشتی و شەمەندەفەر و ئۆتۆمبێل، ئەمانە بوونە هۆی بایەخدانی زیاتر بەگەشت وگوزار بەتایبەتی لەلایەن چینی سیاسیەکان، لەم سەردەمدا گەشت و گوزار پەرەی سەند لەسەر ئاستی تاکی سیاسی و سەربازی، بۆ خزمەتی دەوڵەتە زلهێزەکان و بەتایبەت گەشتی ڕۆژهەلاتناسان، سەدەی نۆزدە دەسپێکی گرنگیدانبوو بەشوێنەوار و گەشت و گوزار، سات بەدوای ساتیش ئەو گرنگیدانە بەرەو هەڵکشان دەچوو، هاندان و ڕێگەخۆشکردن بۆ گەشتیار و ڕۆژهەلاتناسەکان لەوەوە ئاماژەی گرتووە لەکتێبی(العهد القديم)(٢) بەشێوەیەکی تایبەت باس لەوەکراوە گەریدە و ڕۆژهەلاتناسەکان سەردانی ناوچە و شوێنە شارستانیەتە دێرینەکانیان کردووە بەدیاریکراویش وڵاتانی خۆرهەلاتی ناوەراست، لەگەڵ سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەی زایینی لەدیارترین چالاکیەکانی شوێنەواری و گەشت و گوزار لەناوچەی خۆرهەلاتی ناوەراست لەنێوان دوو دەوڵەتی زلهیزی گەورە دەبینیەوە ئەوانیش ئینگلتەرا و فەرەنسا بوون، ئەم دوو دەوڵەتە ڕابوون بەناردنی چەندان نوێنەر و تیمی شوێنەواری، دوای ئەوەی لەڕووی سیاسیشەوە بۆیان گونجاوبوو، ئەو نوێنەر و تیمانە بنێرن بۆ کۆنترین شارستانیەتی مرۆڤایەتی لەخۆرهەلاتی نزیك بۆ نموونە عیراق و وڵاتی شام و میسر، دیارە ئەو نوێنەر و تیمانە کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر پرۆسەی چالاککردنی گرینگیدان بەشوێنەوار لەوسەردەمەدا، هەروەها ڕووکردنەکارکردن و دۆزینەوەی شوێنەوارییەکان بەتایبەتی لەوناوچەیەدا، بۆ شوێنە سەرنج ڕاکێشەکانی ڕۆژهەلات خاوەن کلتور و شارستانیەتی گەورەن، میسۆپۆتامیا و کوردستانی کۆن بەشێکبوون لەو شوێنانەی گەریدەکان باسکراوە، لەوماوەیەدا هۆتێل و میوانخانە گەورەکان سنووردرابوون بۆ ئەمەش بەشێك لە گەریدەکان پەنایان دەبردە بەر خاوەن هۆز و خێڵەکان بۆ مانەوە و دالدەدا زیاتر بۆ پاراستنی ئەو مەبەستەی بۆی هاتبوون.(٣)

---

١- ڕوستی ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣٩

٢- پەرتوکی (العهد القديم The Old Testment) (بریتییە لە پەرتووکی یەهودی ، بەوەش ناودەبرێت لەگەڵ تەورات پێکچوی یەکن)

٣- ئەلعزاوی، سەرچاوەی پێشوو، لا ٦١ ، ٥٨

## ٣,٣- گەشت وگوزار لە سەدەی (بیست تاکو ئێستا)

لەدوای جەنگی جیهانی دووەم لەساڵی(١٩٣٩_١٩٤٥ز) گەشت و گوزار گۆڕانکاری زۆری بەخۆیەوەبینی، گرینگترینیان بریتیبوو لەگۆڕانی گەشتیاری تاك بۆ گەشتیاری بەکۆمەڵ، ئەمەش بەهۆی بوونی سەقامگیری و ئارامی وڵاتەکان هەروەها دەستەبەرکردنی مافەکانی کرێکار بووە هۆی پەرەپێدانی کەرتی گەشت و گوزار.(١)

ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچە سەرنجڕاکێش و باسکراوەکان ئارەزوومەندانی زیاترکردووە، جێگای ئاماژەیە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا لەسەدەی بیست و بیستویەك جیهانی بچوك کردووە، وایکرد مرۆڤ ئەو شوێنەی بیەوێت گەشتی بۆ بکات، ئەمەش برەویدا بەگرینگیدان بەلایەنی گەشتیاری وەك سەرچاوەی داهاتە نەتەوەکان و لەهەمان کاتدا بۆ شوێنە دوورەکان، بەمەش داهاتی نیشتیمانی ڕاهێنانی سەرچاوە مرۆییەپێویستەکان لەلایەن کەرتی گەشتیارییەوە دەهات بۆ ئەوەی ئاسانکارییە گەشتیارییەکان بتوانن ڕۆڵی خۆیان وەك پێویست جێبەجێ بکەن، لێرەدا بەوە دەگەین گەشەپێدانی گەشتیاری ئامانج لێی بەدەستهێنانی زیادبوونێکی هاوسەنگ و بەردەوامبێت لەسەرچاوە گەشتیارییەکان، وەبەرهێنان لەکەرتی گەشت و گوزاردا پێویستی بەهاوئاهەنگی سیاسی جۆراوجۆر و خزمەتگوزاری ئابووری هەیە .(٢)، سەبارەت بەسوودەکانی گەشت و گوزار لەسەردەمی مۆدێرن، چیتر گەشت و گوزار تەنها لەچینی دەوڵەمەند و کەمتێچووی گەشت و پەرەپێدانی شوێنی مانەوە سنوردارنییە، گەشت و گوزار لەگەشتی تاکە کەسییەوە پەرەی سەندووە و بۆ گەشتی گروپی دوای دابینکردنی خزمەتگوزاری و میوانداری، گەشەپێدانی گەشتیاری بۆتە بەشداربوویەك لەگەشەسەندنی ئابووری جیهانی، بەستنەوەی پلانی گەشەپێدانی گەشتیاری لەگەڵ پلانەکانی تری بوارەکانی ئابووری.(٣)



وێنەی ژمارە ٧ (گەشت و گوزار لە سەدەی ٢٠)

https://www.google.com/url?sa=i&url=https%3A%2F%2Fwww.europeana.eu%2Fen%2Fblog%2Ftravelling-for-pleasure-a-brief-history-of-tourism&psig

١- روستی، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٠

٢- خضرة، جلال بدر، مصطفى يوسف كافي، تاريخ السياحة ، ج ١ ، قاهرة ، ٢٠١٧ ، ص١٧

٣- كمال ، رؤي طارق، مبادي السياحة، بغداد، ٢٠٢٠، ص ٢

## ٤,٣- كورتەیەك دەربارەی (ڕێكخراوە گەشت و گوزاریەكان لە جیهان)

١- لەساڵی(١٨٩٨ز) یەكەمین ڕێكخراوی نێودەوڵەتی بۆ سەرپەرشتیكردن و ڕێكخستن و پەرەپێدانی گەشت و گوزار بەناوی (یەكسانی كۆمەڵگاكانی گەشت و گوزار)دامەزرا.

٢- وە لەساڵی(١٩٢٥ز) لە لاهای (كۆنگرەی نێودەوڵەتی كۆمەڵە فەرمیەكانی گەشت و گوزار)دامەزرا.(١)

٣- لەساڵی(١٩٤٩ز) (ڕێكخراوەی گەشت و گوزاری نێودەوڵتی) لەشاری مەدرید لەئیسپانیا سەریهەڵدا بەمەبەستی پێشكەوتنی چەمكی گەشت و گوزار، لەفەرهەنگی ئۆكسفۆرد ووشەی(tour) لەبنەڕەت بەزاراوەی(Tourism) دادەندرێت بەمانای گەشتەكە لەماڵەوە دەستپێدەكات. (٢)

٤- گەشت و گوزار چالاكیەكی مرۆیی و كۆمەلایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری و كلتووریيە گەشتیاران ئەنجامیدەدەن وەك دیاردەیەكی مرۆیی و شارستانی سەریهەڵداوە، چەندین دەوڵەت گرینگیان پێداوە لەساڵی(١٨٩٨ز) یەكەمین ڕێكخراوی نێودەوڵەتی بۆ سەرپەرشتیكردن و ڕێكخستن و پەرەپێدانی گەشت و گوزار بەناوی(یەكێتی نێوەدەوڵەتی كۆمەڵگاكانی گەشت و گوزار)دروستبوو.

٥- یەكەمین پێناسە بۆ گەشت و گوزار دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم لەساڵی (١٩٠٥ز) لەلایەن (جویر فرۆیلەر)ی ئەڵمانی كرا، دواتر لەلایەن زانایان (هۆنزیكر)-(علاالدين الكبرى) پێناسەی جۆراوجۆری بۆ كراوە.(٣)

---

١- عبدالرحمن، سردار، بزاڤی گەشت و گوزار لە هەرێمی كوردستان، بەرگ ١، سلێمانی، ٢٠١٩، لا ١٢-١٣

٢-دانیال، بنیامین یوخنا، فەرهەنگی گەشت وگوزار، لا ٨٤

٣- عەلی ، دلێرمحمد ، ڕۆڵی شوێنەوار و كەلەپوور لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی كوردستان-عێراق ، ماستەرنامەبڵاونەكراوە ، كۆلێژی ئاداب ، زانكۆی صەلاحد ین، بەشی شوێنەوار، هەولێر، ٢٠١٩، لا ١٥

### ٣,٥- جۆرەکانی گەشت و گوزار

لەم سەدەیەدا کەرتی گەشت و گوزار بەخێراترین کەرتی گەشەکردوو دادەندرێت لەڕووی پشتیوانی و دەستکەوتی دراوی بیانی و بەرهەمی ناوخۆیی و کاردا، شەش جۆر گەشت و گوزار هەیە بەگشتی، ئەوانیش:

**١- کات بەسەربردن و وەرگرتنی ئەزموون:**

**گەشت و گوزاری دەرەوە:**

بریتیە لەو گەشتەی مرۆڤ بۆ دەرەوەی وڵاتەکەی خۆی ئەنجامی دەدات.

**گەشت و گوزاری ناوخۆ:**

بریتیە لەوگەشتەی گەشتیارانی یەك وڵات لەشارەکانی ناوخۆی وڵات ئەنجامی دەدەن، ڕوو لەوڵاتانی دەرەوە ناکەن، ڕەنگە بەهۆی سنورداری دەستکەوتە ئابوریەکانەوەبێت، زیاتر ئەم جۆرەیان بۆخۆشی و ڕابواردن و کات بەسەربردنە, مرۆڤ هەردەم ئارەزوو دەکات ماندووبوونی دەروونی و جەستەیی لەکارکردن و لەژیانی ڕۆتینی ڕۆژانە دەیچێژێ، بەهۆی شوێن گۆڕین و هەوا گۆڕین و بەسەربردنی چەند کاتێکی پڕ لەشادی لەبیرخۆی بباتەوە و هێزێکی نوێ بەسەرخۆیدا بکات، بۆیە ئامادەیە ئەم جۆرە گەشتانە بۆ ئەو شوێنە ئەنجام بدات و زۆر خۆشی لە دیمەنەکان و لە ئاووهەوای وەربگرێت.([١])

**٢- گەشت و گوزاری چارەسەر:**

گەشتی چارەسەری: لە هەرێمی کوردستانی عیراق دوو جۆر گەشت و گوزاری چارەسەری هەیە:-

یەکەم چارەسەری سروشتی: لەسروشتدا ژمارەیەك کانیاوی کانزایی جۆراوجۆر هەیە بۆ چارەسەری نەخۆشی (پێست) زەرتك و چەند جۆرە نەخۆشی تر بەکاردێت. هەروەها ناوچەی هەوا پاك و خاوێن و سروشتی جوان هەیە بۆ چارەسەری نەخۆشی دەرونی بەسوودە.

دووەم چارەسەری مرۆیی: سەرجەم نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە ، بەتایبەتی کەرتی تایبەت بەم هۆیەش گەشتیاران لەشارەکانی تر ڕوو لەهەرێمی کوردستان دەکەن، ئەم جۆرە گەشت و گوزارە لە پێشکەوتن و گەشەسەندن دایە.

---

١- ملوخية، المصدر السابق، ٢٠٠٨، ص٢٨

**ئەم جۆرەشیان لەم سالانەی دووایی زۆر بەکاردێت پزیشکەکان وەك چارەسەر:**

**چارەسەر لە ڕێگای سروشتی و ئاو و هەوای پاك**

بریتیە لەم جۆرە گەشت و گوزارە سوودی هەیە بۆ مرۆڤ بەتایبەتی ئەوانەی دووچاری نەخۆشی بوونەتەوە وەك تەنگەنەفەسی یاخود چەندین کێشەی تر، وادەکات بەهۆی گەشتکردن بۆ ناوچە شاخاویەکان زووتر چارەسەربکرێن.

**چارەسەر بەهۆی کانیاوە دەرماناویەکان**

زۆرێك لەخەڵکی دووچاری کێشەی پێست دەبنەوە ئەمانەش بەهۆی ماددەی کیمیاوی و پیسبوونی ژینگەی دەوروبەر، بۆیە هەندێك لەناوچەکان کانیاو و خۆڵ و ڕووەکی سروشتی تێدایە، وادەکات بەئاسانی چارەسەر وەربگرن بۆ چاکبوونەوە لە نەخۆشیەکان.( ١ )

## ٣- وەرزشی و پاڵەوانیەتی:

گەشتی سەرکەشی: هەرێمی کوردستانی عیراق دۆڵ و چیا و دارستان و ڕووباری گەورە و بچوکی هەیە، گەشتیاران دەتوانن هەڵگەڕێن بەسەر چیاکانی هەڵگورد و پیرەمەگرون و کۆڕەك و برادۆست و شیرین و سەفین، دەتوانن لەناودۆڵە درێژ و قوڵەکان و ڕووبارە پێچاوپێچەکان چالاکی گەشتیاری یاری(ڕەفتینگ) ئەنجامبدەن، چەندان ئەشکەوت هەیە قوڵی و درێژی و پێکهاتەکەی نەزانراوە وە لوتکە چیای زۆر هەیە بەکەمی بینراوە، سالأنە ژمارەیەك گەشتیار لەولأتان بۆ ئەم جۆرەی گەشت و گوزارە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن. هەواداران و وەرزش دۆستان بۆ مەبەستەی بینینی یارییە وەرزشیەکان و بەسەربردنی چەند کاتێکی خۆش لەبەرامبەر یاریەکان سەردانی ئەو ولأت و شوێنانە دەکەن یاریە بەناوبانگەکان تێیدا ئەنجام دەدرێت.( ٢ )

---

١- ابراهیم ، زێرین ستار، گەشت و گوزاری چارەسەری(پزیشکی) و توانستەکانی گەشەکردنی لە شاری هەولێر، ماستەرنامە بڵاونەکراوە، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحدین ، بەشی جوگرافیا ، هەولێر، ٢٠١٦ ، لا٥-٧

٢- عمر، شیما نعمان ، ئەوانی تر، ڕۆلی شوێنەوار لە گەشەپێدانی گەشت و گوزاردا ، هەولێر، ٢٠٢١ ، لا ١٩

## ٤- مێژووی و کلتوری و شوێنەواری:

**ئەم گەشتە تایبەتە بەوانەی ئارەزووی بینینی شوێنەوارەکان دەکەن بەمەبەستی لێکۆڵینەوە و چێژ وەرگرتن لەڕابردووی مرۆڤایەتی لەولاتان بوونی هەیە , لەگەڵ ئەوەشدا لەهەرێمی کوردستان شوێنەوارێکی زۆر بوونی هەیە بەلأم گرینگی پێنەدراوە، وەك ئەرکێکی نیشتیمانی لەچوارچێوەی پاراستن و نۆژەنکردنەوە بۆمانەوە و بایەخدان بەشوێنەوارێکی گەشتیاری**

**گەشتی شوێنەواری :**

**لەهەرێمی کوردستانی عیراق زیاتر لە(٣٥٠٠) بنکەی شوێنەواری هەیە , ژمارەیەك لەم شوێنەوارانە گرینگن بۆ گەشت و گوزار وەك قەلأکانی (هەولێر، خانزاد، دێرێ، دوین، سارتکە، ئاکرێ، ئامێدی، رواندوز، شێروانە، بەرزنجە) هەروەها ژمارەیەك هەڵکوڵدراو هەیە وەك (قسقاپان، خنس، هەلامتان) لەگەڵ ژمارەیەك پەیکەری هەڵکولدراو وەك (هەریر، دەربەندی بێلولە، دەربەندی گاور، میرقولی) ژمارەیەك ئەشکەوتی شوێنەواری گرینگ لەکوردستان هەیە وەك ((شانەدەر مرۆڤی نیاندرتالی تێدا ژیاوە زیاتر لە(٩) ئێسکە پەیکەری لێدۆزراوەتەوە و مێژووەکەی بۆ(٦٠) هەزار ساڵ بەرلەزایین دەگەڕێتەوە , ئەشکەوتی چوار ئەستون پەرستگای ئایینی زەردەشت بووە, گوندێك چەند وێنەی هەڵکوڵدراوی لەسەرە ئەشکەوتی بێستون و هەودیان و چەمی ڕێزان و هەزارمێرد و زەرزی کەل و پەلی شوێنەواری لێدۆزراوەتەوە)) لەمۆزەخانەکانی شاری سلێمانی و هەولێر و دهۆك هەیە و هەزاران پارچەی شوێنەواریان تێدایە، ژیانی کشتوکاڵی (١٠٠٠٠پ.ز) لەنشینگەی زوی چەمی (٧٠٠٠پ.ز) لەگوندی چەرمۆ دەستیپێکردووە، شوێنەوارەکان ئامادەن بۆ پێشوازی لە گەشتیاران.**



وێنەی ژمارە ٧ (گەشتی زانستی کۆیە). توێژەر
بەرواری:٢٠٢٢/٢/٢٣

**گەشتی کلتوری:**

لەکوردستانی عیراق نەتەوەی کورد و تورکمان و ئاشوور و کلدان و ئەرمەن و عەرەب دەژین , لەناو کورددا چەند هۆز و تیرەیەکی جیاجیا دەژین , هەریەك لەو نەتەوە و تیر و هۆزانە خاوەنی داب و نەریت و مەڕاسیم و جل وبەرگ و شێوەزار و زمانی تایبەت بەناوچەکەیانن. خاوەنی کەل وپەلی دروستکراوی خۆیانن لەبواری کشتوکاڵکردن, کەرەستە و کەلوپەلی ناوماڵ, خشڵ و کەرەستەی خۆرازاندنەوە, لەدروستکردنی جلوبەرگ و لەبەرکردنیان، لەجۆری خواردن دروستکردن, کەلوپەلی هونەری...هتد. ئەمانە وایانکردووە کۆمەڵگای کوردستان خاوەنی چەندان مۆزەخانەی کلتوری جۆراوجۆرە لە شارەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی , چەندان بەرهەمی پیشەیی دەستی کوردستانی هەیە و ئێستاش بەشێکیان بەردەوام دروست دەکرێنەوە و دەخرێنە بەردەست گەشتیاران، ئەم جۆرە گەشت و گوزارە بریتیە لەبینین و سەیرکردن و ناسینی داب ونەریت و کەلەپور و پیشەدەستیەکان ساڵانە ئەنجام دەدرێت لەڕێگای ڤیستیڤاڵ و شوێنە گەڕۆکەکان لەوڵاتان, خۆشحاڵین لەم چەند ساڵانەی دوایی کوردستانیش بێبەشنەبووە لەم جۆرە گەشت و گوزارە لەپارکی سامی عبدالرحمن ئەنجام دەدرێت بۆ ناساندنی مێژوو و کەلەپور و بازاڕەکانی وڵاتان، هەروەها سەردانکردنی مۆزەخانەکان وەك مۆزەخانەی نیشتیمانی هەولێر و قەڵای هەولێر.(١)

**٥- شوێنە ئایینیەکان:**

گەشتی ئاینی: هەرێمی کوردستان ناوەندی ئایینیە کۆنەکانی وەك میترایی و زەردەشتییە، لەسەر زەوی بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانەی ئاینەکانی وەك: (ئیسلام، کریستیان، ئێزیدی، کاکەیی) وەکۆمەڵێك باوەڕ و ئایینی دیکەیە، جێگای سەرهەڵدانی زۆر لەپەیامبەرانی وەك: (زەردەشت، ابراهیم خلیل الله، دانیال)بووە، ژمارەیەکی زۆر لەمزگەوت و کلێسا و مەزارگەی کۆن لەکوردستان بەرچاو دەکەون و هەرئەمەش هۆکارێکی بنەڕەتییە بۆ ڕاکێشانی گەشتیارانی ناوخۆ و دەرەوە بۆ زیارەتی شوێنە ئاینیەکانیان و نزاکردن، هەروەها بۆ ڕێزگرتن لێیان دێنە ئەو شوێنانە، بەشێك لەو گەشتیارانەی لەدەرەوەدێن، بۆ زیارەتی مەزاری شێخەکانی(بیارە، تەوێڵە)دێن کەوتوونەتە ناوچەی هەورامان لەپارێزگای هەڵەبجە، دەکرێت باسی هەندێ نموونە لە شوێنەکانی ئایینی ئەو وڵاتەبکەین، وەك مەزارەکانی (کاك احمەدی شێخ، شێخی باڵەك، سوڵتان موزەفەرەددین لەهەولێر و شێخ عبدالقادری گەیلانی)، لەمەزارگەکانی هەڤاڵانی کریستیانیش (مار ڕەبەن بۆیە، مار بینیاقەدیشا لەهەولێر)، گەورەترین پەرستگای ئێزیدیش لەجیهاندا بریتییە لە(پەرستگای لالش) لە شاری شێخان لە نزیك دهۆکە.

یەکێکە لە جۆرەکانی گەشت و گوزار بۆ دوو مەبەست بەکاردێت، بۆ جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمە ئایینیەکان و پاڕانەوە لەخودا و تەوبەکردن، ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لەهاوڵاتیان گەشت دەکەن بۆ شوێنە پیرۆزەکان لەوڵاتانی جیاجیا لەوانە مەککەی پیرۆز بۆ سونەکان،

---

١- شاخەوان ، دڵشاد سلیمان ، شوێنەوار وکەلەپوور میرات و ناسنامەی گەڵەکەمانن ، سلێمانی ، ٢٠١٩ ، لا ٢١

(خاکی پیرۆز) بۆ شیعەکان لەشاری نەجەف و کەربەلا دەکەونە عێراق، لەولاَتانی وەك ئێران، بۆ بینین و شارەزابوون لەو شوێنە ئایینیانەی تایبەتن بەبەشێك لەنەتەوە دواکەوتوەکانی ئایینەکانی تر دەیانەوێت سەردانیبکەن ببینن یاخود لێکۆڵینەوە بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوە.(١)



وێنەی ژمارە ٨ (گەشتی زانستیپەرستگای لالش). توێژەر
بەرواری : ٢٠٢٢/١٢/١٨

## گەشت و گوزاری پێشانگا و بۆنەکان

بەدووەم گرینگترین جۆری گەشت و گوزار دادەنرێت لەهەرێمی کوردستان، دەستکەوتێکە بۆ پەرەپێدانی ئابووری و ڕاکێشانی گەشتیاری بیانی هەروەها لەکاتی ئەنجامدانی کۆنسێرت و ڤیستیڤاڵ بەڕێوەچوونی هەندێك بۆنەی گرینگی نیشتیمانی وەك ڕۆژی ئالاَ و نەورۆز...هتد. گەشتی پێشانگا و کۆنفراسەکان جۆرێکی گرینگە لەجۆرەکان گەشتیاری، پیشەسازی گەشتیاری بەباشترین پیشەسازی دادەندرێت لەجیهان، لەئێستادا لەهەرە کەرتە گرینگەکانی بازرگانی نێودەوڵەتییە، گەشتیاری لەڕوانگەی ئابوورییەوە دادەندرێت بەکەرتێکی بەرهەمهێنان، ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێت لەبەرزکردنەوەی مووچەی نەتەوەیی، و باشکردنی بالاَنسی خەرجکردن، هێنانە ناوەوەی پارەی بیانی (بۆ نموونە دۆلار)، هەلی کەڵك وەرگرتن لەکرێکاران و خۆی لەخۆیدا ئامانجێکە بۆ بەئەنجام گەیاندنی بەرنامە جۆراوجۆرەکان گەشەپێدان.(٢)




وێنەی ژمارە ٩ ( پێشانگی سامی). توێژەر
بەرواری : ٢٠٢٣/٦/٩

١- ڕوستی ، سەرچاوەی پێشوو ، ٢٠١٠ ، لا ٦٩
٢- ڕوستی ، هەمان سەرچاوە ، ٢٠١٩ ، لا ٢٣

### ٦,٣- گەشتیار

گەشتیاری سەرجەم ئەو چالاكیانە دەگرێتەوە گەشتیاران ئەنجامی دەدەن كاتێ لەدەرەوی شوێنـی نیشتەجێبوونی خۆیـان لەماوەی (٢٤) كاتـژمێر بەمەبەستی دەربڕینی كاتـێكی خۆش یاخود بازرگانی. گەشتیار هەمیشە گرینگی بەو تایبەتمەندیانە دەدات سروشت پێشكەشی دەكات. گەشتیار چەمكێكی زۆر گرینگە و سەرچاوەیەكی باشە بۆ بەهێزكردنی ژێرخانی ئابووری لەهەرێمی كوردستان، شاری هەولێر بەتایبەتی بەلاَم تاكو ئێستا لەقۆناغێكی پێشكەوتوودانییە, پیشەسازی گەشتیاری زۆر سوودبەخشە پێویستی بەدانانی چوارچێوەیەكی ستراتیژییە بۆ گەلاَكردنی نەخشەیەكی بنەڕەت بۆ گەشتیاری.(١)

(روبنسون): پێیوایە گەشتیاری بریتیە لەگواستنەوەی تاكەكان بۆ دەرەوەی سنووری سیاسی ئەو ولاَتانەی تێیدادەژین یان نیشتەجێن.

هەرچی ئەكادمیای نێودەوڵەتی گەشتیاری: دەڵێت بریتیە لەكۆمەڵێك گواستنەوەی خەڵك یان مرۆیی و چالاكی دەرهاوێشتەی ئەم ئەنجامانەی بەهۆی دوركەوتنەوەی مرۆڤەكان لەسنووری شوێنی ژیانی خۆیان بۆ بەدیهـێنانی ئەو حەز و ئارەزوانەی دەریدەبڕێت لە ناخی هەرتاكێكدا.

هەروەها ڕێكخراوی گەشتیاری جیهانی: بڕیاری لەسەر ئەوەداوە گەشتیاری كۆمەڵێك پەیوەندی و خزمەتگوزارییە, دەرئەنجامی گەشتـكردن و مانـەوەیە تا ئەم ڕاددەیە پێویستە.(٢)

بەشێوەیەكی گشتی گەشتیار دەستەواژەیەكی گشتگیرە بۆ چەندان بەرهەم و ئاوێتەی ئابووری و خزمەتـگوزاری بەكاردێت، لەلایەكی ترەوە لێكۆڵەری ئینگلیزی (نورفال) بەم شێوەیە تیشك دەخاتەسەر گەشتیار وا پێناسەی دەكات(گەشتیار ئەو كەسەیە دەچێتە ولاَتێكی بیانی بۆ هەرمەبەستێكبێت تەنها مەبەستی مانەوەی بەردەوام یان كاركردنی بەردەوام نییە)، گەشتیار بەمانای جوڵە و گەشتی بڕینی دووریەك و گەڕانەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوون دێت, هەركەسێك بەشـێوەیەكی كاتی لەناوەخۆ و دەرەوەی ولاَتدا مایەوە پێیدەگوترێت گەشتیار.(٣)



وێنەی ژمارە ١٠ ( گەشتیار).
https://images.app.goo.gl/YYiYwj8y3aqk3KHz7

١- ملوخیة، المصدر السابق ، ص١٢
٢-الشرقاوی ، .فتحی محمد ، مبادی علم السیاحة ، ٢٠٠٥ ، لبنان ، ص١٩
٣-احمد ، ڕێناس عزیز، پلانی ستراتیژی گەشت و گوزار هەریمی كوردستان-عێراق ، لا ١٢

پێناسەی گەشتیار وەك پێناسەی گەشت و گوزار ئالۆزنییە و جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، دەتوانین بەم جۆرە پێناسەی بکەین: ((گەشتیار ئەو کەسەیە گەشت دەکات بۆ دەرەوەی شوێنی خۆی ئەمەش بەهەر هۆیەك بێت وە پێویستە زیاتر لە(٢٤) کاتژمێر بمێنێتەوە بەڵام ئەگەر هاتوو کەمتربێت لەم ماوەیە بەسەیران دەژمێردرێت وە پێناسەیەکی تریشی هەیە زانای ئەڵمانی (جوید فردیلە) دەیخاتەڕوو (دیاردەیەکی سەردەمیە بۆ خۆشی و شادی دەربڕین بەکاردێت)).[1]

## گەشتیاری دابەش دەبێت بەسەردوو جۆر

١- گەشتیاری نێودەولەتی: ئەو کەسەییە گەشتی دەرەوەی وڵات دەکات لایەنیکەم شەوێك((واتا زیاتر لە ڕۆژێك و کەمتر لەسالێك)) بۆ وڵاتێکی تر گەشتبکات جگە لەم وڵاتەی تێدا نیشتەجێبووە، بۆ هەمیشەیی پێویستە لە(١٠٠کم) زیاتربێت بەجۆرێك ئامانجی سەرەکی سەردانەکەی کات بەسەربردن و چێژ وەرگرتن بێت نەك بۆ بەدەستهێنانی پارەبێت.

٢- گەشتیاری ناوەخۆ: ئەو کەسەییە لەناوەخۆی وڵات گەشتدەکات بۆ شوێنیکی تر، دوور لەماڵەکەی بەلایەنی کەم دەبێ (( زیاتربێت لەشەویك(٢٤) کاتژمێر کەمتربێت لە(٦)مانگ)) بەجۆرێك ئامانجی سەرەکی لەگەشتەکەی نەیکات بەکرێچی و لەشوێنی مانەوەی بەژداریکردن لەکاروباری ڕۆژانەی وەرگرتنی مووچە.[2]

---

١-احمد ، ئاشنا اسماعیل ، پەرەپێدانی گەشت و گوزار ، هەولێر ، ٢٠٢٣ ، لا ٣-٥

٢- ڕۆستی ، سەرچاوەی پێشوو ، ٢٠٢٠ ، لا ٢٥

**بەشی دووەم:**

**میکانیزمی بە گەشت و گوزاری شوێنەواری شاری هەولێر**

**تەوەرەی یەکەم:**

**قەلاَی هەولێر ، پەرەپێدانی گەشتیاری**

**یەکەم جوگرافیا ومێژوو ، قەلاَی هەولێر**

**دووەم – پێکهاتەی ئێستای قەلاَی هەولێر**

**١,١- گەڕەکەکانی قەلاَی هە ولێر**

**١,٢- مزگەوتی قەلاَی هەولێر**

**١,٣- گەرماوی گشتی قەلاَی هەولێر**

**١,٤- دەروازەکانی قەلاَی هەولێر**

**شووراى قەلاَی هەولێر**

**تەوەرەی دووەم**

**یەکەم-میکانیزمی پەرەپێدان و بەگەشتیارکردنی قەلاَی هەولێر:**

**دووەم- میکانیزمەکانی پاراستن لەکاتی نۆژەنکردنەوەی قەلاَی هەولێر بەرلە گەشتیارکردن:**

**سێیەم- چۆنیەتی بە گەشتیارکردنی قەلاَی هەولێر:**

**چوارەم- خانووە کەلەپووریەکان:**

**پێنجەم- مۆزەخانەکان:**

**شەشەم- ئەتیکەخانەکانی قەلاَی هەولێر:**

**حەوتەم- مالَی گۆرانیە کۆنەکان:**

**هەشتەم- سەنتەری ڕۆشنبیری قەلاَی هەولێر:**

**نۆیەم- قاوەخانەی کەلتووری قەلاَ:**

**دەیەم- ئاماری گەشتیاری سەردانکەرانی قەلاَی هەولێر:**

## تەوەرەی یەکەم / قەڵای هەولێر و ، پەرەپێدانی گەشتیار:

### یەکەم- جوگرافیا و مێژووی قەڵای هەولێر:

قەڵایەکی مێژوویی و شوێنەواری شاری هەولێرە، بریتییە لەقەڵایەك ئێستا لەسەر پاشماوەی گردێکی شوێنەواری کۆن هێلکەیی بنیاتنراوە، و لەدەشتی هەولێر، ڕووبەرەکەی نزیکەی (١١٠٠٠٠م٢)یە، بەرزیەکەی (٣٢م)ە، (٤٣١م)ە لەئاستی ڕووی دەریاوە.(١)

دەشتی هەولێر دەکەوێتە نێوان هەردوولقی زێیەکانی گەورە و بچوکی ڕووباری دیجلە، دیجلە لەبەرەی ڕۆژئاوایەتی و ڕۆژهەڵاتی سنووری ئێران- عیراق

ئەم قەڵایە خاوەنی پێگەیەکی شارستانیەتی کۆنە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست و هەرێمی کوردستانی عیراق ، کەوتۆتە ناوەڕاستی سەنتەری شاری هەولێر دەڕوانێت بەسەر شارەکەوە بڕوانە نەخشەی ١ .(٢)

قەڵای هەولێر، خاوەنی کۆمەڵێك فۆڕمی تەلارسازی گرینگە مێژووی ئەو گردەی قەڵای لەسەر دروستکراوە بەدرێژایی (٦٠٠٠) ساڵ زیاتر تا ئەمڕۆ ژیانی تێدا بەردەوامە ، بۆیە کراوە بەیەکێك لەکۆنترین شوێنی نیشتەجێبوون لە ئاستی جیهان، و لەساڵی (٢٠١٦ز) خراوەتە لیستی پاشماوەی کلتوری و پارێزگاری UNESCO ەوە .(٣)




وێنەی ژمارە ١١ ( قەلا).
https://images.app.goo.gl/CNBDM1dMYqH5zEKE8

---

١- محمد ، کەنار ابوبکر ، قەڵای هەولێر، هەولێر ، ٢٠٢٢ ، لا ٣

٢- اسماعیل ، زوبیر بیلال ، اربیل في ادوارها التاریخیة ، جنف ، ١٩٧١ ، ص ٨٥

٣- الزوکانی ، خلیل حسن ، قلعه اربیل من القلاع الشامخه في التاریخ ، بغداد ، ٢٠١٤ ، ص ٤٨

سەرەتای دروستبوونی قەلای هەولێر تائێستا ڕوونەبۆتەوە لەکەیەوە دروستکراوە بیروڕای جیاوازهەن سەبارەت بە دروستکردنی باوەڕوایە سەرەتای دروستبوونی لە (٣٠٠٠)ساڵ پ.ز بووە.(١)، زانای ئەمریکی (ئێدوارد کیرا) مامۆستای زانستی ئاشوریەکان لەزانکۆی شیکاگۆ دەڵێت: لەولاتی دووروبار هەندێك شار هەن تائێستا خەڵکیان تێدادەژی ، کەچی لە بنەڕەتدا لەسەر گوند و شاری کۆن دروستکراوە لەوانەش شاری هەولێر و شاری کەرکوك، ئەوەی لەسەر تەپۆلکەی ئەم گردە دێرینە بڕوات شوێنەواری چەندین شارستانیەتی کۆن بەدی دەکات.(٢)

بۆ یەکەمین جار لەسەرچاوە مێخیەکاندا لەسەر پارچەیەك لە تابلێتی قوڕین لە(ئیبلا)دۆزراوەتەوە لە سوریا ئاماژە بە شاری هەولێر کراوە ، بەلام هیچ ئاماژەیەکی ڕوون بۆ قەلاکەی نەکراوە.(٣)

قەلاکان لە زمانە کۆنەکان پێی دەگوترێت(خالی- Halsi)، یاخود پێی دەوترێت(بڕتو- Birtu) یان(بشتو- Bistu ) قەلا وەکو پەناگەیەك بۆ مانەوە یان سەنگەرکردنی سوپا بەکارهاتووە.(٤)

پێگە و هەلکەوتەی شاری هەولێر گرینگ بووە، بەشێوەیەك هەرپاشماوەیەکی شۆمەری دەستی بەسەرشارەکەدا گرتبێت شانازی بەخۆیەوە کردووە لە دەقەکانی سەردەمی سۆمەری نوێ (٢١١٢-٢٠٠٤ پ.ز) بەتایبەتی لەسەردەمی پاشا شولگی ئاماژە بە قەلای هەولێر کراوە.(٥)



وێنەی ژمارە ١٢ ( شاری هەولێر).
https://images.app.goo.gl/CNBDM1dMYqH5zEKE8

---

١- محمد ، شیراز شیخ ، موجز عن تاریخ قلعه اربیل ، موصل ، ٢٠١٧ ، ص ٥٢

٢- کیرا ، ئیدوارد ، کتبوا علي الطين ، ترجمة محمود الامين ،١٩٦٤ ، ص ٨٧

٣- الفەهداوی، هەمان سەرچاوە ، ٢٠٠٩، ل٧١٨

٤- الفەهداوی، یوسف خەلەف عبدلله، خوێندنەوەیەك بۆ قەلای هەولێر، ئینسکلۆپیای هەولێر، هەولێر، چاپی ١، بەرگ٣ ، ٢٠٠٩، ل٧١٧

٥- پاشا شولگی( ٢٠٩٤- ٢٠٧٤) کوری پاشا ئورنمایە بۆماوەی ٤٨ساڵ حوکمی کردووە ناوی لە لیستی پاشاکانی بنەماڵەی سێیەمی ئور(٢١١٣-٢٠٠٦) شولگی پیرۆز هاتووە.باقر، تەها، سەرەتایەك بۆ مێژووی شارستانیەتە دێرینەکان، بەرگ١،سلێمانی،٢٠١٨،ل١٦٥

ناوی شاری هەولێر بە (ئوربیلوم) هاتووە، بەدرێژایی هەزارەی دووەم پ.ز گۆڕانکارییەکی ڕێژەیی لەناوەکەیدا ڕوویداوە بەشێوەیەك لەماوەی دەسەڵاتی ئاشووری و بابلیشدا ناوی شاری هەولێر بە(ئەربائیل) هاتووە بەتایبەتیش لەسەردەمی ئاشووری نوێ (٩١١-٦١٢پ.ز)، زاراوەی ئەربائیل هاوتایە لەگەڵ ئاربائیلۆ بەکۆنترین ناو گوزارشتدەکرێت، ئەودەم پەرستگای (خواوەندی ئینانا-عەشتار) سەنتەری قەڵای هەولێر بووە.(١)

لەدوای سەردەمی ئاشوری هەولێر دەبێتە بەشێك لە قەڵەمڕەویی میدی و دوای ڕووخانی میدیەکان دەکەوێتە ژێر ڕکێفی ئەخمینیەکان تاکو هاتنی ئەسکەندەی یۆنانی لە(٣٣١پ.ز) دوای مردنی ئەسکەندەر شارەکە دەبێتە بەشێك لە دەسەڵاتی سلوقی تاکو (١١٦ ز) ، ولەمەبەدواوە دەکەوێتە ژێر ڕکێفی (فرثییەکان- پارتەکان) بە(حدیابین) ناوی دێت لە(٢٢٤ز) هەولێر دەبێتە بەشێك لە دەوڵەتی ساسانی تاکو هاتنی هەڵمەتەکانی ڕزگارکردنی ئاینی ئیسلامی لە (٦٣٧ز) دەبێتە بەشێك لە فڕاوانخوازی ئیسلامی. لەساڵی (١٢٥٨ز) هەولێر دوای ڕووخانی بغداد دەکەوێتە دەستی مەغۆلەکان.(٢)

عوسمانیەکان لە ساڵی (١٥٠٨ز) شارەکەیان کردە بەشێك لە ویلایەتی موصل و بەو شێوەیە مایەوە تاکو ڕووخانی لە (١٩١٨ز) لەسەردەستی بەریتانیا لە جەنگی جیهانی یەکەم و (١٩٢٠ز) پارێزگایەك لە پارێزگاکانی عێراقی ئێستا، دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لەساڵی (٢٠٠٣ز) لەلایەن ئەمریکا و ڕووخاندنی ڕژێمی فاشیستی بەعس و تاکو ئێستا هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراقی فیدڕاڵە.(٣) لە دوای هاتنی ئاینی ئیسلام دەستکرا بەئەنجامدانی ڕزگارکردنی (فتوحات) ناوچەکان، بەتایبەتی لەسەردەمی ( عومری کوری خەتاب ) ئەم ڕزگارکردنە ناوچەکانی کوردستانیشی گرتەوە.(٤)

دوای ئەوەی کوردستان کەوتە بن دەسەڵاتی ئەتابەکیەکان سوڵتان موزەفەرەدین کەوکەبەری (٥٨٦-٦٣٠ك) توانی پارێزگاری لە قەڵای هەولێر بکات ڕوبەڕووی داگیرکەران ببێتەوە.(٥)

(یاقوتی الحموی ) واباسی کردووە لە کتێبەکەی بەناوی (معجم البلدان) قەڵایەکی توند و پارێزراوە شارێکی گەورە لە ڕووبەرێکی خاکی فراوانی ئاساییدا ، قەڵاکەشی بە چاڵێکی قوڵی کە لەلایەکی شارەکەوە دەوردراون .(٦)

---

١- رفیق ، محمد علی ، هەولێر لەسەرچاوە مێژووییەکاندا ، دووەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەنی ، بەشی مێژوو - کۆلێژی ئاداب ، هەولێر ، ٢٠١٩ ، لا ٢٣

٢- رفیق ، هەمان سەرچاوە ، ٢٠١٩ ، لا ٢٥

٣- رضار ، ئەلەند ابوبکر، حمە، ئاران لقمان، جوگرافیا و مێژووی پارێزگای هەولێر، بەرگ١، هەولێر، ٢٠١٨، لا ١٨

٤- الباشا ، حسن ، الاثار الاسلامیة ، ج ١ ، القاهرة ، ١٩٩٠ ، ص ٢٦

٥- حوسین ، موحسین محمد ، هەولێر لەسەردەمی ئەتابەکیەکان ، چاپ ١ ، هەولێر ، ٢٠١٠ ، لا ٤٥

٦- یوسف ، عبدالرقیب ، تاریخ اربیل ، ج ١ ، موصل ، ٢٠٠٩ ، ص ٧٤

## دووەم -پێکهاتەی ئێستای قەڵای هەولێر

### یەکەم : گەڕەکەکانی قەڵای هەولێر (سەرای- تەکیە - تۆپخانە)

قەڵای هەولێر لەئێستادا دەکەوێتە ناو جەرگەی شار لەسێ گەڕەکی نیشتەجی و مزگەوت و گەرماوێك و بنکەی پۆلیس پێکهاتووە، لەدوای نۆژەنکردنەوەی قەڵا لەساڵی(٢٠١٦ز) چەند بەشێکی تری بۆ زیادکراوە. پێکهاتە شارستانیەکەی پێکهاتووە لە تۆڕێکی ئالۆز و کۆڵانی تەنگەبەر و باریکی پیادەڕۆ، هەروەها خانووی کەلەپوری تێدا بەرجەستەیە، خاوەنی حەوشەی کراوەن، لەنێو قەڵای هەولێر دیوەخانەکان و تەکیەکان و خانووی کەلەپوری و باڵەخانە گشتییەکان و حەمام و مزگەوت و خانووی گەورە تێدابوونی هەیە.(١) ، لەسەر قەڵا کۆمەڵێك ماڵ و خانوو هەن ژمارەیان (٥٠٦)خانووە، خانووەکان بەشێوەیەکی نیمچە بازنەیی بەشورا لە قەڵاوە دەوردراون، قەڵا لە سێ گەڕەك پێکهاتووە بەناوەکانی (سەرا، تەکیە، تۆپخانە) لەگەڵ بوونی دوو مزگەوت و گەرماوێکی گشتی.(٢)

١- ***گەڕەکی سەرای***(٣):لەبەربوونی فەرمانگەی سەرای ئەوناوەی لێنراوە چونکە لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانی سەرای لێبووە ، لەگەڵ دامودەزگای میری تێدابووە، خانووبەرەی ئاغا و بازرگانەکان و چەند کارهەڵسوڕێنەرێکی تری شار و خانووی گەلێکیان بەنەخش و نیگار ڕازاندبۆەوە، هەندێك لەم خانووانە تائێستا وەك نموونە پارێزراوە، زۆربەیان دەکەوێتە دیوی گەڕەکی خانەقا، هەروەها باس لەوە کراوە ژمارەی خانووەکانی گەڕەکی سەرای لە ساڵی(١٩٢٢ز)(١٧٦)خانووبووە، لەساڵی(١٩٢٩ز) ژمارەکەی گەیشتۆتە (٣٢٨)خانوو.



وێنەی ژمارە ١٣ ( گەرەکی سەرای).
بەرواری ٢٠٢٤/١/٨

---

١- عزیز ، زەهرا مهدی ، شاری هەولێر ، زانکۆی صەلاحدین، بەشی شوێنەوار،هەولێر، ٢٠٢٠ ، لا ١٦

٢- خضر ، اراس اسماعیل ، العناصر المعمارية و النقوش الزخرفية في العمائر العثمانة الباقية في اقليم كوردستان / العراق ، خلال ( ١١٠٩ - ١٣٢٦ ة / ١٧٠٠ – ١٩٢٠ م ) اطروحة الدكتورا (غير منشورة ) ، جامعة القاهرة ، القاهرة ، ٢٠١٣ ، ص ٨٥ بۆ لا ٦

٣- ووشەی سەرایی بەواتای کاروان سەرای ،سەرای دەوڵەت دێت،ناوی گوندێکە لە موکوریان ، بریتیبوو لە بەشی سەرەوەی خانووەکانی بۆ ماوەی میوان و هاوڵاتیان بەکاردەهات. موکریانی ، عبدالرحمن شەرەفکەندی(هەژار موکریانی)، فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە،(کوردی- فارسی)، تاران، ١٣٦٩ه/١٩٥٠ز،لا٢٣٢

٢- *گەڕەکی تەکیە:* ئەم گەڕەکە بەشی ناوەڕاستی قەڵایە دەکەوێتە ڕووی باکووری ڕۆژئاوای قەڵای هەولێر هەروەها دەکەوێتە نێوان گەڕەکی سەرای و تۆپخانە، چەند بۆچوونێك هەیە سەبارەت بەناوونانی ئەم گەڕەکە، هەندێك دەڵێن بۆیە ناوی تەکیەی لێندراوە لەبەر ئەوەی تەکیەی (شیخ عبدالله المؤذن) لێبووە لەساڵی (١٨٣٩ز) کۆچی دوایی کردووە، شوێنەواری ئەم تەکیە کۆنە نەماوە، دوای ئەوەی شەقامی نێوان هەردوو دەرگای باشوور و باکوور ڕاکێشراو، هەندێکی تریش دەڵێن لەبەر تەکیەی شێخ شەریف لێبووە سەر بە تەریقەی (شێخ عبدالقادری گەیلانی)یە بەم ناوە ناونراوە، کۆنترین پاشماوەی ئایینی لەم گەڕەکە مزگەوتی گەورەی قەڵا بووە، هەروەها خەڵکی ڕەسەنی شاری هەولێر بەمزگەوتی مەلا ئەفەندی ناوی دەبەن و گەرماوی قەڵایە، هەروەها لەم گەڕەکەدا چەندان قوتابخانەی ئایینی بچووك هەبووە، لەوانە قوتابخانەی مەلا ڕەسول ئەفەندی. باس لەوە دەکرێت ژمارەی خانووەکانی ئەم گەڕەکە (١٣٨) خانووبووە، دانیشتووانەکەشی ژمارەیان بەپێی ئاماری ساڵی(١٩٧٧ز) (١١٤٢) کەس بووە. بڕوانە وێنەی ١٣

٣- *گەڕەکی تۆپخانە:* دەکەوێتە لای باکوری ڕۆژئاوای قەڵا، بەهۆی بوونی تۆپێك لەسەردەمی عوسمانیەکاندا ئەم ناوەی وەرگرتووە، لەدژی دوژمنان ، هەروەها ئەم تۆپە لەگەڵ بانگی ڕۆژئاوابوون، بەربانگدا، پارشێوان ساڵانە بەدرێژایی مانگی ڕەمەزان دەتەقێندرا، بەهۆی نەبوونی موکەبیرەی بانگدان لەو سەردەمە و خەڵك مەراسیمی ڕۆژووەکانیان بەوە ئەنجامداوە، تەنها ئەوانەی نزیك مزگەوتەکە بوون ئاگاداری بانگبێژبوون، ژمارەی خانووەکانی ئەم گەڕەکە لەساڵی(١٩٢٢ز)(١٣٢) خانوو بووە ، وە لەساڵی(١٩٢٩ز) ژمارەی خانووەکانی زیادی کردووە بۆتە(١٦٠) خانوو.[١] بڕوانە وێنەی ١٤




وێنەی ژمارە ١٣ (تەکیە).
https://www.google.com/imgres?imgurl



وێنەی ژمارە ١٤ (تۆپخانە).
https://images.app.goo.gl/mixSgWarRdzv8BWS9

---

١- خضر، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٨٤

### ١,١- مزگەوتی قەڵای هەولێر

لەنێو ئەو قەڵایە دێرینەدا مزگەوتێکی گەورە و گەرماوێك وەکو شوێنەوارێکی مێژوویی ماونەتەوە ، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوارەوە پارێزراون، بەشێکیان نۆژەنکراونەتەوە بۆ ئەوەی لە لەناوچوون بپارێزرێن، قەڵای هەولێر تەمەنی بەقەد شارەکەیە، مێژووی مزگەوتی قەڵا و گەرماوەکەی هاوکاتە لەگەڵ هاتنی پاشاکانی عوسمانی بۆ سەردانکردنی قەڵای هەولێر، دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی(١١ك-١٧ز). بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان لەخوارووی قەڵا و لەساڵی( ١٢٩٤ك - ١٨٧٧ز) ژمارەی دانیشتوانی شاری هەولێر(١٠١١٢)کەس بوون، هەر ئەم سەرچاوە مێژووییانەن دەڵێن: مێژووی مزگەوتی گەورە و ناوداری قەڵا، تائێستاش ماوە شوێنی زیکر و پەرستنی خوای گەورەیە، هی ئەمیر (سرفتگین کوڕی مەنسوڕی کوڕی عەبدوڵای زینی)یە، لەساڵی (٥٣٣ ك)، (١١٣٨ ز) لە ناوەڕاستی قەڵا بنیاتی ناوە ، مزگەوتەکە کەوتۆتە تەنیشت گەرماوی قەڵا، لەم شارە بەکۆنترین مزگەوت و شوێنی ئاینیی دادەنرێت،(١)

یاقوتی الحموی لەساڵی (١٢٢٠ز) لەکتێبەکەی بەناوی(معجم البلدان). باسی ئەم مزگەوتەی کردووە.(٢)

هەروەها ابن مستوفي لەکتێبەکەی بەناوی (تاريخ اربيل) بەگەوهەری قەڵا ناوی مزگەوتەکەی بردووە، ئەم مزگەوتە لە ساڵی (١٩٢٠ز) نۆژەنکراوەتەوە، باوەڕوایە لەسەرەتادا ئەم مزگەوتە کەنیسەی مەسیحیەکان بووە ، لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ڕۆمەبێزەنتیەکان ، بەڵام لەدوای فەتحی مسوڵمانان بۆ عێراق ئەم کەنیسەیە کراوە بەمزگەوت، لەسەردەمی فەرمانڕەوایی سوڵتان(مزەفەرەدین کەوکەبەری) گرینگی مزگەوتەکە چەندبارەبووە. سەبارەت بەدروستکردنی ئەم مزگەوتە لەساڵی(١٣٢ك) دروستکراوە، بەشی ناوەوەی مزگەوتەکە پێکهاتووە لەچەند بەشێکی گرینگ وەکو میمبەر بەشێکی سەرەکی ناو مزگەوتە، وە پێکهاتووە لە دووبەش لەسەرەوە دارە، لەخوارەوە بریتیە لە بەرد، بۆ لێوارەکانی چەندین نەخش و نیگار بەشێوەی ئەندازەیی و ڕووەکی و نووسین تایبەتن بە هونەری زەخرەفە.(٣)



وێنەی ژمارە ١٥ (مزگەوتی قەڵا).
بەرواری : ٢٠٢٤/١/٨



وێنەی ژمارە ١٦ (منارەی مزگەوتی قەڵا).
https://www.google.com/imgres?imgurl

١- الاركوشی، یادکار محمد طاهر ، البیوت التراثیة في محافظة اربیل في اقلیم کوردستان العراق ، رسالة ماجستیر غیر منشورة ، ٢٠١٠ ، ص١٢
٢- الحموی، شهاب الدین عبدالله یاقوت، معجم البلدان، ت_رحمة عسکر، ج١، لبنان، ١٣٩٧ه/١٩٧٧ز، ص١٢٠
٣- المستوفی، المبارك احمد، تاریخ اربل،ج٢، ٢٣٧ه/١٢٣٩م، ص٧١٦

حەوشەی مزگەوت بریتیە لە ڕووبەرێکی نیمچە فراوان و لاکیشەیی، لەم سالأنەی دوایی دووبارە نۆژەنکراوەتەوە، ئەمەش بۆتە هۆکارێك بۆ گۆڕانکاری لەمزگەوتەکە، لەبەشی سەرەوەی مزگەوتەکە کتێبخانەیەك هەیە چەندین کتێبی کۆنی دەستنووسی تێدایە ، جگە لەمەش لەتەنیشت کتێبخانەکە، ژوورێك هەیە تایبەتکراوە بەهەلگرتنی کەل وپەل و وێنەی شێخ و مەلاکان سەردانی مزگەوتەکەیان کردووە، لەگەڵ بوونی بەردێك نووسینی لەسەر کراوە دەربارەی مزگەوتەکە، گوایە لەکۆندا لەسەر دەرگای بەشی دەرەوەی مزگەوتەکە بووە.

منارە([1]) نموونە منارەی قەلأی هەولێر کەوتۆتە باشووری ڕۆژئاوای مزگەوت، دروستکردنی ئەم منارەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەتابەگیەکان، سەردەمی فەرمانڕەوایی سولتان مزەفەرەدین لەسالی(١١٥٣-١٢٣٢ز) مزگەوتەکە سیمایەکی دیاری بەقەلأ بەخشیووە.

لەڕووی بیناسازیەوە شێوەیەکی لوولەییە، بەرزیەکەی (١٥-٢٢م)دەبێت، پانیەکەی (٢–٣م)، لەکەرپووچ بنیادنراوە بەگەچ و قوڕ سواغدراوە، بەلأم لەکاتی نۆژەنکردنەوە ماددەی تری بۆ بەکارهاتووە، منارەکان بۆ ڕازاندنەوەی زیاتر لەسەر شێوازی بیناسازی و جوانکاری ولأتی فارس دروستکراون بەشێوەی مەخرووتی و سەفسەفی بۆ ڕازاندنەوەی قوبەکان، بۆ دیزاینەکانی تریش زەخرەفەی ئەندازەیی بەهێلی بازنەیی و هێلدار، لەناو ئەم مزگەوتە خوێندنگا بوونی هەبووە بۆ فێرکردنی خەلك بەزمانی عەرەبی و ڕێسا پیرۆزەکانی ئیسلام.([2])

ئەم مزگەوتە تاکو ئێستاش بەزیندووی ماوەتەوە، نوێژەکانی ڕۆژانەی تێدا ئەنجامدەدرێت و خەلکێکی زۆر سەردانی دەکەن بەتایبەتی ڕۆژانی هەینی هاولأتیانی ناوەخۆش بۆ وێنەگرتنی هاوسەرگیری و خەلکی پارێزگاکانی تر بۆ سەیرکردنی جوانی مزگەوتەکە گەشت ئەنجام دەدەن.([3])

[1]- منارە: یەکێکە لە ڕەگەزە بیناسازی ئاینی لە مزگەوتدا بنیادنراوە، پێکدێت لە قاعیدەیەکی پتەو و بەدەن و قوبە یان کلأوی منارە، بەکاردەهات بۆ بانگ دان و ئاگادارکردنەوە بەکارهاتووە لە ئاینی یەهودیی بە بوق ناسراوە لە ئاینی مەسیحی بە زەنگ.

[2]- البرادوستی، زیدان رشید اودل،الماذن الاتابکیة فی العراق،(دراسة معماریة- میدانیة)، رسالة ماجستر غیر منشورة، جامعة مؤتة، الکرك،٢٠٠٧،ص٢٦

[3]- وەرگیراوە لە دیمانەیەك لەگەڵ بەرێز ملا محمد کەریم لە سەردانی کردنی قەلای هەولێر لەبەرواری (١٥-١٠-٢٠٢٣) - کات: (١٢:٣٨) نیوەرۆ—؟

### ٢,١- گەرماوی گشتی قەلاّی هەولێر

یەکێك لەو شوێنەوارە دێرینانەی ناو قەلاّی هەولێر گەرماوەکەیەتی خاوەن مێژوویەکی کۆنە، بەپێی هەندێك لەسەرچاوەکانی مێژوویی لەساڵی(١٧٧٥ز) ئەو گەرماوە دروستکراوە، گوایە دوای وەفاتی(اسماعیل ئاغا)، کورەکەی بوو بەجێگری، بەناوی (عبدالله ئاغا)، ماوەیەك فەرماندەیی شاری هەولێری کردووە، لەسەدەی هەژدەیەمیندا بنیاتی گەرماوە دێرینەکەی (قەلاّ)ی کردووە، تائێستا شوێنەواری ئاوگرەکان و حەوزەکان و دیوارەکانی هەرماون، ئاماژە بەوەکراوە(قاسم ئاغای یەعقوبی)نۆژەنی کردۆتەوە.


١- شوێنی گەرماوی قەلاّ : دەکەوێتە لای ڕۆژهەلاّتی قەلاّ و باکوری رۆژئاوای مزگەوتی قەلاّ، ئەم گەرماوە شێوەی لاکێشەییە و دووبەشە، دەروازەی گەرماوەکە کەوتووتە بەشی باشوور و خێزانی (ڕەشاد موفتی) هەندێکی زیادکردووە، دوای نۆژەنکردنەوە تاڕاددەیەك شێوەکەی گۆڕاوە.











وێنەی ژمارە ١٧ (نۆژەنکردنەوەی گەرماوی قەلاّ).
بەرواری: ٢٠٢٤/١/٨

٢- پێکهاتەکانی گەرماوی قەلاّ: ڕووبەری (٣٠٠م) چوارگۆشەیە و هۆڵەکانی ژوورەوەشی لە چوارهۆڵی سەرەکی پێکهاتووە ، هۆڵی یەکەم: سەرەتای چوونەژوورەوەی گەرماوەکەیە و بۆ خۆگۆڕین بەکاردێت، هۆڵی دووەم: بۆ هەمان مەبەست سوودی لێبینراوە، بەلاّم هۆڵی سێیەم: بۆ خۆئامادەکردن و هۆڵی چوارەمیش: بۆ خۆشۆردنە (پێنج) ژووری جیاجیای تێدایە، دوو حەوزی ئاوی سارد و گەرمی تێدایە جگە لەبەردێك ئاگری لە کوورخانی گەرماوەکەی بۆ هاتووە پێی وتراوە (بەردی جەهەننەم).

لەناوەڕاستی گەرماوەکەش سەکۆیەکی گەورە هەیە، پێی دەڵێن(بەردی زاوا)، ئەو ناوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، هەرکەسێك لەسەردەمی زووەوە ئەگەر ژنی بهێنابایە، ئەوا بەرلەوەی ژنەکەی بگوازێتەوە لەگەڵ هەندێك لەبرادەرە هەرەنزیکەکانی دەچوو، ئەمەش هاوشێوەی گەرماوەکانی ترە لەشارستانیەتی ئیسلامی وەکو گەرماوەکانی شاری حەلەب.

بیرێکی گەورە لەناو گەرماوی قەلاّ هەڵکەنراوە، قوولاّییەکەی بە(٦٠م)مەزندە دەکرێت و پێوانەی تیرەکەی(٥م)ە، بەکەرپووچ هەڵێنراوە و کاتی خۆشی بەئاژەڵی(ولاّغ )ئاویان تیادەردەهێنا، پێمانوایە سەرچاوەی ئەو ئاوە لەچەمی بەستۆڕەوەبووە، مێژووی دروستکردنی کۆنترە بۆ سەردەمی پاشا (سەنحاریب)ە (١). بۆ قەلاّی هەولێر هێناویەتی.

لەسەر گومبەتی گەرماوەکەش چەند پەنجەرەیەکی بچووك بۆ ڕووناکی دروستکراوە، ئەم گەرماوە بەنەوتی ڕەش و زبڵ گەرم دەکرا، زۆربەی خەڵکی هەولێر خۆی لەو گەرماوە دەشۆرد، ئەم گەرماوە تاسالأنی حەفتاکان بەیانیان و ئێواران لەخزمەتی خەڵکیبوو، بەتایبەتی قەلاّ نشینەکان، نرخی ئەوسای خۆشۆردن بە(١٠عانە)بووە دەکاتە (٤٠فلس)، یان هەندێك بنەماڵە ڕۆژێك بەتەواوی گەرماوەکەیان بۆ خۆیان بەکرێ دەگرت و پارەی ئەو ڕۆژەیان بەتەواویدەدا، کاتێك گەرماوی قەلاّ لەلایەن (سەلیم قاقا و مام یەحیا) سەرپەرشتی کراوە ، وەکو داب و نەریت بەسەتڵ ئاویان بۆ ئەوخەڵکە دەهێنا، ئەگەر کەسێك لەخۆشۆردن تەواوبوایە، ئەوا چەپڵەیەکی بۆ لێدەدرا بۆ ئەوەی (ناتر)ەکە (٢). ئاگاداربێت و پەشتەماڵی بۆ بهێنی.

---

١- سەنحاریب: بە واتای خودای مانگ دێت لەدوای مردنی باوکی سەرجۆنی دووەم، دەبێتە پاشای ئیمپراتۆریەتی ئاشوری نوێ، ئەم پاشایە کاری بۆ ئاوەدانکردنەوە و گۆرینی سیستەمی سیاسی کردوە بە تایبەتی بۆ شاری نەینەوا.علی، یاسمین عبدالکریم محمد، سنحاریب انموۆجا للعروش الاشوریە، بغداد،٢٠١٣،ص١٠

٢- ناتر: دەلالاك، بریتی بوو لەم کەسەی پەشتەمال (خاولی )بۆئامادەبووانی گەرماو ئامادە دەکرد لەبەرامبەر وەرگرتنی بڕە پارەیەك دوای تەواو بوون هەمان کەس دەستی دەکرد بە فیکەلێدان بۆئەوەی ئەوانی تر ئاگاداربن کە کەسەکە تەواو بووە. موکریانی،١٣٦٩ه/١٩٥٠ز، سەرچاوەی پێشوو،لا٨٥٠

### ٣,١- دەروازەکانی قەلآی هەولێر

سەبارەت بەمێژووی دروستکردنی دەروازەکانی قەلآی هەولێر گەڕاوەتەوە بۆ سەردەمی دەسەلآتی (ئەتابەگیەکان لە کوردستان ماوەی(١١٢٣-١١٢٨ز) گوایە قەلآی هەولێر زیاتر لەدەروازەیەکی هەبووە، وەك دەروازەی ڕۆژهەلآت، دەروازەی ڕۆژئاوا، دەروازەی سێیەم بە ئاراستەی ڕووەو عەنکاوا بووە لەشەواندا بەدەرگایەکی گەورەی لەدار دادەخرا. ئیستا هەردوو دەروازە سەرەکیەکانی باکوور و باشوور بۆ سەرکەوتن بەسەر قەلآ بەکاردێت، دووڕێگای سەرەکین بۆ چوونەژوورەوە، دەتوانرێت بەپیادە یاخود ئۆتۆمبێل بچنە ناوەوەی قەلآ ئەمەش بەهۆی ئەم بەرزی و نزمییە لە ڕێگاکانیان بوونیان هەیە. جێی ئاماژەیە قەلآی هەولێر خەندەقێکی بەدەورەدا هەبووە، هەتاوەکو سالی(١٩٢٠ز) سەدەی ڕابردوو پاشماوەکانی هەرماون، بڕوانە (وێنەی ١)، بەلآم لەئێستادا شوێنەوارێکی نەماوە.

١- دەروازەی باکور: دەروازەیەکی قەبارە گەورەی تاق کەوانەیی بووە بەگەورەترین دەروازە دادەنرێت، کەوتۆتە ناو دیواری بەردی باکوور، دەڕوانێت بەسەر بینای پارێزگار و گەڕەکی مستەوفی ، بەدەروازەی ئەحمدیە ناسراوە چونکە لەلایەن ئەحمەد فەندی موتەسەریف سەرلەنوی دروست کراوەتەوە لە سالی (١٩٢٦- ١٩٢٧ ز).

٢- دەروازەی باشوور: بەدووەم سەرەکیترین دەروازە دادەنرێت، دەکەوێتە بەشی باشووری قەلآ، کەوتۆتە بەرامبەر دەرگای باکوور، ئەم دەروازەیە دەڕوانێت بەسەر پارکی شاری ئێستا و بازاڕی قەیسەری کۆنی هەولێر و بازاڕی نیشتیمان، ئەم دەروازەیە لەسالی (١٩٥٦ز) دووچاری دارمانبووە، بەهۆی کاریگەری کەش و هەوا، پێکهاتەکەی لەبەرد و دار و قوڕ بوو، دوبارە لەسالی(١٩٧٩ز) بەپێکهاتەیەکی نوێ بنیادنراوە، دواتر لەسالی(٢٠١٥ز) لەلایەن کۆمسیۆن بوژاندنەوەی قەلآی هەولێر دەروازەکە نۆژەنکرایەوە.

٣- دەروازەی ڕۆژهەلآت: ئەم دەروازەیە لەکتێبەکەی(أبن مستوفی) باسکراوە، دەکەوێتە گەڕەکی تۆپخانە، لەنێوان خانووە وێرانەکاندا، زۆر لەمەوبەر داخراوە ، لە شوێن نزیکی ئەم دەرگایە کراوە بەخانوو، چەندین سالە تێپەرێت بەسەر داخستنی ئەم دەرگایە بەبێ ئەوەی هیچ لە بارەیەوە بزانریت.



وێنەی ژمارە ١٨ (باشور).
https://www.google.com/imgres?imgurl



وێنەی ژمارە ١٩ (باکور).
بەروار ٢٠٢٤/١/٨

١- چاوپێکەوتن لەگەلّ خاتوو جیهان شیرکۆ، ڕێکەوتی٢٠٢٣/١٢/١٦ ڕۆژی شەمە- کات ١٠:٢٩

## ٤,١ - شووراى قەلاَى هەولێر

لەبەر گرینگی شوێنەواری و مێژوویی قەلاَی هەولێر، لێکۆڵینەوە لە شووراى قەلاَی هەولێر بەهەنگاوێکی مەزن دادەنریت بۆ مێژووی شاری هەولێر، لەئێستادا قەلاَی هەولێر هیچ شورایەکی بەردی یان خشتی نەماوە، لەڕاستیدا ئەم دیوارەی لەئێستادا بەدەوری قەلاَدا خولاوەتەوە پشتی ئەوخانووانەن لەسەر قەلاَ دروستکراون و بەگوێرەی پێکهاتەی بازنەیی قەلاَی هەولێر خولاوەتەوە و دیمەنی شورایەك نیشاندەدات. لەبارەی مێژووی قەلاَی هەولێر یاقووتی حەمەوی لە(معجم البلدان) لە باسی (اربل) نووسیویەتی: ((ئەربیل لەسەر گردێکی بڵندە و خەندەقێکی قول و شوورەی هەیە هەڵکەوتەکەی وەك قەلاَی حەلەبە))[1] . شووراى هەولێر، لەکتێبی(أربیل فی أدوارها التاریخیة)؛ (زوبیر بیلال) نووسیویەتی: ((دوای کۆچی دوایی کردنی سوڵتان موزەفەرەدین کەوکەبەری لەساڵی(٦٣٠ك-١٢٣٢ز)دا خەلیفەی عەباسی لەشکری نارد بۆ داگیرکردنی هەولێر بەسەرکردایەتی (أقبال الشرابي) توانی شووراى خەندەقەکانی شارەکە ببڕیت. هەموو ڕایەکان دەیسەلمێنن قەلاَی هەولێر شوراى هەبووە. لەسالاَنی (٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ز) تیمێك لە زانکۆی بۆ هێمای ڕۆژئاوا لە ولاَتی ئەڵمانیا بەهاوبەشی لەگەڵ زانکۆی سەلاَحەدین لە هەولێر، هەڵسەنگاندنی جیۆفیزیکی قەلاَی ئەنجامدا. وەك بەشێك لەم پڕۆژەیە ، لەگەڵ وێنەی مانگی دەستکرد ، وێنەی فۆتۆگرافی ئاسایی تێکەڵکران بۆ دروستکردنی نەخشە و مۆدێلی سێ ڕەهەندی تەپۆڵکەی قەلاَکە و خانووەکانی سەرەوەی ، گەڕانی جیۆفیزیکی لەهەندێك ناوچەی قەلاَدا ئەنجامدرا بۆ دیاریکردنی شوێنەواری تەلارسازی کۆن لەژێر خانووەکانی ئێستادا ماونەتەوە. پێدەچێت پاشماوەی سەردەمی ئاشوری بێت. لێکۆڵینەوە شوێنەوارییەکان بریتیبوون لە ڕووپێویەکی شوێنەواریی لەسەر لێواری ڕۆژئاوای تەپۆلکەی قەلاَ، هەروەها هەڵکەندنی خەندەقێکی بچووکی تاقیکردنەوە لەبەشی ڕۆژهەلاَتی قەلاَ. لەساڵی(٢٠٢١ز) لێژنەی بالاَی پاراستن و نۆژەنکردنەوەی قەلاَی هەولێر بڕیاریدا بەدەستنیشانکردنی حەوت ناوچەی ناو قەلاَ بۆ ئەنجامدانی هەڵکەندن، هەروەها بۆ گەڕان بەدوای پاشماوەی شورا و دیواری قەلاَ. سەبارەت بەشوراى قەلاَی هەولێر ڕاووبۆچوونی زۆرهەن ، وە قسەوباسی زۆر هەندێك لەکەسایتەیە کۆنەکان پێیان وایە جێگەی مزگەوتی (صەواف)(زیندانی مەحەتە) شوورەی قەلاَبووە، دووری ئەم شوورایە لەقەلاَ بەلای باکوور و کەمێك بەلای ڕۆژهەلاَتەوە، دەوری(٢٧٠م)ە، بەهێڵێکی درێژ، شووراى هەولێر لەباکوورەوە تەنگ و نزیکتری قەلاَ بووە، بەلاَم لە باشوورەوە تا نزیك گردی قالینج ئاغا بووە، سوڕاوەتەوە تا گەیشتۆتە جێگای وەستانی شەمەندەفەری جاران ئێستا بۆتە(زیندانی مەحەتە).



وێنەی ژمارە ٢٠ (شووای شاری هەولێر).
بەرواری: ٢٠٢٤/١/٨

---

[1] -شهابالدین ، أبي عبدالله یاقوت الحموي الرومي البغدادي، ٢٠٠٨م، معجم البلدان(ت٦٢٦ه)، طبعة مصححة و منقحة قدیم لها: محمد عبدالرحمن الحمد عشلي ، المجلة الاول ، دار أحیاء العربي، بیروت ، ص١١٦.

**یەکەم: هەنگاوەکانی پەرەپێدانی قەڵای هەولێر**

پلانی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵی(٢٠٠٧ز)، لەساڵی(٢٠٠٧ز) کۆمیسیۆنی باڵای بووژاندنەوەی قەڵای هەولێر(HCECR) بۆ سەرپەرشتیکردنی نۆژەنکردنەوەی قەڵا دامەزرا. سەرەتا دەستکرا بەدەرکردنی دانیشتووانی خۆجێی دوایین خێزانی کوردی ژمارەیان(٨٣٠)خێزان دەبوو، بەمەرجی پێدانی زەوی لەشوێنێکی تر. لەساڵانی (٢٠٠٧-٢٠٠٨ز) تیمێك لەزانکۆی(بۆهیمیای ڕۆژئاوای بەریتانی بەهاوبەشی لەگەڵ زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، هەڵسەنگاندنیان بۆ تەواوی قەڵا ئەنجامدا، وەك بەشێك لەم پرۆژەیە، پێوانەی(جیۆدیزیاکانی) بۆ قەڵا گیرا، هەر لەم ماوەیە لەساڵی(٢٠٠٨ز) لەئەنجامی کنەوپشکنین بۆ دەوروبەری قەڵا گۆڕێکی کۆن لەکاتی کارکردن لەقەڵا دۆزرایەوە، دواتر لەلایەن شوێنەوارناسانی پەیمانگای ئەڵمانی(DAI) کنەوپشکنینی بۆ ئەنجامدرا، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشووری نوێ ، کۆمەڵێك گۆزەی شوێنەواری تێدا دۆزراوەتەوە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشت و حەوتەمی پ.ز. لە (٨ی کانوونی دووەمی ٢٠١٠ز)، کۆمیسیۆنی باڵای بوژاندنەوەی قەڵای هەولێر و دەستەی عیراق بۆ شوێنەوارە دێرین و کەلەپوورییەکان(SBAH) قەڵای هەولێریان وەکو یەکێك لەشوێنەوارە دێرینەکانی هەرێمی کوردستان کاندیدکرد، بۆ ئەو شوێنانەی وەك میراتی جیهانی هەژماردەکرێن، دووڕێککەوتنی دیکە بۆ پاراستنی قەڵای هەولێر لەنێوان کۆمیسیۆنی بوژاندنەوەی قەڵا و ڕێکخراوی یوونیسکۆ . لەمانگی(ئازاری٢٠١٠ز) بۆ ئەم مەبەستە واژووکرا، بەدابینکردنی (١٣ملیۆن دۆلاری ئەمریکی) پارەی پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی قەڵا دابینکرا، کارەکانی نوێکرنەوەی قەڵای هەولێر و بازاڕی قەیسەری لەمانگی (حوزەیرانی٢٠١٠ز) دەستپێکرد. قەڵای هەولێر لە(٢١ی حوزەیرانی ٢٠١٤ز) لە لیستی میراتی جیهانی یوونیسکۆ(١)تۆمارکرا، دوای ئەوەی قەڵای هەولێر، تایبەتمەندییەکی جیهانی وەرگرتووە، ئەمڕۆ موڵکی هەموو جیهانە، لەلایەن(ئێرینا بۆکۆڤا)، وەهەروەها لەبەشێك لەبڕوانامەکەدا هاتووە: ((قەڵای هەولێر موڵکی دنیایە و لەکاتی هەر هەڕەشە و مەترسییەك، ڕێکخراوی یوونیسکۆ سەربە نەتەوە یەکگرتووەکانە: داوا لەوان دەکات ئەو هەڕەشەیەی لێدووربخرێتەوە و هەردەستکاری کردنێکی چ لەناوەوەی قەڵا یاخود سنوورەکەی، پێویستە ڕەزامەندی ڕێکخراوی یوونسکۆی لەسەربێت)). بەپێی ماستەرپلانی پەرەپێدانی گەشتیاری قەڵای هەولێر مۆتێل و چێشتخانە و کافتریای تێدادەبێت بەشێوازێك وەك خۆی، بۆ ئەوەی سیمای قەڵا بەرەسەنی بهێڵێتەوە، و سوود لەخانووەکانی قەڵا وەربگیرێت، لەئێستادا هەندێك لەخانووەکان دابەشکراون، لەوانە پەیمانگای ڕۆشنبیری و سەنتەری چنینی کوردی، سەنتەرێکی فەرەنسی بۆ توێژینەوەی کەلتووری، یەکێتیی ئافرەتان جلی کوردی پیشاندەدات، لەگەڵ ڕێکخراوی گەشتیاری، جیا لەوەش لەسنووری(٣٠م)یش بەفرەزۆنی قەڵای هەولێرە و بەرزترین باڵەخانە لەو سنوورە، نابێت لەچوارقات زیاتربێت، لەشوێنی ئێستای پارێزگاوە تا دەگاتە وەزارەتی تەندروستی، بینایەی لێنەمێنێت و ژێرەوەی دەکرێتە شوێنی وەستانی ئۆتۆمبیل و سەرەوەشی شوێنی دانیشتن و کافتریا  بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش.

---

١- ڕێکخراوی یونسکۆ: دامەزراوەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکانە لە بواری پەروەردەیی و زانستی و ڕۆشنبیری لە ساڵی١٩٤٦ز دامەزراوە ، بارەگەی سەرەکی دەکەوێتە پاریس لە فەرەنسا.

(https://zaniary.com/blog/6025c601e8a5a)

**دووەم- میکانیزمەکانی پاراستن لەکاتی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر بەرلە گەشتیارکردن:**

١- داخستنی قەڵای هەولێر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ ئەوەی بتوانرێت دەستبکرێت بەکاری بنیادنانەوە و دووبارە دروستکردنەوەی خانوو، گەرماو، گەڕەکەکانی قەڵا.

٢- پێویستە لەکاتی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر لەڕووی بەشی دەرەوە و ناوەوەی بەهەمان ئەم کەرەستە و کەل وپەلانە چاکبکرێتەوە لەکۆندا بەکارهاتوون بۆ دروستکردنیان، هەرچەندە ئەمە کارێکی سەختە چونکە پێویستی بە بڕە پارەیەکە وە گرانی دەستکەوتنی جۆری مادده (قیر و قوڕ و قسل....هتد)، جۆری کەرپووچ و جۆری خشتەکان. لەئێستادا تەنها لە ناوچەکانی نەجەف([1])بوونیان هەیە.، پێویستی بەتێچوویەکی زۆر هەیە، بۆئەو مەبەستە پێویستە چەند کورەیەك دابمەزرێنرێت تاکو پێویستیەکان پڕبکەنەوە.

٣- لەڕووی بیناسازییەوە قەڵا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانییەکان(١٢٩٩-١٩٢٣ز) لەوسەردەمە کۆمەڵە خزمەتگوزاریەك پێشکەش بەم شارە دەکەن وەکو دروستکردنی ژمارەیەك لە خانووەکانی قەڵا لەسەر شێوازی بیناسازی دەوڵەتی عوسمانی ئەمانەش بریتییبوون لە زیادکردنی سەرا و دیوەخانی گەورە بۆ والی و میرەکان، ئەمەش وایکردبوو سیمایەکی شاهانە بەقەڵا ببەخشێت، بۆیە واباشترە لەکاتی نۆژەنکردنەوەی خانووەکان بەهۆی کەش و هەوا دووچاری ڕووخان و درز و شەق بوونە، کاتێك خانووەکان لەلایەن خەڵکیەوە بەجێهلدراون، لەسەر هەمان دەستووری کۆنەکە نوێ بکرێنەوە.

٤- دەست بکرێت بەکاری هەڵکۆڵین و کنەوپشکنین بۆ تەواوی بەشەکانی قەڵا هەموو شوێنەوارەکانی نێو قەڵا یەکلابکرێتەوە لەچەند چین و سەردەم و پێکهاتەی تردەوە ، لەڕووی مێژوویی تۆماربکرێت، خستنە ڕووی زانیارییەکان.

٥- دوای تێپەربوونی ساڵانێکی زۆر لەقەڵای هەولێر مۆرێکی شوناسی نەتەوەی کوردە، هەمیشە لە هەوڵ و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکی نموونەییە لە ماستەرپلاندایە، دوای چەند ساڵێکیتر ڕێگاکان بۆ سەرکەوتن بەسەر قەڵای هەولێر گۆڕانکاری تێدابکریت ئەمەش بەنۆژەنکردنەوە و باشترکردنی ڕێگاکانی پیادە .

٦- دووبارە زیندووکردنەوەی قەڵای هەولێر، ئەویش لەئێستادا لەساڵی (٢٠٢٣ز) بریارێك بۆ قەڵای هەولێر دەرکراوە لەلایەن کۆمیسیۆن ژیان بگەڕێتەوە بۆ قەڵای هەولێر بۆیە بۆ ماوەی شەش مانگ بەبەردەوامی کاری تیادەکرێت بۆ نۆژەنکردنەوەی گەڕەکەکانی تەکیە و تۆپخانە و تەواوکردنی کاری نوێکرنەوەی گەرماوەکە.

---

[1]- نەجەف: شارەێکی پیرۆزە پێی دەلێن مەشهەد علی، یەکێکە لە شارەکانی عێراق، دەکەوێتە دووری ١٦٠کیلۆمەترلە شاری بغداد (https://zaniary.com/blog/60a83b4c15888D9)

**سێیەم: چۆنیەتی بە گەشتیارکردنی قەلاّی هەولێر**

لەدونیادا شوێنەوارەکان موڵکی گشتین چونکە شوناسی نەتەوەیین بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت بپارێزرین، دواتر نۆژەنبکرێنەوە ، بەگەشتیاری دەکرێن، جا لەرێگای حکومەتبێت یان کەرتی تایبەت لە کۆمپانیا و دەزگای وەبەرهێنان و رێکەوتن لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی شوێنەوار، سەرمایەدار و خزمەتگوزاری بۆ دابینەکات گەشتیار پێویستی پێیەتی، بەبێ هیچ کاریگەریەکی نەرینێ، لەسەر بنەمای شوێنەوارێکە ئەویش بەپشتبەستن بەشارەزایانی شوێنەوارناسی بۆیەلێرەدا بەگوێرەی توێژینەوەکەمان باس لەوەدەکەین چۆن؟ قەلاّی هەولێر بکرێت بەشوێنێکی گەشتیاری دوای نۆژەنکردنەوەی: لەرووی بیناسازییەوە قەلاّی هەولێر بەپێشەنگی قەلاّکانی عێراق دادەنرێت، بەقۆناغی مێژویی و جۆراوجۆری کۆندا تێپەریووە، لەسەرەتاوە ئاماژەمان پێکردووە، شوێنەکەشی دەکەوێتە ناوەڕاستی شاری هەولێری ئێستا، قەلاّی هەولێر بەنەخشەیەکی بیناسازی بازنەیی گەشەیکردوو و گرینگی ئابووری و بەرگری و کارگێڕی خۆی هەبووە و هەیە، لەئێستادا پەرژینەکەی تاوەر و باڵکۆن و ڕێڕەوی تێدایە، جگەلەوە قەلاّی هەولێر ژمارەییەکی زۆز بیناسازی شوێنەواری هەیە سیمای کۆنی خۆی پاراستووە لەوانە وەك: بیناسازی ئاینی، وەك: مزگەوت و گەرماو) و شوێنی نێشتەجێ بوون، وەك: خانووەکان، بەشێکی زۆری ڕەگەزەکانی بیناسازی و هونەری لەناوەوە و پەنجەرە و تاق و باڵکۆن و نەخشی جۆراوجۆری ماون.

دەتوانرێت گرینگی قەلاّی هەولێر و ناساندنی بۆ مەبەستی گەشتیاری و شارستانی زیاد بکرێت لەکاتێکدا سالاّنە بەدەیان هەزار گەشتیاری ناوەخۆ و دەرەکی ڕوو لەشوێنە گەشتیارییەکانی کوردستان دەکەن، ئەوان چێژ لە سرووشت و کەش و هەوای ناوچە شوێنەواریەکانی دەبینن.



وێنەی ژمارە ٢١ (سەردانکردنی هاولاّتیان بۆ قەلاّی هەولێر).
بەرواری ٢٠٢٣/٨/٢٣

**ئەم ڕێگا و ڕێکارانەی وادەکات قەلاّی هەولێر ببێت بەشوێنێکی گەشتیاری و مێژوویی**

١- سەرپەرشتیارانی نۆژەنکردنەوەی قەلاّ لە پارێزگای هەولێر، پێویستە هەوڵی زیاتر بخەنەگەڕ بۆ زیاتر ناساندنی شوناسی قەلاّ بەهەموو لایەنی بیناسازی و شارستانی و شوێنەوار و بۆ فراوانکردنی پرۆژەی بەرەوپێش بردن و نۆژەنکردنەوەی تەواوی گەڕەکەکان و خانووەکانی قەلاّ، بەسوودوەرگرتن لەئەزموونی پسپۆڕانی شوێنەوارناس و زانستەکانی تر و توانای سەرپەرشتی کردنیان هەبێت.

٢- سوودوەرگرتن لەهەندێك خانووی کەلەپووری ئاکارێکی تەلارسازی جوانی دەبێت، بۆ زیاتر سوودوەرگرتنیان بۆ قاوەخانە و چێشتخانەی کەلەپووری لەناو قەلاّ بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران لە بۆنەی فەرمی و نافەرمییەکانیش سوودیان لێ وەربگیرێت.

٣- پێویستە بایەخێکی زۆر بدرێتە دەروازەکانی قەلاّ بۆ هاتن و ڕۆیشتنی گەشتیاران لەسەر قەلاّی هەولێر، ئەو دەروازانە کراوەبن بەگوێرەی ئەو شێواز و رێوشوێنانەی لە ناوچە گەشتیارییەکاندا پەیڕەو دەکرێن.

٤- گرینگیدان بەپەرەپێدانی کاری دەستی فولکلۆری و میللی و تابلۆی نەخشێندراو و وێنەی بەرجەستەیی بۆ ماوەیی قەلاّیە وە فرۆشتنی بەگەشتیاران.

٥- دروستکردنی پەیکەری بچووکی تایبەت بەقەلاّ و ئەو ڕەمزە مێژووییانە و ئاینی و کۆمەلاّیەتی و کەسایەتیانەی ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە لەمێژووی قەلاّ و گەشەپێدانی.

٦- فەراهەمکردنی گەشتی خۆڕایی بۆ قوتابیان بۆ سەردانی کردنی قەلاّ، هەروەك دەکرێ چەند قوتابخانەیەکی نموونەی لە دەرەوەی هەرێم دیاریبکرێت تاکوو بێن بۆ سەردانی قەلاّ ئەوەش هەستی نەوەکانی داهاتوو سەبارەتبە سەروەتە مێژووییەکەی قەلاّ زیاتر دەکات.

٧- ئەنجامدانی ڤیستیڤاڵی ساڵانە بۆ قوتابیان لەسەر قەلاّی هەولێر و ناوی بندرێت (ڤیستیڤاڵی ساڵانەی قەلاّ تایبەت بە قوتابی) تیایدا چالاّکی ڕۆشنبیری و دیاری دابەشبکرێت.

٨- سوود وەرگرتن لە هەندێ خانووی کلتووری دوای نۆژەنکردنەوەیان، وەك شوێنی نیشتەجێ بوونی کادیری گەشتیاری یان شوێنەوارناسی ، بەنرخێکی گونجاو بۆ ئەوەی نزیك بن لە شوێنی کاریان، ئەوەشیان ئاسانکارییەکە لە گەیشتن بە شوێنی کار.

٩- ئامادەکردنی ستافێکی تایبەت بۆ چاودێریکردن و سەرپەرشتیکردنی گشت کاروچالاّکییەك کەوا پەیوەستە بەگەشتیارانەوە.

١٠- یەکێك لەم خانووانە بکرێت بەمۆزەخانەیەکی شوێنەواری بەتایبەتی بۆ ئەو جۆرە کەل و پەلانەی لە قەلاّ دەدۆزرێنەوە، بەهۆی نەبوونی شوێن دەبردرێنە دەرەوەی ولاّت.

١١- ڕێگەنەدان بە دروستکردنی باڵەخانە و تەلاری بەرزتر لەدەوروبەری قەڵادا، لەهەمان کات دیاریکردنی ڕێکهێنی بیناسازی بەشێوەیەك ڕێکدەبێت لەگەڵ مۆرکی کلتووری و بیناسازی قەڵات.

١٢- هەموو خاوەن دوکان و کۆگا و تەلارێکی بازرگانی سەرشەقامەکانی دەوروبەری قەڵات پێویستە پابەند بکرێن بەچەشنی دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی بیناسازی لەبار، لەگەڵ پێکهاتەی بیناسازی قەڵا لەلایان نوێنەری شوێنەواری بپارێزرێت و وەزارەتی شارەوانی و ماستەر پلانی شارەکە سەرپەرشتی بکرێت.

١٣- پەرەدان بەقەڵای هەولێر و دابینکردنی پێداویستییەکانی وەك ناوچەیەکی گەشتیاری بەدروستکردنی میوانخانەی باڵا و شوێنی کلتوورییەکان بەشێوەیەك سوودی هەبێت بۆ ژیانی گەشتیار بەمەرجێك مۆرکی ڕەسەنی ئەو شوێنە بزرنەبێت.

١٤- هەندێ خانووی کەلەپووری تەرخان بکرێت دوای چاککردنەوەیان سوودیلێوەگرتنیان وەکو بنکەی کردنەوەی خولی مەشقکردن تایبەت بەئامادەکردن و پێگەیاندنی کادیر بۆ نۆژەنکردنەوەی شوێنەواری و مێژوویی بۆ ڕەچاوکردنی پێداویستی کار لەم بوارەدا ، وە هەروەها وەك چەند سەنتەرێکی تاقیگەی زانستیش مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت لە ناوەخۆ و دەرەوەی وڵات وەك لە زۆرێك لە وڵاتانی جیهان بەرچاو دەکەوێت.

١٥- سوودوەرگرتن لە هەندێك بینا گۆڕینیان بۆ شوێنی پشوودانی گەشتیاران وەك هۆتێل بەکاربهێرێت، ئەم هۆتێلانە شوێنی بازرگانی و خەوتن و ژەمەخۆراکییەکان و شوێنی خێزانییەکان و لاوان لەخۆبگرێت ، زۆربەی هۆتێلەکانی جیهان پڕیەتی لە ژوورە پێوانەییەکان هەموویان بەهەمان شێوە و مەبەستی خواستەکانی گەشتیاران دروست کراون، بەڵام ئەم جۆرە شێوانە گەشتیار بێزاردەکەن بەتایبەتی لەشوێنێکی پڕ لە مێژوو و ڕۆشنبیری وەك شاری هەولێر، چونکە هەندێکیان زۆرێك لە گەشتیاران حەزبەوەدەکەن لە ماڵێکی شێوە کوردەواری بمێنێنەوە، لەوانە هەندێك لە بیناکانی قەڵا بکرێن بەماڵێك بۆ حەوانەوەی گەشتیاران.

١٦- سوودوەرگرتن لە سەرمایەی خۆماڵی و نیشتیمانی بۆ هاوبەشی کردنیان لە نۆژەنکردنەوەی شوێنە گەشتیارییەکان بە قەڵای هەولێریشەوە، چ لەڕێگای هاوبەشیکردنی بە پشك یان بە تەواوی تێچوون بەم جۆرە دەرفەتێك پەیدادەبێت بۆ کەم کردنەوەی ڕێژەی بێکاری لەکۆمەڵگەدا و دروستکردنی دەرفەتی کاری نوێ.

**گرینگترین ئەم خزمەتگوزاریانەی دەبێت هەبێت لە شوێنیکی شوێنەواری وەك (قەلاَی هەولێر) بۆ ئەوەی ببێت بە شوێنیکی گەشتیاری:**

١- دوای کۆکردنەوە و تەواوکردنی هەموو زانیارییەکان لەسەر قەلاَ لەپێش نۆژەنکردنەوە و لەدوای نۆژەنکردنەوە تۆمارکرابێت وە ئەم زانیاریانە بە ڕێگا و شێوازی تایبەت بگەیەندرێت بە گەشتیاران و هاولآتیان و ڕاگەیاندکاران، بۆ ئەوەی کاتێك سەردانیان کرد زانیاریان هەبێ.

٢- بوونی هەموو ئەم خزمەتگوزاریانەی گەشتیار پێویستی پێیەتی لەکاتی سەردانیکردن بۆ ناوچەکە وادەکات گەشتیار کاتێکی خۆش بەسەر بەرێت لە گەشتەکەی .

٣- بوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان(چارەسەری سەرەتایی بۆ دۆخی لەناکاو) چارەسەری تەندروستی، هەندێك لە کەسانی بەتەمەن ئارەزوودەکەن بگەڕێنەوە بۆ سەردانکردنی خانووەکانیان لە قەلاَی هەولێر .

٤- هەبوونی خزمەتگوزاری تایبەت بەکەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەیانەوێت بۆ چێژوەرگرتن لەجوانیەکانی ڕابروو سەردانی ناوچەکان بکەن.

٥- خزمەتگوزاری گواستنەوە کێشەیەکی سەرەکیە بۆ سەرکەوتن بەسەر قەلاَ ئەمەش بەهۆی بەرزی و نزمی ڕێگا و بانەکەی، بەلاَم دوای ماوەیەکیتر ڕەنگە کرداری گواستنەوەی نوێ بێتەکایەوە وەکو پاس و تەلەفریك بەپێی ماستەرپلان بنکەی لە باغی شار نزیك نافوورە بۆ ناوەوەی قەلاَی هەولێر دەبێت.

٦- دانانی تابلۆی هەلۆاسراو سوودێکی زۆری هەیە بۆ زانینی زانیاری دەربارەی ناوچەکە لەڕووی مێژوو و شوێنەواری بەهەر پێنج زمان( کوردی وعەرەبی و ئینگلیزی و تورکی و فارسی).

٧- بەهۆی پێشکەوتنی جیهان لەڕووی تەکنەلۆژیا وایکردووە پێویستیەکی سەرەکی بێت ، بۆیە هەبوونی خزمەتگوزاری پەیوەندی کردن (مانگی دەستکرد) گرینگە لەشوێنەکە بوونی هەبێت.

٨- بوونی شوێنی تایبەت بۆ خۆپاککردنەوە وەك( توالێت و دەست شۆر) بۆ ئەوەی ژینگەکە بەدووربێ لەهەموو پیسیەك.

٩- کاتێك گەشتیارێك سەردانی قەلاَی هەولێر دەکات وا باشترە ڕێبەرێك هەبێ بۆ ئەوەی ئاشنای بکات بەمێژوو و ناوچەکەی، بەمەش دەرچوانی شوێنەوار و گەشتیاری هەلی کاریان دەبێت.

١٠- شوێنی گشتی لەکاتی نۆژەنکردنەوەی قەلاَ چەند بەشێك زیادکراون لەوانە وەك شوێنی دانیشتن بۆ پشوودان و سیستەمی ئەلیکترۆنی بەگوێرەی تەمەن .

**کۆمەڵێك پێشنیار وا دەكات قەڵای هەولێر وەكو شوێنێكی گەشتیاری بمینێتەوە:**

١- كاتێك گەشتیار سەردانی قەڵا دەكات بۆ چوونەژوورەوەی با بە(بلیت) بێت ، بڕە پارەیەكی دیاریكراو بۆ ئەوەی بەم پارەیە خزمەتی قەڵای پێ بكرێت.

٢- دروستكردنی كافتریا و چێشتخانەی كوردەواری و هۆتیل و میوانخانەی كلتووری لەناو خانووە كلاسیكەكان بەتایبەتی گەڕەكی سەرای بۆ ئەوەی گەشتیاران لەكاتی ماندوو بوون و برسیەتی بچنەوە شوێنی مانەوەیان، وادەكات قەڵای هەولێر ژیانە كۆنەكەی بۆ بگەڕێتەوە كە جاران قەڵا پێی بەناوبانگببوو لەدەشتی هەولێر.

٤- گەڕاندنەوەی ماڵەكان، لەساڵانی ڕابردوو نزیكەی (١٨٣٠) كەس لەو تەپۆڵكەیە ژیاون بەڵام بەهۆی نۆژەنكردنەوە داوا لەدانیشتوان كرا ماڵەكانیان جێبهێڵن ، بۆیە لەئێستادا پێویستە دانیشتووانی ڕەسەنی قەڵا بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خانووەكان چیتر كۆن نەبن و دووچاری داڕمان نەبنەوە، هەرچەندە ئەوكارە ئەستەمە بەڵام ڕێگادان بەژمارەیەك خانەدانان وادەكات پرۆژەی ژیانی قەڵا بەردەوامبێت.

٥- دەستەبەركردنی پەرتووكی بچووك و پۆستەر و نامیلكەی تایبەت بەقەڵا تێیدا مێژووەكەی ڕوونكرابێتەوە، بەزمانی (كوردی و عەرەبی وئینگلیزی و توركی و فارسی)

٦- بەكارهێنانی تەكنەلۆژیا، بۆئەوەی گەشتیار زانیاری هەبێت لەسەر ناوچەكە پێویستە ئەپێك هەبێت تاكوو بێ گیروگرفت بە ئاسانی شوێنە گەشتیاری و شوێنەوارییەكان نیشانی كەسەكە بدات

٧- باسكردنی قەڵای هەولێر لەزۆرێك لە پەرتوكی كتێبخانەكان و گۆڤارەكان بۆ ئەوەی گەشتیار زیاتر ئاشنابێت و بۆ توێژینەوە زانستی تربێ .

٨- زیاتر گرینگیدان بەمۆزەخانە و خانووە كەلەپوورییەكان خاوەنی چەندین نەخش و زەخرەفەن لەمێژوودا، وە فراوانكردنی كلتووری كوردی بەڕووی جیهان.

٩- دەركردنی یاسایەكی تایبەت بە كردنەوەی مۆزەخانەی كەسی وادەكات پارچە شوێنەوارییەكان لەتاڵان بپاێزرێت لە سێبەری ڕێنمایی تایبەت بەو بوارە.

---

١- چاوپێكەوتن لەگەڵ بەریز هیژا زەهیر، ڕێكەوتی ٢٠٢٤/١/٨ كات١١:٣١

## چوارەم: خانووە کەلەپووریەکان

خانووە کلتوورییەکانی قەڵا لە عیراق و هەرێمی کوردستان نموونەی بیناسازی باڵان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەخش و نیگارە زۆرە ، زیاتر لە خانووەکانی دیکەی ئاستیان سەرنج ڕاکێشترە. چونکە ماڵی چینە دەوڵەمەندەکانە، لەبەر ئەوە بنیات و بناغەی پتەو و بەهێزن، بۆماوەیەکی درێژ بەرگەی هۆکاری ڕۆژگاری گرتووە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو خانوو و ماڵانەی زوو وێران بوونە. لەبەر ئەوەی شوێنەکە لە گەڕەکە کۆنەکان داخراوە یان لەسەر باڵەخانە بەرزەکانە، وەك قەڵا وایکردووە دووربێت لە بیناسازی نوێ یان کردنەوەی ڕێگای گشتی و باڵەخانەی بەرز وەك لە گەڕەکە نوێیەکانی دەوروبەری قەڵا بەرچاو دەکەوێت، گرینگترین خانووە کەلەپوورییەکانی قەڵا بریتین لە

١- خانووی کەلەپووری یعقوب ئاغا

ئەم خانووە دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای قەڵای هەولێر، یەکەمین خانووبووە لەنزیك دەروازەی ئەحمدییە، گەڕەکی تۆپخانە یەکێکە لە کۆمەڵگە و دیوەخانە کوردییەکانی هەولێر و بەناوبانگترین خانووە بۆ زیندوو هێشتنەوەی نموونەی بیناسازی دەوڵەتی عوسمانی (براونە وێنەی).چونکە ماڵی یەکێك لە ئەندامانی والی عوسمانی بوو لە قەڵای هەولێر، بەناوی (یەعقوب ئاغا) یەکێکە لە کەسایەتیە ناودارەکانی قەڵای هەولێر، کوڕی گەورەی قاسم ئاغایە، لە دەوروبەری ساڵی(١٨٠٠ز) لەدایکبووە لەناو ئەم ماڵە لە قەڵای هەولێر. توانیویەتی بەشێك لە قەڵای هەولێر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمی زاینی چاك بکاتەوە.

یعقوب ئاغا پارێزگار و پیاویکی ناوزەندی ناوچەکەبوو و بەشداری لە ڕەوشی سیاسی و باری کۆمەڵایەتی هەولێرداکردووە، سوارچاك و هاوکات شاعیرێکی بەناوبانگیشبووە لەسەر ڕووداوە گرینگەکانی ئەوسەردەمە، ناوبراو زۆربەی بەرهەمەکانی لەناوچوونە تەنها دەستنووسی دیوانی شیعری ماوەتەوە لەلایەن یەکێك لەنەوەکانی بەناوی (عبدللە ئاغا) پارێزراوە لەگەڵ ئەوەشدا چەندان بەڵگەنامەی بەنرخی جێهێشتووە لەمیانەی ژیانکردنی لەسەدەی نۆزدە لەقەڵای هەولێر.

خانووی کەلەپووری یعقوب ئاغا لەکاتی بنیاتنانی بەشێوەیەکی پتەو بناغەکەی دروستکراوە بۆ ماوەیەکی درێژ، بە بەراورد بە خانووەکانیتر، نوێکارییەکی زۆری پێوەدیارە، لەکاتی نۆژەنکردنەوە چونکە چەندان ئامراز و ماددەی تری بۆ زیادکراوە وایکردووە شێوەیەکی مۆدێرن بەدیمەنی ناوەوەی قەڵابدات .

بنیادنراوە لەسەر ڕووبەرێکی چوارگۆشەی بەئاڕاستەی باشوور ڕووەو سێبەر و ڕوو لەدەروازەی ئەحمدییە، ڕووبەری خانووەکە بەدیوەخانەکەی (٥٣٠م)ە، لەبنەڕەتدا خانووەکە کۆمەڵگایە بەڵام بەهۆی دروستکردنی شەقام لەدەروازەی ئەحمدییە بۆ دەروازەی باشوور ، کۆمەڵگایەکە بۆتە دوولەت. بەشی یەکەم: خانووەکە نزیکی(٤٠٠م)ە لەدوو نهۆم پێکهاتووە بەشی سەرەکی ماڵەکەبووە، بەشی دووەم: دیوەخان کەوتۆتە دیوی شەقامەکە(١٥٠م) بەئاڕاستەی باکوور ڕووەوخۆر، ئەم خانووە کەلەپوورییە شێوە جوانەکەی خۆی لەدەستنەداوە، دروستکردنی ئەم خانووە زیاتر لەحەوت ساڵی خایاندووە، لەساڵی

(٢٠١٧ز) دەستکراوە بەنۆژەنکردنەوە لەم خانووەدا لەساڵی(٢٠٢١ز) کارکردن لەم خانووە تەواوبووە، ئەم خانووە پێکهاتووە لە دوو نهۆم و حەوشەیەك دەڕوانێت بەسەر دەروازەی ئەحمدییە

نهۆمی یەکەم: دابەشبووە بەسەر چوار ژوور، ژووری ئاغا و ئاغاژن بووە دوای نۆژەنکردنەوە بەم شێوازەی لێهاتووە.

١- ژووری هەولێر لە چاخەکاندا تایبەتکراوە بەسەردەمە کۆنەکان ئەمەش بەهۆی سیستمێکی ئەلیکترۆنی لەئەنجامی کلیك لەسەرکردن دەتوانێت کامە سەردەم و چەرختویست سەیریبکەیت لەڕێگایی داتاشۆ بەدیاردەخرێت.

٢- ژووری تایبەتی یعقوب ئاغا: گەورەترین ژوورە لەنهۆمی یەکەم کەوتۆتە ناوەڕاستی خانووەکە ڕووبەرەکەی (٢٠م)ە، ئەم ژوورە پێدەچێت ژووری تایبەتی ئاغا بووبێت چونکە جوانکارییەکانی لەسەر ئاگردانەوە لەگەڵ بەشێك لەو نەخشانەی لەسەر دیوارەکاندا لای تاقەکانی سەرەوە ماون دەبینرێت بریتین لەچەند تاقێك بەرامبەر بەیەکتری لە نێوان تاقەکان نەخش و زەخرەفەی ئەندازەیی و ڕووەکی هەیە وەکوو گوڵی لۆتۆس و ڕووەکی ئەڕابیسك بە ڕەنگی شین.

لە کۆتایی ژوورەکەدا لایەکی بچووکی لێداخراوە، کرابوو بە گەرماو یەکەمین خانوو و ژوورە گەرماوی تایبەتی تێدابێت، ڕووبەرەکەی (١م)ە لە ئێستا بەئامێری ئەلیکترۆنی شێوەی ئەم کات لەخۆشۆردن نیشاندەدات.

٣- ژووری هەولێر لەمێژوودا: سێیەم ژوورە لە ماڵەکە تایبەتکراوە بە بابەتە مێژووییەکان شاری هەولێری پێداتێپەریووە، ڕووبەرەکەی(١٥×٢٠م$^2$) چوار نامیلکەی گرینگی تێدا نمایشکراوە لەوانە یەکەم: بەناوبانگترین وێنە لەم ژوورەدا هەیە وێنەی قەڵای هەولێرە کاتێك گەریدەی بەریتانی (کلۆدیس جیمس ریچ) هاتۆتە کوردستان بەشاری هەولێردا ڕۆیشتووە بۆ سلێمانی وێنەکەی بە دەست کێشراوە لە مۆزەخانەی بەریتانیا لەبەشی کوردستان و عێراق هەڵگیراوە. دووەم: ئەم ژوورە لەکۆندا تایبەتکرابوو بەئاغا ژن زۆرترین پۆستەر و نامیکەی تێدایە بە زمانی جیاواز بۆ سەردانیکەران و گەشتیاران باس لە ساتی گەمارۆدانی قەڵا لەلایەن مەغۆلەکان لەساڵی(١٢٥٩ز) هاوکات چەرخی زێرینی دەسەڵاتی موزەفەرەدین کەوکەبەری بوو، توانیان دانیشتووانی قەڵا بەرگری بکەن، بووە هۆی شکشتی مەغۆلەکان لەکوردستان. سێیەم: خانووەکانی قەڵا ئەم پۆستەرە وێنەی ئەم خانووە کەلەپووریانەی تێدایە تاکو ئێستا بەنموونەی زیندوو دادەنرێن لەقەڵای هەولێر باس لەمێژووی دروستکردنیان دەکات. چوارەم: پێشکەوتنی شار باس لەفراوانبوونی شاری هەولێر دەکات لە ناوەڕاستی ساڵانی(١٨٠٠ز)کان هەندێك گەڕەك دروستکراون وەك (گەڕەکەکانی عەرەب ، تەعجیل ، خانەقا) لیستی یونسکۆ تۆمارکراون.

٤- ژووری کۆگا یاخود ژێر پەیژە(قادرمە) شوێنەواری کۆگاکە بەتەواوی نەماوە لەمیانەی نۆژەنکردنەوەی خانووەکە لەکاتی ئێستادا کراوە بە شوێنی سەرکەوتن(مسعد) بۆ بەشی سەرەوە، لە تەنیشت قادرمە بۆ هاوڵاتیان تاکوو بتوانن بەکەمترین کات زۆرترین شوێن ببینن.

دووەم: نهۆمی دووەم بەهەمان شێوەی نهۆمی یەکەمە لەسێ ژوور پێکهاتووە بەڵام بەقەبارەیەکی گەورەتر لە ژوورەکانی نهۆمی خوارەوە.

١- ژووری هەڵگرتنی ئامێری موزیکی کلتوریی کوردی: یەکەم ژووره بەدەسته ڕاست شوێنی هەڵگرتنی ئامێرەکانی ژەنینه وەکوو(دەف، دەهۆڵ، شمشاڵ، عود، کەمان) ئەم ژووره دەڕوانێته سەردیوەخانەکه له بەشی دەرەوە، یەکێك له سەرنجڕاکێشترین پێشکەوتنه بۆ ئەم خانووەکرابێت ئەوەیه دەتوانێت لەڕێگایی کلیککردن له ئایپادکه گۆرانی و موزیکی خواستراو هەڵبژێریت بەدەنگی کەسایەتییه بەناوبانگەکانی کورد وەکوو(تاهیر تۆفیق، علی مەردان ، محمدی ماملێ، .....) گوێی لێبگیرێت.

٢- ژووری گرینگیدان به کاری کنەوپشکنینی شوێنەواری و بوژاندنەوەی قەڵای هەولێر لێرەدا هەموو ئەم هەڵکۆلین و کردە شوێنەواریانه بەشێوەیەکی ئۆنلاین تۆمارکراون له شێوەی داتا شۆ_tv هەموو ئەم داتا و زانیارانه نیشاندەدات بۆ قەڵا و باغی شار و دەوروپشتی قەڵا کراوە، نموونەی کنەوپشکنینەکان دۆزینەوەی چەندان گۆزە و پارچەی گڵێنه و تابلێتی مێخی و دۆزینەوەی پارچەیەك له شورای بەرگری قەڵا و لەکۆتایی ساڵی(٢٠٢٣ز) پارچەیەك لەتابلێت دۆزرایەوە لەسەری نووسرابوو شاژن ڕەنگه گوزارشتێك بێت بۆ خواوەندی جەنگ(عەشتیار_ئینانا) لەسەردەمی ئاشوورییەکان(١٩٥٠_٦١٢پ.ز) له قەڵای هەولێر مەڵبەندی پەرستنی بۆ بنیادنراوە.

٣- ژووری ئەلیکترۆنی نەخشی شاری هەولێر و بەتایبەتی قەڵای هەولێر ئەم ژووره ڕووبەرێکی گەورەی هەیه کەوتۆته سەر ژووری تایبەتی یعقوب ئاغا و ئاغا ژن بەقەد حەوشەکه دەبێت لەڕووی پێوانه گەورەترین ئامێری سەرمێزی تێدایه دەتوانین لەڕێگایی کلیککردن لەهەربەشێك لەشاری هەولێر و قەڵای هەولێر بۆ گەڕەك و خانووەکان له ڕێگایی داتاشۆ نیشانمانبدات بەتایبەتی دەرگا و پەنجەر و بنمیچ و سەربان و شێوە ئەندازییەکانی خانووەکان ئەمەش بەهۆی ئامێری بچووك له شێوەی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان .

دووەم: دیوەخانی یعقوب ئاغا لەبنەڕەتدا یەك کۆمەڵگەبووە بەڵام بەهۆی دروستکردنی شەقام بۆ قەڵا لەیەکتری جیاکراونەتەوە، ڕووبەرەکەی(١٥٠م) بەئاراستەی باکوور ڕوو لەتیشکی خۆر له دوو نهۆم پێکهاتووە .





وێنەی ژمارە ٢٢ ( خانوی کەلەپوری).
بەرواری ٢٠٢٤/١/٨

٩٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو سەلار رەشید بەرێوبەری سەنتەری ناساندنی قەڵای هەولێر رێکەوتی١٩/١/٢٠٢٤ کات ٣:٥١


**دووەم: خانووی کەلەپووری ڕەشید ئاغا**


ئەم خانووە کەوتووتە گەڕەکی سەرای لە قەڵای هەولێر بەلای باشووری خۆرهەڵاتی قەڵا، یەکێکە لە ماڵ و خانووە کەلەپوورییەکانی عیراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، باشترین نموونەی بێدەستکاری ماوەتەوە، چونکە ماڵی یەکێك لە دەوڵەمەندەکانبووە. بەناوی(حاجی ڕەشید ئاغا کوڕی وەیسی ئاغا کوڕی یەحیا ئاغا کوڕی عبدالوەهاب ئاغا کوڕی احمد ئاغا کوڕی حارس ئاغا)، لەساڵی(١٨٦١ز) لەدایکبووە، لە تیرەی مەمونە نێشتەجێی ناوچەی سپیلك بوون، دواتر هاتوونەتە هەولێر لە سەردەمی باپیرە گەورەیان حارس ئاغا.

ئەم بنەماڵەیە خاوەن زەوی و زاری کشتووکاڵین لە هەولێر و دێیەکانی دەوروبەری هەولێر بەتایبەتی لەناوچەی گوێڕ، هەروەها ئەم بنەماڵەیە دیوەخانێکی نایابیان هەبوو، دەڕوانێتە سەر شاری هەولێری کۆن لەلای گەڕەکی خانەقاوە، خاوەنەکەی ڕەشید ئاغا بوو، بە دیوەخانەی ڕەشید ئاغا ناوبانگی دەرکردبوو، تا ئێستا هەر ماوە و جێگای سەرنجی گەشتیارانە.

خانووی کەلەپووری ڕەشید ئاغا لەکاتی بنیاتنانی بەشێوەیەکی پتەو بناغەکەی دروستکراوە بۆ ماوەیەکی درێژ، بەبەراورد بە خانووەکانیتر، نوێکارییەکی زۆری پێوەدیارە، چونکە بۆیەکەمجارە لەخشتی سورکراوەی ناو کورە بنیادنرابێت، لەسەر ڕووبەرێکی شێوە چوارگۆشەیی و لاکێشەیی لەبەشی ژێرزەمینەکان بە قەبارەی(٣٤٥م)ە لەڕووی درێژی، پانیەکەی(٢٥٠ م)ە ، پێکهاتووە لەحەوشەیەکی بەرفراوان نافورەیەکی تێدایە، چەند بەشێکیتر وەکوو ژێرزەمین و ژوورەکان و بالکۆن ڕووەکەی لە دەرەوەیە دەڕوانێت بەسەر گەڕەکی خانەقا و مزگەوتی شێخی چۆڵی و پەیژەیەك بۆ سەرکەوتن بۆ سەرەوە(سەربان) و شوێنێك لەتەك خانووەکە ڕەنگە لە کۆندا وەکوو ماڵێکی بچووك بۆ مانەوەی خزمەتکارەکان دروستکرابێت، لەساڵی(٢٠١٠ز) نۆژەنکراوەتەوە لەلایەن تیمێکی ئیتاڵی بەهاوبەشی لەگەڵ ئەندامانی کۆمیسیۆنی بووژاندنەوەی قەڵای هەولێر:







وێنەی ژمارە ٢٣ ( خانووی رەشید ئاغا).
بەرواری ٢٠٢٤/١/٨

**پێکهاتە و بەشە سەرەکییەکانی خانووەکە:**

١- دەرگای حەوشە: دادەنرێت لەسەرەتا و کۆتای بەشی خانووەکە بۆ پێویستیەکی سەرەکیبوو بۆ پارێزگاری لەماڵ و خانووەکە، دەرگاکە لەکۆندا لەداری گوێز دروست کرابوو بەڵام لەئێستادا لەناوچووە زەخرەفەکانی بریتی بوون لەچەند گۆپکەیەك لەشێوەی بازنەیی، لابردراوە دەرگایەکی ئاسن لەشوێنی دانراوە، بۆ ڕاگیرکردنی دەرگاکە دیوارێك بنیادنراوە شێوەیەکی کەوانەیی هەیە لەبەردی مەڕمەڕی سپی وەکوو جوانکاریەك، لەدیوی دەرگاکە کاتێك دەچینە ژوورەوە چەند دەلاقەیەك دەبینین لەکۆندا بۆ هەڵگرتنی کەل و پەل بەکارهاتوون.

٢- حەوشە ونافوورە: خاوەنی ڕووبەرێکی فراوان و چوارگۆشەییە نزیکەی(١٠٠م)ە و پانیەکەی(٧-٨م)ە ، لەناوەڕاستدا نافوورەیەکی تێدایە جوانیەکی درەوشاوەی بەخانووەکە بەخشیووە(١,١٥سم) دەبێت، نافوورەکە لەماددەی گەچ و بەرد و مەڕمەڕ دروستکراوە، شێوەی نیمچە بازنەییە و لەناوەوە کاشی بچووك دانراوە، لەبەشی دەرەوەش جوانترین زەخرەفەکانی تێدایە وەکوو زەخرەفەی ئەندازەیی لەشێوەی کەوانەی تیژ و ئەستێرە و نەخشی گومبەتی مزگەوت و تاق، بەشێکی زیادە هەیە ئاوەکەی تێدا هەڵدەقولێت، لەئێستادا بەکارنایێت ئاوەکەی گیراوەتەوە.

٣-دەرگای دیوەخانی ڕەشید ئاغا: ئەم دەرگایە هی دیوەخانەکەبوو لە دوودەوری پێکهاتووە بەشێوەیەکی چوارگۆشەیی ڕێك دروستکراوە لەداربەڕوو، لەسەر ڕووی ئەم دەریایە دوو نەخش هەیە دابەشبووە بەسەر چوار زەخرەفەی لێکچووی وەکوویەکتر لەجۆرەکانی زەخرەفەی ڕووەکی(ئەرابیسك) تاکوو ئێستا وەك خۆی ماوەتەوە، دووجار بۆیە(سبووغ) کراوە بەڕەنگی قاوەیی لەجۆری ساج.

٤- پەنجەرەکان: ئەم خانووە زۆرترین پەنجەرەی تێدایە، ژوورەکانی نزیکەی چوار بۆ پێنج پەنجەری هەیە دروستکراوە لە ماددەی ئاسن، لەشێوەی چوارگۆشەی بچووك و قەبارە مامناوەند، بەشووشە داپۆشراوە ، لەدوای جامە شووشەکە بۆ بەرگری زیاتر لە پەنجەرەکان پارچەیەك ئاسنی تەنك دەوری داوە بۆ پاراستن لە شکان و دزیکردن نەخشەکانی بریتیبوون لەنەخشی گوڵ و کەوانەیی بازنەیی.

٥- ژوورەکان: بناغەی خانووەکان بەندبوو بە ژوورەکان، بۆیە لەکۆمەڵێك ژووری لەناویەکتری هەبوو بەقەبارەی بچووك و ناوەند بنیادنرابوو، لە شێوەی چوارگۆشەیی و نیمچەتیژ، بەشی ژێرەوەی ژوورەکان پێکهاتبوو لە سەکۆ شوێنێکی نیمچە بەرزە بەکاردەهات بۆ دانیشتن یاهەڵگرتنی کەل و پەلی ناوماڵ.

٦- بنمیچ: واتا کۆگا یاخود شوێنی شتهەڵگرتن، زۆربەی خانووە کەلەپوورەکانی قەڵای هەولێر، بنمیچیان هەیە، کۆگاکان لە کەرپووچ و خشت دروستکراوەن، شوێنێکی کراوە و ساردە ، بەکاردەهات بۆ پاراستنی دانەوێڵە و کەل و پەلی خۆراك.

٧- بالکۆن بەرهەیوان: ئەم شێوەیە تەنها هەندێك خانووی کەلەپووری لەقەڵادا هەیەتی کەوتۆتە بەشی دەرەوەی خانووەکە، بەزۆری(١,١٥-٢م) دەبێت  لە خانووەکە دەرچووە، بۆ پتەو وەستانی دار لە جۆری کۆریت بەکارهاتووە، بەشی سەرەوەی (سەقفەکەی) نەخش و دیکۆراتی بۆ کراوە بە ڕەنگی زەرد و سور و شین.

تاکوو ئێستا ئەم خانووە بە زیندوویەتی ماوەتەوە، لەدوای ساڵی(٢٠١٣ز) لەلایەن نەوەکانی ڕەشید ئاغا چۆڵکراوەن، بەمەبەستی پاراستنی لە ڕووخان و بنیادنانەوەی بە شێوازی مۆدێرن .



وێنەی ژمارە ٢٣ (دیوەخانی ڕەشید ئاغا).
بەرواری ٢٠٢٤/١/٨

٩٣- گفتوگۆی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز دارا یعقوبی، ڕیکەوتی ٢٠٢٤/١/٢٠، کات ١١:٢٠

**پێنجەم: مۆزەخانەکانی ناو قەلاَ**

**١- مۆزەخانەی گەوهەرەکان (بەردی بەنرخ)**

مۆزەخانەی گەوهەرەکان لە قەلاَی هەولێر، مۆزەخانەیەکی شوێنەواریی و مێژوویە، دەکەوێتە بەشی خۆرئاوای قەلاَ نزیك ئەتیکەخانە لای دەرگای باشوور، لە(٩ئازاری ساڵی ٢٠١٦ز) دامەزراوە لەلایەن جیۆلۆجیناس پرۆفیسۆر(سەربەست مەجید)، خاوەنی یەکەمین مۆزەخانەیە لەجۆری بەردی گرانبەها. تاکە مۆزەخانەیە لە هەموو کوردستان و عیراق.(بڕوانە وێنەی١)

ئەم کەسایەتیە لەقەلاَی هەولێر وەك سەرەتایەك خانووی یەکێك لە تورکمانەکانی بەکارهێناوە بریتیبوو لە بینایەکی دوو نهۆمی؛ بەشی یەکەم ژووری پێشوازییە بۆ بینینی گەوهەرە بەنرخەکان لەپێشدا پێویستە بلیتی چوونەژوورەوە ببڕیت بەنرخێکی دیاریکراو، دواتر بەهۆڵی خانووەکەدا تێپەڕدەبیت بۆ ژووری یەکەم، دوو ژووری لەناو یەکە تایبەتکراوە بە بەردە گرانبەهاکان، کۆمەڵە بەردێکی جۆراوجۆرە بەکۆشکی بەردەکان ناسراوە چەندین پارچەی بەنرخی تێدایە لەوڵاتانی ئەمریکا و ڕوسیا و ئاسیا هاتوون بەبازرگانی و داواکاری تایبەت بەنرخێکی خەیاڵی، جۆری بەردەکانی بریتین لە(یاقوت و مەرجانی دەریا و مرواری ڕەش و مرواری مۆر و کومارین و کوارتز بەڕەنگی سپی و پەمەیی و ڕەشیەوە) جگەلە چەندین زیندەوەر و ئاژەڵی بەبەرد بوو وەکوو( قرژ و ماسی و ئەستێری دەریا و کیسەڵ و پلانەریە ئاسك و بزنی کێوی)ساڵانە ژمارەیەك بەردی جیاواز نمایشدەکات بەتایبەتی لە ساڵیادی دامەزراندن، ئەم بەشە بۆ پاراستنی کەل وپەلەکانی چوارچێوەی ناو دیوار لەشوشەی بەکارهێناوە پێکهاتووە لەچەند ڕەفەیەکی شوشەیی بەردەکانی لەسەر دانراوە، هەروەها سندوقی خشڵ و مەرجان کۆکراوەی خشڵ و مۆرییە کۆنەکانی کوردستانن بەکارهێنراوە بۆ جوانکاری بەستەی بێشکەی منداڵ لەکۆندا.

بۆ بەشی دووەم لە مۆزەخانەی گەوهەرەکان دەچێتە بەشی دووەم لەسەرەوە بەهۆی پەیژەیەك سەردەکەویت ڕاستەوخۆ ژوورێکی قەشەنگ دێتەبەردەمت تایبەتکراوە بە پارچە لاوەکیەکان بەلاَم جوانیەکی دلڕفێنی هەیە دەتباتەوە بۆ سەردەمی منالی بەهۆی جۆری وێنەی بەرد و پەیکەرەکان کە ئاژەڵ و بوکەڵەی بچووکن، یاخود بەبەردبووەکانی دەریا، جۆری بەردەکانی (بەردی خڕ و کالساتیی و کۆبالتوان و عەلەزۆن و ترابلۆف و جۆرێك لەگیانەوەرە گرێدەرەکان و ددانی ماموس لە ڕوسیاوە و ئۆکسیدی مس و زێڕ ) ئەم مۆزەخانەیە شێوازێکی فۆلکلۆری هەیە زۆربەی دیزاین و دیکۆرەکانی ڕەنگی خاکین،





وێنەی ژمارە ٢٣ (مۆزەخانەی گەوهەرەکان.)
بەرواری ٢٠٢٤/١/٨

**٢- مۆزەخانەی ڕستن و چنین**

مۆزەخانەی ڕستن و چنینی کوردی: مۆزەخانەیەکە بەکاردێت بۆ نمایشکردنی بەرهەمی ڕستن و چنین واتا ئەم فەرش و ڕایەخانەی و بنەماڵەکان لەسەردەمانی ڕابردوو بەکاریانهێناوە بۆ ڕازاندنەوەی ناوماڵەکانیان. ئەم مۆزەخانەیە کەوتۆتە بەشی باشووری خۆرهەڵاتی قەڵای هەولێر لە سەرەوەی دەرگای باشوور، نزیك مزگەوتی دباغ. بۆ بنیادنانی ئەم مۆزەخانەیە خانووی بازرگان (هاشم الدباغ) بەکارهاتوو، ساڵی(١٩٣٠ز) لەقەڵای هەولێر دروستکراوە، ئەم کەسەی خاوەنی مۆزەخانەکەیە ئەم خانووەی لەباپیرانی بۆماوەتەوە، لەئێستادا کردویتی بۆ مۆزەخانە کۆکراوەی هەموو کەل وپەلە کلتووری و کۆنەکانی کوردستانی تێدا کۆکراوەتەوە، دیزاینی قوماش نەریتی پیشان دەدات نوێنەرایەتی ئەو هۆزانە دەکات ڕۆژێك لە گۆڕەپانی ئەم قەڵایە ژیاون. مۆزەخانەکە لەساڵی(٢٠٠٤ز) دامەزراوە لەلایەن بنەماڵەی بازرگان، زۆرترین جۆری فەرش و بەڕی کوردی تایبەت بە دەشتی هەولێری لەجۆرەکانی ( فەرشی سوورچی و خۆشناوەتی و کەندار و مەخمور و باڵەکایەتی و زراری...هتد). مۆزەخانەی ڕستن وچنین پێکهاتووە لە بینایەکی دوونهۆمی لەسەر ڕووبەری(٣٥٠م) لە بەشی دواوەی لە بەشی پێشەوەی تەسکتر دەبێتەوە تاکە خانووی ئەم سەردەمەبوو ئاسن و شیش بۆ سەقفی خانووەکە بەکارهاتووە، لەسەرەتادا بەدەرگایەکی بچووك لە دار دروستکراوە بۆچوونە ژوورەوەی، شوێنی پێشوازی پێویستە(بلیت) ببڕدرێت تاکوو بتوانرێت ڕێژەی سەردانیکەران دیاری بکرێت، لەگەڵ چوونەژوورەوە ژینگەی شوێنەکە دەتباتەوە بۆ ئەو سەردەمەی ئافرەتانی کورد بەخوری و تەشی لە بەردەم ماڵەکانیان بە دەم قسەکردن لەگەڵ دراوسێکانیان خەریکی دروستکردنی مافوربوون.

نهۆمی یەکەم خوارەوەیە دابەشدەبێت بەسەر چەند ژوورێکی بچووك لەکۆندا ژمارەی منداڵانی خێزانەکان زۆربوون بۆیە ژووری بچووك دروست دەکران:

ژووری یەکەم: پێکهاتووە لە کۆمەڵە ئامێرێکی کشتوکاڵی وەکو( شەنە و داس و گاجووت ) لەگەڵ بوونی چەندین بەڕ و فەرشی کوردەواری، لەکۆندا ئەم ژوورە ئاگردانێکی تێدابووە بەڵام لەکاتی نۆژەنکردنەوەی خانووەکە لابردراوە بەمەبەستی فراوانکردنی ژوورەکە. وە پەنجەرکانی ئەم خانووە کراون بەجامخانەی شوشە بۆ هەڵگرتنی کەل و پەلەکانی کشتووکاڵ.

ژووری دووەم: ماڵی کوردەواری ڕووربەرێکی بچووکە(٢م)ە لەباری درێژی(٢,٥م) لە ڕووی پانیەوە، کۆمەڵە کەل و پەلێکی تێدایە لەشێوەی دیوەخانی کوردی، وەك دایکێك منداڵەکەی لە بێشکەدەنێت، باوڵی ڕەنگداری بووکان جۆرێکە لە کەنتۆر تایبەتە بە هەڵگرتنی جل وبەرگ، لەگەڵ پەیکەری ئاغاکان لەکاتی میوانداری.

هۆڵی خانووەکە: لەبەشی ناوەڕاستدا جامخانەێك لە شووشە دانراوە، تێدایە کڵاوی پیاوانی تێدا پارێزراوە هەریەك لەم کڵاوانە تایبەتبوونە بە هۆزەکانی شاری هەولێر. پاراستنی سەقفی خانوو هەرچەندە بیناکە لەکۆندا پتەو دروستکراوە لە دار و کاریتە بەڵام بۆ مانەوەی هەمیشەی پتەوو نەبووە بۆیە گۆڕانکاری تێداکراوە، کراوە بە ئاسن و پلاستێك.

ژووری بەڕێوەبەر: ژوورێکی بچووکە شوێنی دانیشتن و بەڕێوەبردنی مۆزەخانەکەیە زۆربەی ئەرشیف و زانیارییەکان لەم ژوورەدا پارێزراوە.

هەروەها بوونی توالێت و دەست شۆر پێویستیەکی سەرەکیە وایکردووە گەشتیاران پێویستیەکانیان تێدا جێبەجێبکەن.

نهۆمی دووەم: کاتێك دەچیتە بەشی سەرەوە چەند بەڕ و مافوورێکی کۆن دەبینیت پێی ڕازینراوەتەوە پێکهاتووە لە چوار ژوور و هۆڵێکی گەورە تایبەتە بەکافتریای مۆزەخانە

ژووری یەکەم : کەل و پەلی کوردەواری بریتین لەم پاشماوە کۆنانەی خەڵك بەکاریهێناوە بۆ کاروباری ژیانی ڕۆژانەی وەك (کوپ و گۆزە و مەتارە و فانۆس و مەشکە و گۆزەی ساردکرنەوەی ئاو و کەرەستەی نان دروستکردن).

ژووری دووەم: شوێنی جل و بەرگی کوردەواری پیاوان و ئافرەتان، کۆنترین جۆرەکانی جلی کوردی تێدایە، بەمەبەستی پاراستنی دەستووری ڕەسەنی کوردی، نمایشکردنیان و مانەوەیان لەمێژووی شارەکە، جل و بەرگی چەند هۆزێك لەخۆدەگرێت لەوانە ( سورچی و بادینی و دەشتی هەولێر )، لەگەڵ جۆرەکانی خشڵ و ملوانکە و بازنەی دەستی و کڵاوبەستەی کوردەواری تایبەت بەخانمانی کورد، دروستکراون لەمۆری بەنرخ و بەردی مەرجان و یاقوتی ئێرانی ماددەی زیو و زێڕ و مس وە زۆربەی جۆری قوماشەکان بریتین لە حەریر(ئاوریشم – کڕ - لۆکە و کەتان و کشمیر). ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتووان و گەشتیاری بیانی سەردانی ئەم مۆزەخانەیە دەکەن بەمەبەستی بینینی جوانیەکانی سەردەمانی کۆن لەشاری هەولێر، توانیوویەتی داهاتێکی باشی هەبێت بۆ هەمیشە پێشکەشکردنی دیمەنێکی کۆن لەڕابردوو و پەرژینێك بۆ کلتوری داهاتوو.





وێنەی ژمارە ٢٥ (مۆزەخانەی ڕستن و چنین)
بەرواری ٢٠٢٤/١/٨

٩٥- چاوەپێکەوتن لەگەڵ بەرێز شاخەوان ئیڤان، ڕێکەوتی٢٠٢١/١٢/٣٠_ کات١٢:١

**شەشەم _ئەتیکەخانەکانی قەلاّی هەولێر**

**١- ئەتیکەخانەی قەلاّی هەولێر:**

**خاوەنی ئەتیکەخانە پیاوێکی بەتەمەنە بەناوی(خالیص یونس)بەهۆی تێکەڵبوونی بەئیشەکەیەوە بە(خالیص ئەنتیك) ناسراوە، نزیکەی(٥٠)ساڵە سەرقاڵی کۆکردنەوە و پاراستنی پارچە کەلەپوورییەکانە، بەهەزاران پارچەی ڕەسەنی شاری هەولێر و ناوچەکانی دیکەی کوردستان لەم شوێنەهەیە. ئەم کەل وپەلانەی لەئەتیکەخانەکان هەیە بەپێکهاتەیەکی دەگمەن دادەنریت، ڕەنگە لەداهاتوو لەمۆزەخانەیەکی نیشتمانی گەورە بیانپارێزێت. یەکێکە لەو شوێنانەی ڕۆژانە خەڵکی زۆر سەردانی دەکەن، ئەتیکەخانەی قەلاّ پڕیەتی لەشوێنەوار و کەلەپووری کوردەواری. لەنێو ئەم مۆزەخانەیە بەشێکی زۆر کاری دەستی تێدایە نزیکەی(٤٠)پارچە دەبێت لەهونەرکاری چنینی هۆزە نیشتەجێ و ڕەوەندەکانی ناوچەی پارێزگای هەولێر پارێزراوە، زۆربەی ئەم کەل وپەلانە ڕایەخ و کالاّ و پۆشاکن کەرەستە خاوەکەشی لەخوری مەڕ و مووی بزن و مالاّتی دروستکراون و بەڕەنگی گیاوگوڵ و ڕووەك ڕەنگکراون، هەندێك لەم پارچانە مێژووی سەدان ساڵی هەیە. لەسەرەتادا بریتیبوو لە بینایەکی سادە بەقەبارە و ڕووبەری (٦,٣٠م)، پانیەکەی(٥,١٣م)، شێوەی بیناسازیەکی کراوەی هەبوو وەکوو کەپرێك داپۆشراوە بە پلاستێك، لە ساڵی(٢٠١٠ز) دروستکرابوو، بەلاّم کاتێك قەلاّی هەولێر لەساڵی(٢٠١٣ز) بەفەرمی دەستکرا بە نۆژەنکردنەوەی ، بەمەش باڵەخانەیەکی تایبەت و گەورەتر بۆ ئەتیکەخانە دابینکرا، پێکهاتووە لە نهۆمێکی گەورە، لەپێشەوە دەرگایەك هەیە بۆ پێشوازی، لەبەشی ناوەوە دابەش دەبێت بۆ سێ ژوور:**



**وێنەی ژمارە ٢٥ ()ئەتیکەخانەی قەلاّی هەولێر**

**بەرواری ٢٠٢٤/١/٨**

ژووری یەکەم: شوێنی گشتی هەموو ئەم کەل و پەلانەی تێدایە، خەڵکی پێشکەش بە ئەتیکەخانەکەی کردووە جا بەشێوەی دیاری یان کڕین و فرۆشتن، زۆرترین کەل وپەلی تێدایە ئەوەندە دیمەنێکی جوانی هەیە دەتباتەوە بۆ سەردەمانی ئەوسا ژیان چەند سادەبوو، خەڵکی هەولێر دروستکەری پێداویستیەکانی خۆی بوو.

ژووری دووەم : دروستکراوە بەشووشە هەموو ئەم پێداویستیانەی تێدا وشککراوەتەوە لەوانە (مامزی کێوی و ڕێوی زێوی و پێستی ئاژەڵ و پەڕی تاوس...هتد) بەژووری گیانەوەری وشککراوە ناسراوە.

ژووری سێیەم: کەل وپەلی دەگمەن، زۆرێك لە پارچە کۆنەکانی تێدا پارێزراوە بەپارەیەکی خەیاڵی کڕاون، لەلایەن خاوەنی ئەتیکەخانەکە، بریتین لە(خەنجەری ئاغاکان و ئامێری میوزیك و جامی ئاوخواردنەوە و دۆڵابی جلوبەرگ و قاپی نەخشداری کۆن و سەماوەری چای و تەسبیحی بەردی بەنرخ...هتد)، ئەم شوێنە زیاتر لە هەزاران پارچەی تێدایە، زیاتر(٧٠٠) پارچەی کەلەپووری ڕەسەنن و ئەوانی تریش پێداویستی ناوماڵ و ڕازاندنەوە و لاوەکین بۆ دیاری و جوانی سروشتی نێو ژیانەوەی کوردی. سەردانیکەرانی ئەتیکەخانە کەسانی جیاواز و هەمەڕەنگن، جگەلە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان ، هاوکات گەشتیارانی بیانی و ناوچەکانی دیکەی عیراقیش، سەردانی دەکەن بۆ بینینی پارچە کوردییەکانی کوردستان.



وێنەی ژمارە ٢٦ (بەشی ناوەوە ئەتیکەخانەی قەڵای هەولێر)

---

٩٦- گفتوگۆی تەلەفۆنی لەگەڵ بەرێز خالیص یونس، ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/١٧_ کات١٠:٣٢

**٢- ماڵی کەلەپووری تورکمانەکان لە قەلأی هەولێر**

**ئەم پێشانگایە دەکەوێتە لای باشووری خۆرئاوای قەلأی هەولێر لەسەرەوەی ئەتیکەخانە، ماڵی ڕۆشنبیری تورکمانەکانی قەلأی هەولێر، خانووەکە کەلوپەلی فۆلکلۆری ناوماڵ لەخۆدەگرێت نوێنەرایەتی میراتێکی بچووکی ماڵە تورکمانەکانی قەلأی هەولێر دەکەن، لە(٥ی ئەیلوولی٢٠١٧ز) بەفەرمی کراوەتەوە لەلایەن کەسایەتی(شەفەق تورکمان)، ئامانجی پێشانگاکە پاراستن و نمایشکردنی کەلتوور و مێژووی تورکمانەکانی هەولێرن، سێیەم گەورەترین نەتەوەی عێراقن، یەکێکە لەبینا نەریتییە کۆنە نۆژەنکراوەکانی باڵی خۆرئاوای قەلأیە، لەپێشانگاکەدا مۆدێلێکی تایبەتی ناوەوە و پێکهاتەی نەریتی و کەلتوورییەکانی کوردستان نمایشدەکرێت بەمەبەستی پاراستنی میراتی کەلتووری خۆیان، ئەم ماڵە ڕووبەرەکەی نزیکەی(٢٠٠م) دەبێت بەلای پانی، بەلأم لەڕووی درێژییەوە (١٤٥م)ە، لەدوونهۆم پێکهاتووە، چوارژوور و هۆڵێکی ناوەند لەخۆدەگرێت بە قەبارەیەکی بچووك و گونجاو: ژووری یەکەم و دووەم بەلای خۆرهەلأت: بۆ گەورە دەرکەوتنی ژوورەکان لەکاتی نۆژەنکردنەوە دیوارەکانی لابردراون، دوو پەنجەرە لەخۆدەگرێت لە ماددەی ئاسن دروستکراون ، ژێرهیوانەکەی نزیکەی(١,١٥م) شێوەیەکی چوارگۆشەیی هەیە، کراوە بە شوێنی بەڕێوەبەر و پارچەی دەگمەن و بەنرخ و وێنەی کەسایەتیە تورکمانەکانی قەلأ بەچەندین ئامێری کۆن و میوزیکی و فەرش و بەڕی ڕەنگاو ڕەنگ داپۆشراوە.**



**وێنەی ژمارە ٢٧ (ماڵی کەلەپووری تورکمانەکان لە قەلأی هەولێر)**
**بەرواری ٢٠٢٣/٨/٢٣**

**هۆڵ یان حەوشەی ماڵەکە:** کەوتۆتە ناوەڕاستی خانووەکە، پێکهاتووە لە سەکۆیەکی نیمچە بەرز نزیکەی نیومەتر کەمتر دەبێت، لەم حەوشەیە پەیژەیەکی تێدایە دەچێتە بەشی سەرەوە ، ئەم شوێنە بەشێوەیەکی فۆلکلۆر و کەلەپووری داپۆشراوە، لەشێوەی دیوەخانی بەگەکان(ئاغا) تایبەتکرابوو بەمیوانەکان، کاتێك سەردانی ئەم شوێنە دەکەیت دەبینیت کورسیە دارەکان بەرامبەرت دانراوە بەجاجمی کوردی شێوە چوارگۆشەیی داپۆشراوە، لەتەنیشتەکانی کوپەی ئاوخواردنەوە و فەرشەو و کورسی جولاّوەی لەدار دروستکراوی لێدانراوە، زەوییەکەی بەپارچە ڕایەخێکی هێڵدار و شێوە تیژ و چوارگۆشەیی و ئەستێرەیی ڕازێنراوەتەوە، جگە لەمەش چەندان پارچەی جیاواز دانراوە بۆ جوانکاری وەکو(تابلۆ و گوڵ و شوێنی خەڵووز و سەماوەر و قاپی تەشی و مەسینە و سەبەتەی خۆراك و گسك و چەندان بابەتی تر).

**ژووری سێیەم و چوارەم:** ئەم ژوورانە دیواری نێوانیان لانەبردراوە، دارەکانی لەدار دروستکراوە وە پەنجەرەکانیشی لە ئاسن ڕووپۆشکراوە نەخشی پێچاوپێچ و سێگۆشەی تیژ و بازنەیین، ژێرهۆڵەکانی نزیکەی (١م) دەبێت ، لێواری دیواری بن هۆڵەکان لەشێوەی کەوانەیی دروستکراوە لەبەردی مەڕمەڕ، بەشی ژێرەوەی دروستکراوە لە لوولەیەکی بازنەیی لەداری سنەوبەر دواتر ڕووپۆشکراوە بەبۆیە(ڕەنگ)، دەتوانین بڵێین کەلوپەلی تایبەت و ناومالّی تێدایە لەگەڵ بوونی سێ کتێب، پارێزراوە لەناو جامخانەیەکی شووشە، چەندان پێداویستی کۆن بەکارهێنراوە بۆ ژیانکردن بۆ کاروباری ڕۆژانە، هەرچەندە سالآنێکی کەمە ئەم شوێنە کراوەتەوە، بەلاّم پێگەیەکی گرینگی دروستکردووە، وایکردوو تورکمانە کۆنەکانی قەلاّی هەولێر و نەوەکانیان بگەڕێنەوە بۆ سەردانیکردنی، زۆرێك لە گەشتیاران لەم دوو ساڵەی ڕابردوو بەلێشاو گەشتی بەناودەکەن.



وێنەی ژمارە ٢٨ (بەشی ناوەوەی کەلەپووری تورکمانەکان)
بەرواری ٢٠٢٣/٨/٢٣

---

٩٧- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز شەفەق تورکمان، ڕێکەوتی٢٠٢٣/٧/٩ _ کات٦:٠٣

## ٣- ماڵی کلتووری بووکەڵەکان:

مۆزەخانەیەکی بچووکی فۆلکلۆری کوردییە، بەبەرجەستەکردنی ژیانی ژنی کورد ناسراوە، یەکێکە لەشوێنە ناوازەکانی شاری هەولێر، رێگە بەسەردانیکەرانی دەدات لە ڕووی داب و نەریت و رێوڕەسم و جل و بەرگ...هتد لەنزیکەوە ببینێت. مۆزەخانەکە دەکەوێتە خانوویەکی میراتی بەلای خۆرئاوا و ناوەڕاستی قەلاّی هەولێر نزیك بنکەی کۆمیسیۆنی بووژاندنەوەی قەلاّی هەولێر، ئەم شوێنە لەلایەن(جەرا ئەرگوشی مزوری)ی بەڕێوەدەبرێت، لەهەمان کاتدا بەرپرسیارە لەسەرپەرشتیکردنی مۆزەخانەی جلوبەرگی کوردی لەبەشی سەرەوەی مۆزەخانەی ڕستن و چنین. ئەم مۆزەخانەیە پێکهاتووە لە شوێنێکی بچووك لەسەر ڕووبەری(١٥٠م)، حەوشەیەك و دووژوور لەخۆدەگرێت :

ژووری یەکەم: تایبەتە بەبووکەڵەکان، بەجلوبەرگی کوردەواری جۆراوجۆر بەڕەنگی جیاواز، هۆزە کوردییەکان لەخۆدەگرن وەکوو(دەشتی هەولێر و باڵەکایەتی و سورچی و مزووری و بادینی و گەردی و لەك...هتد)، وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەی کورد و داب و نەریت و ڕێوڕەسمەکان بەرجەستە دەکات، لەوانە (جل و بەرگی هاوسەرگیری و پراکتیزەی کارکردن لە مەیدان و شاخدا) دەتوانێت لە ڕێگای بووکەڵە بچووکەکانەوە سەیربکرێت.

ژووری دووەم: شوێنی دیزاینی جلوبەرگ و دەستوورە کۆنە کوردییەکان، تێدا چەندان جۆری قوماش و جل و بەرگی دووراو پارێزراوە، نزیکەی(١٠٠)مۆدێلی جلی کوردییە لەناو کوردەکان بەکارهێنراوە، وەکوو (سەربەست و کراس و کەوا و هێلەگ و سەڵتە و دەلینگ و کۆلوانە و چارۆگ و بەرامپێل)، تەنانەت چەندان جۆری ئیکسسوارات وەك (خشڵ و مۆری و گۆبەر و گوارە و بازن و ناوقەد بەست و کڵاوی زێوی و مەرجان). مۆزەخانەی مۆدەی کوردی لە قەلاّ، هەنگاوێکە بۆ ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆر گەشتیار بۆ شاری هەولێر



وێنەی ژمارە ٢٩ (٣- ماڵی کلتووری بووکەڵەکان)
بەرواری ٢٠٢٣/٨/٢٣

---

٩٨- ( گفتوگۆی تەلەفۆنی لەگەڵ خاتوو جەرا ئەرگوشی ئەلمەزووری، ڕێکەوتی٢٠٢٤/١/٩_ کات ٨:٣٠

**حەوتەم- ماڵی گۆرانیە کۆنەکان**

پاراستنی ئەرشیفی گۆرانی، بیرۆکەی دامەزراندنی مۆزەخانەی بچووك بۆ پاراستنی شریت و کاسێت و ڕادیۆ و تەنزیل، لەوەوە هاتووە بەشێك لە مەقام و لاوك و بەستەی کوردی بەهۆی مردنی خاوەنەکانیان لەناوچوون، بەهۆی نەبوونی ئەرشیفی میلی و حکومی بۆیە زۆرێك لەبەرهەمەکان وونبوون، بەشێك لەتۆمارەکانی ناو مۆزەخانە تەمەنیان زیاتر لە سەد ساڵە، وایکردووە تەنها ڕێژەیەکی کەم لە هونەرەکوردییەکان کۆبکرێتەوە، وە لەلایەن(ئەمجەد ئەسعەد)دامەزراوە بۆ پاراستنی هونەری کوردی، کەلوپەلی کۆن و فەرشی کۆن لەکاتی گۆرانی گوتن بۆ هونەرمەندەکە دادەنرا، هەروەها مۆزەخانەی گۆرانیبێژی تێدایە کە ئەرشیفی گۆرانی بێژانی کورد لە خۆدەگرێت زۆربەیان کۆچی دواییان کردوو، لەڕووی بیناسازییەوە خانووەکە کەوتۆتە خۆرئاوای باکووری ماڵی تورکمانەکان و ناوەڕاستی گۆڕەپانی قەلاَ، لەئێستادا لەتەنیشت مۆزەخانە خەریکی کارکردنن بۆ باشترکردنی ئەم شوێنە بەدروستکردنی سەوزاییەکی دلگیر بۆ پشوودان و دانیشتن، ڕێڕەوێك بۆ کردنەوەی کۆڵان و خانووەکانی پشتەوە ، پێکهاتووە لە دوونهۆم حەوشەیەك لەسەر ڕووبەری (٢٠٠م):

نهۆمی یەکەم: پێکهاتووە لە حەوشەیەك لاکانی کراوە بەباخچە و نێوانیان ڕێڕەوێکی باریکە بۆ چوونەژوورە، وەك میوانێك لەدەرگادەدەیت، کارمەندێك پێشوازێت لێدەکات وەکوو ڕێبەرێك بەخانووەکە دەتسووڕێنێت، بەگەرمی باسی ئەودەمە دەکات گۆرانیەکان بەئاوازێکی نایاب دەشتی هەولێری تەنیبوو لەشاران دەهاتن بۆ بردنی گۆرانی بێژەکان، پەنجەرەکانیان دروستکراون لەماددەی ئاسنی بەهێز و پتەو، دیوارەکانیان لە کەرپووچی سورکراوەیە، کاتێك ئاو بە خشت و کەرپووچەکان دەکەوێت بۆنی خاکی تەڕیدەدا بەخانووەکە، لەسەر دیواری بەشی ناوەوە تابلۆی چنراو وێنەی دەستی هونەرمەندەکان هەیە کورتەیەك لە کەسایەتی باس کراوەن.

نهۆمی دووەم: شوێنی هەڵگرتنی ئامێرە میوزیکە کۆنەکانە، هونەرمەندەکان بەکاریان دەهێنا بۆ ژەنین لەوانە وەك(عود و کەمان و تەپڵ و نەی و باڵەبان و زوڕنا و شمشاڵ و دەف و دەهۆڵ)تاکوو ساڵانی(١٩٦٠ز) گۆرانیە کوردییەکان بەبێ بەکارهێنانی میوزیك بوو تەنها ئامێرەکان بەکاردەهات، جارجارە بەتایبەتی شمشماڵ و تەپڵ و نەی، بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەهونەر و فۆلکلۆری کوردی ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لەکەسانی ناوخۆی هەرێم و دەرەوەی وڵات سەردانی ئەم مۆزەخانەیە دەکەن بۆ ئەوەی لەنزیکەوە بینەری کلتووری کوردی بن لە ناو.



وێنەی ژمارە ٣٠ (ماڵی گۆرانیە کۆنەکان )
بەرواری ٢٠٢٣/٨/١

٩٩_( گفتوگۆی تەلەفۆنی لەگەڵ بەرێز ئەمجەد ئەسعەد، ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/٥_ کات ٩:٢٠

**هەشتەم - سەنتەری ڕۆشنبیری قەلاَی هەولێر**

ماڵی ڕۆشنبیری لەسەر قەلاَی هەولێر ناوەندێکە بۆ پەرەپێدانی هونەرە جیاوازەکان، ماڵی کەلتووری(سەنتەرەکە) بەدیزاینێکی کلتووری دروستکراوەتەوە، لەساڵی (٢٠٢٣ز) لەلایەن زانکۆی جیهان، بەسەرپەرشتی(حاجی یەحیا باجگر)، نۆژەنکراوەتەوە، لەئێستادا بەرێوەدەبردرێت لەلایەن خاتوو(مەڕوە نامیق).

سەنتەری ڕۆشنبیری: دەکەوێتە خۆرهەلاَتی گەڕەکی سەرا لەخۆراوای مزگەوتی قەلاَ، ئەم ماڵە لەچەند بەشێکی کاری دەستی پێکهاتووە هونەرمەندان بێبەرامبەر لەو شوێنە پەرە بە کارە هونەرییەکانیان دەدەن. هەر یەك لەم بەشانە لەلایەن ئافرەتان بەرێوەدەبردرێت. (بروانە وێنەی [١]) ئەم بینایە نزیکەیی (٢٥٠-٢٨٥م) دەبێت، لەکۆندا لەناو ئەم خانووە سێ نەتەوە و ئاینی جیاواز بەیەکەوە ژیاون لەوانە(جوولەکە و مەسیح و موسڵمان) هەریەکەو ژوورێکی بەرکەوتووە، چونکە خانووەکە لە پێنج هۆدە(ژوور) پێکهاتووە، بەشەکانی ماڵی ڕۆشنبیری لەچەند بەشێکی کاری دەستی پێکهاتووە وەك(خۆشنووسی، بەرگدروو، سیرامیك، شێوەکاری، مۆزەخانەی کەلتووری)

[١]-ژووری خۆشنووسی: دەکەوێتە سەرەتای چوونەژوورە بۆ خانووەکە، بەئاڕاستەی باشوور، دامەزراوە لەلایەن(عەلی ئەلوەنی)، لەبنەڕەتدا ژووری موسڵمانەکانبوو، شێوەیەکی ئەندازەیی هەیە کۆمەڵێك تاق لەخۆدەگرێت لەگەڵ پەنجەرە، تاقەکان لەبەردی مەرمەڕ دروستکراون وە پەنجەرەکانیش لەئاسن بەلاَم لەکاتی نۆژەنکردنەوە کراون بەپەنجەرەی داری دوودەری ئاوێنەدار. لەبەشی سەرەوەی ژوورەکە لە ژێرسەقفەکان چەند دەلاقەیەکی بچووك هەیە لەشێوەی ئەندازەیی چوارگۆشە، هونەرمەندی خۆشنووس(عەلی ئەلوەنی) باسی لەوەکرد ڕۆژانە سەرقاڵی نووسین و پراکتیزەکردنی جۆرەکانی خەتە، نووسینەکانی زیاتر تێکەڵەی ڕەنگەکانن، بریتین لە(خەتی سولس و نەستەعلیق و روقعە و نوسخ و شکتسە و دیوانیی و محقق و ئیجازە و کوفی...هتد) بۆ دروستکردنی تابلۆیەکانی بەکاردەهێنێت لەسەر داواکاری هاولاَتیان، بەلاَم ئەم تابلۆیانەی فرۆشراون تەنها لەلایان کەسانی بیانی کڕدراون، لەهەمان کاتدا خواست هەیە بۆ فێربوونی خۆشنووسی لەلایەن هەندێك کەس بۆ ئەوەی خەتیان خۆش بێت.





وێنەی ژمارە ٣١ ( سەنتەری ڕۆشنبیری قەلاَی هەولێر)
بەرواری ٢٠٢٣/١/٢٧

٢- ژووری سیرامیك: ژووری مەسیحیەكانبوو، كەوتۆتە خۆرهەلاتی ناوەوەی خانووی مالی ڕۆشنبیری، بریتییە لەبەشی سیرامیك لەلایەن خاتوو (شیرین خزرپوور) بەڕێوەدەبردرێت هونەرەكەش پێكهاتەی سەرەكی خۆل و ئاوە، دوای تێكەلكردن لە قالب دەدرێت یاخود لەسەر چەرخی خێرا دۆلاب بەدەست شێوەكەی دروستدەكرێت دەخرێتە ناو فرنەوە و ڕووپۆشدەكرێت بەو ڕەنگەی داواكاری لەسەرە، ئەم ژوورە شێوەیەكی لاكێشەیی هەیە قەبارەی ژوورەكە بچووكە نزیكەی (٦م) درێژە و (٣,٥م) پانە، ژوورێكی سادەیە بێنەخش و نیگارە، پەنجەرەكانی داری ساج دروستكراون لەكاتی دووبارە بنیادنانەوە، خاتوو شیرین باسی لەوە كرد دوو شێواز كاركردن لەم شوێنە هەیە یەكەم: بەبازاڕكردن ئەم كەل و پەلانەی دروست دەكرێن بەشێكی تایبەت كراون بە فرۆشتن مەبەستی دەستكەوتنی داهاتە، دووەم: بەمەبەستی جوانكاری بۆ ڕازاندنەوەی ژوورەكە وەك دیاری بەخشین بەكەسانی ناودار و شاندە بیانیەكان. سالانە خولی فێركاری بۆ هەوادارانی دەكاتەوە بەمەبەستی فێربوون و چێژ وەرگرتن لە هونەرەكە.

٣- ژووری شێوەكاری: یەكێكە لەو بەشانەی لەمالی ڕۆشنبیری كراوەتەوە، دەكەوێتە بەرامبەر پەیژەكانی خانووەكە واتا بەشی حەوشەكە، لەسەر ڕووبەری (١٠م)ی یەكسان لەدرێژی و پانییەكەی. چەندین تابلۆی جیاواز بەهەلواسراوی لەشوێنەكە دەبینرێت هەریەكێكیان گوزارشت لەشتێكی جیاواز دەكات. لەلایەن (نەجلە یوسف) بەڕێوەدەبردرێت، مامۆستای شێوەكارییە لە هونەرەكەی بەهەمان شێوە بەرهەمەكانی بۆ فرۆشتن و جوانكارییە و دیمەنێكی جیاوازی بەخانووەكە بەخشیووە تابلۆكانی بریتین لە دیمەنی (ئاشتی و جەنگ و ئازادی بۆ ئافرەت و سروشت و ئەفسانەكانی بەهەشت و دۆزەخ و ئەفسانەی شاماران و دیمەنە یۆنانییەكان چەندان بابەتی تر).



وێنەی ژمارە ٣٢ ( سەنتەری ڕۆشنبیری قەلای هەولێر)
بەرواری ٢٠٢٣/١/٢٧

**٤- ژووری بەرگدروو و مۆزەخانەی کەلتووری: دووبەشی جیاوازن بەلاّم کەوتۆتە ژووری جوولەکەکان چونکە لەهەموو بەشەکانی تر گەورەترە لەناوخانووەکە، دەکەویّتە بەشی باکووری خانووەکە ژوورەکان بەتەك یەکەوەن.**

**ژووری بەرگدروو: بەلای دەستەڕاستە، شێوەیەکی ئەندازەیی چوارلای هەیە خاوەنی چەند تاقیگەیە لەگەڵ دەلاقە پێداویستی جوانکاری تێدایە، ڕووبەری ژوورەکە دیاریکراوە چەندان کەلوپەلی گرانبەهای کلتووری کوردی تێدایە وەکو(مەکینەی دوورمان و ئوتوی بەخەڵوز و پەیکەری ئافرەتان داپۆشراون بەجلوبەرگی ڕەسەنی کوردی لەگەڵ پێداویستی جیاواز لەکۆندا بەکارهاتووە بۆ ڕێکردنی منداڵ و دۆلاّبی کوردەواری و فەرشی چندراو بەڕەنگی تایبەت و دەگمەن چەندان زەخرەفە و وێنەی جیاواز لەخۆدەگرێت و بێشکە و ئامێری میوزیکی کۆن). سالاّنە چەندین پێشەنگا دەکرێتەوە بۆ نمایشکردنی بەرهەمەکانیان، لەناوەوە و دەرەوەی کوردستان، کڕیاران خواستێکی تایبەتیان بۆی هەیە. وایکردووە کلتووری کوردی بەزۆرێك لەناوچەکانی خۆرهەلاّتی ناوەڕاست و ئەوروپادا بلاّوبێتەوە.**

**ژووری مۆزەخانەی کلتووری: لەتەنیشت ژووری بەرگدوورە، کەوتۆتە ماڵی جولەکەکان، ژوورێکی بچووکە بەکاردێت بۆ نمایشکردنی کەلوپەلی کوردی لەسالاّنی(٥٠-٩٠)ەکان باوبوو لەدەشتی هەولێر بریتین لە(ئاوێنە و دۆلاّبی بووکان و تەلەفۆنی گشتی بەداله و پێداویستی جوانکاری خانمان بۆ ئارایشت و ملوانکە و دەستبەندی منداڵان و هاون و دەستاڕ هاڕینی گەنم وجۆ و ڕەوڕەوەی منداڵان بۆ ڕۆیشتن. هەموو سوچێکی ئەم ماڵە کراوە بە وێنەیەك بۆ ڕابردووی کوردەواری، ڕازێندراوەتەوە بە دەستووری کوردی وەك جاجم و ڕەشماڵی ڕەوەندەکان کەلوپەلی دێرین لەبەشی حەوشە و ژێرهەیوانەکەی، دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەوسا داپیرەکانمان بەدەم دوعا و سەلاوات خەریکی نانکردن و پێشکەشکردنی خواردنبوون بۆ خێزانەکانیان، حەوشەی خانووەکە لەئێستادا کراوە بەشوێنێکی گشتی بۆ خواردنەوەی چا و قاوە و دروستکردنی نان و کولێرە و ئەستووك بەنرخێکی گونجاو لەسەر خواستی هاولاّتیان دروست دەکرێت. لەسەنتەری ڕۆشنبیری قەلاّی هەولێر فێستیڤاڵی کلتووری کوردستان بەڕێوەدەچێت، تێیدا چەندین چالاّکی وەك تابلۆ و کاری دەستی و جلوبەرگی کلتووری کوردی و نمایشی ئەسپسواری و چەندین چالاکی جۆراجۆریتر نمایشدەکرێت .**

---

**١٠٠_ چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو مەروە نامیق، ڕێکەوتی١٠/١/٢٠٢٤_کات ١٢:٤٩**

**نۆیەم- قاوەخانەی کلتووری قەڵا**

پتر لەنیوسەدەیە، لەزمانەوە بۆ زمان ووشە و ناوی(مەچکۆ) لەبیرەوەزری دانیشتووانی شاری هەولێر چەسپاوە، بەشوێنێکی کەلتووری و کۆن دادەنرێت. لەکۆنەوە لە هەولێر کەسانێکی زۆر هەن پێیانخۆشبووە جێگاو شوێنێك هەبێت بۆ ئەوەی پشوویەکی تێدابدەن، لەهەمان کاتیش خۆشەویست و ئازیزانی تێدابیبنن، جا باشترین شوێنی جارانیش بریتیبوو لە(چایەخانە و قاوەخانە)، هەربۆیە لەو سەردەمەدا شوێنی دیاریکراو لەشێوەی قاوەخانە بەرۆژ و ماوەیەکی دیاریکراو لەشەو دەرگایان بەرووی خەڵکی شارەکە و میوانان کرایەوە لەوانە: (چایەخانە و قاوەکانەکانی عەبۆ و حاجی مستیل و بایز و عەلی فلەیح و مام خەلیل و مەچکۆ و سەید سەلیم)، چایەخانە و قاوەخانەکانی دیکەی هەولێر جگە لەوانەش چەندان شوێنیتر هەبوون بەناوی کەوبازان و لەیالی هەولێر و قەرداران وسەید کەریم و تاقی......هتد. ، قاوەخانەی مەچکۆ یان چایخانەیەکە، دروستکراوە لەدیوارەکانی نزیك قەڵا لەژێرەوەی بەرامبەر قەیسەری هەولێر قاوەخانەکە لەساڵی(١٩٤٠ز) لەلایەن(مەجید اسماعیل مەچکۆ)کراوەتەوە، تاکوو ئێستاش لەلایەن بنەماڵەی مەچکۆوە بەڕێوەدەبردرێت. بەدووەم قاوەخانە دادەنرێت لەلیستی تۆمارکراوی یوونسکۆ، ئەم قاوەخانە بەوە ناسراوە ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و ئەکادیمیان بۆ لایخۆی ڕادەکێشێت، شوێنی هەموو چین و توێژێکە لەشاری هەولێر، شێوەیەکی سەرنجڕاکێشی هەیە. لەرووی بیناسازییەوە لەسەر شێوەی هەیوان دروستکرابوو تەنها سەکۆیەك هەبوو بۆ دانیشتن و خواردنەوەی چای و قاوە، بەڵام لەکاتی نۆژەنکردنەوە بەئاسن و کەرپووچ دروستکرایەوە لەشێوەی باڵەخانەیەك لە دوونهۆم پێکهاتوو، چەندان ژوور و بەش لەخۆدەگرێت، لەسەر رووبەری(٢٠٠م) لەگەڵ ئەتیکەخانەکە بەیەکەوە(٣٥٠م) دەبێت، لەسەر قەبارەی پانی(١٢-١٣م)، دابەشکراون بۆ چەند بەشێك وەکوو:



وێنەی ژمارە ٣٣ (قاوەخانەی کلتووری قەڵا)

بەرواری ٢٠٢٣/١/٢٧

نهۆمی یەکەم: پێکهاتووە لە سێ ژووری گەورە لەکاتی دروستکردن، بەڵام لەئێستادا بەهۆی ناوبڕی لەدار بەش بەش کراوە، تایبەت کراوە بەشوێنی دانیشتنی گشتی و پیاوان، هەرچەندە لەبەشی ناوەوە بەخشت و کەرپووچ بنیادنراوە بەشێوازێکی سادە بەڵام بەچەندان وێنەی بنەماڵە و کەسانیەتییە دیارەکان و ڕێکلامی قاوە وەکوو جوانکاری ڕووپۆشکراوە، دیمەنەکانی خەندەیەکی ئارام و نەرم دەبەخشێت بەخەڵکەکە، پەنجەرەکانی شێوەیەکی کەوانەیی هەیە لەماددەی داری سنەوبەر دروستکراون، بەشووشەی ڕەنگاوڕەنگ ڕازاندراوەتەوە، لەسەرەوەی پەنجەرەکان کونێکی بازنەیی هەیە ڕەنگە لەسەردەمانی کۆن بۆ ڕووناکی و هەوا گۆڕکێ بەکارهاتبێت، کورسیەکان لەدار دروستکراون بەرامبەر بەیەکتری دانراوە، فەرشەکان لەسەر زەوی قاوەخانەکە دیمەنی ئەوسای گێڕاوەتەوە، ماڵەکان بۆ خزمەتی میوانەکانیان ڕایانخستووە وەکوو دەربڕینی دڵخۆشبوونیان بەهاتنی میوانەکان، بەدەنگی لاوك و حەیران و سەدای پیاڵەوبنەکەی(ئیستیکان) قاوەخانەکەی ئاوەدانکردۆتەوە. وە شوێنی پێشوازی و پرستگەی تێدایە هەرکە سەیرێکی دیمەکانەکان دەکەیت لەدڵەوە خۆشییەك لەسەر ڕووخسار دەردەکەوێت.

نهۆمی سەرەوە: دووژوور و ژێر هەیوانێکی هەیە لەناوەڕاست بەشێوەیەکی کراوەیی ڕوو لەدەرەوە، لەکاتی نۆژەنکردنەوە هەیوانەکەی بەماددەی پلاستیك (جەمەلۆن) زیاتر بۆ گەورەکردنی هاتۆتە پێش، ژوورەکانیش وەکوو کۆگایەك بەکاردێن بۆ هەڵگرتنی پێداویستیەکان، بەهەمان شێوە لەڕووی دیزاین و دیکۆر نزیکە لەنهۆمی خوارەوە بەهۆی پەیژەیەك لەبەشی دواوەی دەست شۆرەکە سەردەکەویت بۆ سەرەوە، باڵکۆنێکی تێدایە بەکاردێت بۆ دانیشتن بەمەبەستی خواردنی بەیانیان چونکە تیشکی خۆر هەرکە لەپەنجەرەکانیدا ڕووناکی باڵدەکێشێت بەسەر قاوەخانەکەدا بۆیە وایکردووە داواکارییەکی زۆری هەبێت بۆ دانیشتن لەم شوێنە. قاوەخانەی مەچکۆ وێستگەیەکی پڕ لە کەلتووری جیاجیایە، ئێستای قاوەخانەی قەڵای دێرین نموونەییەکی زیندووە بۆ هەموو مرۆڤایەتی جیهان هەموو زمان و کەلەپوورەکان وە میوانەکان و گەشتیارەکان کۆ دەکاتەوە بەخۆشی ، چایە و قاوەکەی بۆ ساتێك هەستە نەرێنیەکان لەبیردەباتەوە.

---

١٠١- چاو پێکەوتن لەگەڵ بەرێز محمد امین مەچکۆ، ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٢٥_کات ٣:٢٠

**دەیەم - ئاماری گەشتیاری سەردانکەرانی قەلأی هەولێر**

گەشتیاری ڕۆلێکی گرینگی هەیە، لەبەدیهێنان و بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری و کۆمەلأیەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی بەوپێیەی هۆکارێکی کارایە بۆ پەرەپێدانی بیر و ئالوگۆڕی ڕۆشنبیری نێوان گەلاندا، هەروەك هاوکارە بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییەکان و پتەوکردنیان. گەشتیاری لە هەرێمی کوردستاندا بەسەرچاوەیەکی گرینگی داهات و ڕاکێشانی سەرمایەی ناوەخۆیی و بیانی دادەنرێت، ئەوەش هاوکاردەبێت بۆ فەرهەرامکردنی دەستی کار و کاراکردنی پیشەسازی ناوەخۆیی و کەرتەکانیتر کەپەیوەندی جیاجیایان لەگەڵ چالاکی گەشتیاری هەیە. هەروەك چۆن ئەمڕۆ جموجۆڵی کەرتی گەشتیاری زۆر بەخێرایی گەشەیکردوە لەجیهان و گشت ئەو ناوچانەی بنەمای ڕاکێشانی گەشتیاریان هەیە کارێکی ئەرێنی لەسەر ئابووری نیشتیمانی دروستکردووە، سەرباری ئەوەی بۆتە ڕایەلەی پردی پەیوەندی و یەکتر ناساندنی گەلان و گرینگترین ڕوانگەی شارستانی و سەچاوە مێژووییەکان. هەولێر وەکوو پایتەختی هەرێمی کوردستان بەبوونی زۆر لەشوێنە مێژوویی و شوێنەوارییەکان جیادەکرێتەوە وەك یەکێك لەشوێنەکانی ڕاکێشانی گەشتیاری بەسومبوولی شارستانی و ناسنامەی مێژوویی شارەکە دادەنرێت دەکرێ ببێتە شوێنێکی گەشتیاری گرینگ. قەلأی هەولێر بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافیایەکەی لە شاری هەولێر وایکردووە پێکەوەژیانی هەبێت بەمەش سالأنە سەرنجی گەشتیارێکی زۆر بۆخۆی ڕابکێشێت، بەشێکی زۆریان لەهاولأتیانی ناوەخۆ و ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوەیە، ڕێژەی هاتنی گەشتیار بۆ شاری هەولێر و قەلاَ مەزندەکەی لەم ساڵەدا لەچاو سالأنیتر کەمتربوونە ئەمەش بەهۆی نۆژەنکردنەوەی قەلأی هەولێر بۆ ماوەی شەش مانگ، ئەمەش بۆتە هۆکار بۆ ئەوەی گەشتیار نەتوانێت سەردانی ناوەوەی قەلاَ بکات. هەرچەندە ئامارێکی گەشتیاریمان نییە لە قەلأی هەولێر ، بەلأم لە ئاماری ساڵی (٢٠١٩ ز )ی قەلأدا تۆمارکراوە کە (کەس؟) سەردانی قەلأیان کردووە ژمارەی گەشتیارانی بیانی (کەس؟) و گەشتیارانی خوارووی عیراق (کەس؟) و گەشتیارانی کورد لە پارێزگاکانی دهۆك و سلێمانی و هەڵەبجە و هەولێر ژمارەیان (کەس؟) .

**بەشی سێیەم:**

**هەنگاوەکانی هێنانی گەشتیارو پەرەپێدانی شوێنەوار و مۆزەخانەکانی هەولێر**

**تەوەرەی یەکەم:**

**سوودەکانی پەرەپێدانی گەشتیاری شوێنەواری لە پارێزگای هەولێر**

**یەکەم- دابینکردنی پێداویستیەکان بۆ هێنانی گەشتیار**

**١- هۆتیلەکان:**

**٢- کافتریاکان:**

**٣- چێشتخانەکان:**

**دووەم- بە بازاڕکردنی کەرتەکانی شوێنەواری گەشتیاری**

**١- ئامانجەکانی بەبازاڕکردنی گەشتیاری**

**٢- ڕۆڵی ڕێکلام لە بەبازارکردنی گەشتیاری:**

**٣- کاریگەری بلاّوکراوە (برۆشور) لەسەر بەبازاڕکردنی کەرتی گەشتیاری**

**٣- کاریگەری داشکاندنی کاتی لەسەر بەبازاڕکردنی کەرتی گەشتیاری**

**تەوەرەی دووەم**

**سوودەکانی کەرتی گەشتیاری شوێنەواری بۆ ژێرخانی ئابووری و ئایندەی هەرێم**

**یەکەم - هەڵمەتەکانی بەگەشتیارکردنی شوێنەواری و میکانیزمی پەرەپێدان:**

**دووەم - سوود و قازانجی گەشتیار بۆ ئابووری هەرێم و شاری هەولێر بەتایبەت**

**سێیەم - سوود و قازانجی شوێنەوار بۆ ژێرخانی فیکری ئێستا و ئایندە**

**١- هێنانی پارە لە دەرەوە و چاکردنی باری ئابووری خەڵك**

**٢- دابینکردنی هەلی کار بۆ دەرچووانی بەشەکانی شوێنەوار و مێژوو**

**٣- بلاّوبوونەوەی هۆشیاری شوێنەواری و پێگەیاندنی نەوەیەکی زرنگ**

**٤- ناساندنی کورد و مێژووی شاری هەولێر بۆ بلاّوکردنەوەی هەستی نەتەوەیی لەڕێگەی بەگەشتیاری قەلاّی هەولێر:**

## تەوەرەی یەکەم/ سودەکانی پەرەپێدانی گەشتیاری شوێنەواری لە پارێزگای هەولێر

### دابینکردنی پێداویستیەکان بۆ هێنانی گەشتیار

گەشتیاری یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی داهات بۆ زۆرێك لە ولأتان، بەهۆی پەرەسەندنی گەشتیاری گەشت و گوزار ئاراستەیەکی خزمەتکردن و پێشکەشکردنی وەرگرت بۆ بەدیهێنانی ژینگەیەکی جۆراوجۆر. دابینکردنی پێداویستی گەشتیاران بە یەکێك لە گرنگترین خاڵەکانی هێنانی گەشتیار دادەنرێت وادەکات خزمەتگوزاریکی نایاب دابین بکات، یارمەتیدەرە بۆ تێکەڵکردن و بەستنەوەی کەرتی گەشتیاری لەگەڵ کەرتەکانی تر.([1])، لە خوارەوە گرینگترین شوێنە پێویستەکان دەخەینەڕوو بۆ هێنانی گەشتیار:

**یەکەم هۆتێل:**

بریتییە لە شوێنی نیشتەجێبوون بۆ کەسێك یان زیاتر بۆ ماوەیەکی کاتی تێدادەمێنیتەوە لەبەرامبەر وەرگرتنی کرێی سنوردارکراو، چەندان کەلوپەل و مۆبیلیات و ئامێری دەنگی و خزمەتگوزاریی پاکردنەوە و چاککردنەوەی تێدایە، هۆتێلەکان بەبڕبڕەی پشتی چالأکی گەشتیاری دادەندرێت، تۆڕێکی بەهێزە بۆ کۆکردنەوەی کەسانی گەشتیار لە یەك شوێن، هۆتێل ووشەیەکی لاتینییە لە فەرهەنگی(لیسان العرب) هاتووە بە کاروان سەرای لەزمانی فارسیدا بە سیاباو ناوی هاتووە، لە زمانی عەرەبیشدا بە فندق هاتووە لە زمانی یۆنانی وەرگیراوە: ئەوەیە یۆنانیە کۆنەکان بە (PONTIKOS- KARUOON) واتا (دار فندق) بەوپێیە یەکەم هۆتێل لە دار فندق دروستراوە، وە هەروەها بە(FUNDICUN)یش ناوی هاتووە. وەك دیارە مێژووی دەرکەوتنی هۆتێل بەبیرۆکەیەکی کۆن دادەندرێت دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەرهەڵدانی ئاینی مەسیح، لەسەرەتادا هۆتێلەکان شوێنی نیشتەجێبوون بوون.([2])، بۆ هەولێر مێژووی بیرۆکەی هۆتێل کۆنترە لەوەی بیریلێدەکرێتەوە، بەشێوەیەك بۆیەکەمیینجار لەدەقێکی ئەدەبی ئاشووری لەسەردەمی پاشا ئاشوور بانیپال لە(٦٦٨-٦٢٧پ.ز) ناوی هاتووە بە((شاری ئەربائیل لە کاروان سەرای خانەدانانە)) لەمەوە دەردەکەوێت نەجیبزادەکانی ولأتی ئاشوور کاتێك سەردانی هەولێری ئەوسایان کردووە شەو لەشوێنی تایبەت ماونەتەوە.([3])، هۆتێل و میوانخانەکان بەقەد سەفەرکردن کۆنن، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، ڕۆمانییەکان یەکەم کەسی شارستانیەتە کۆنەکانبوونە شوێنی پشوودان و بەسەربردنی شەویان بەدرێژایی تۆڕی ڕێگاوبانەکان دابینکردوە لەسنووری ئیمپراتۆریەتی ڕۆما، نموونە کەسایەتی مارکۆ پۆلۆ ، لەگەشتە دوور و درێژەکانیدا باسی لەوە کردووە لە میوانخانە ماوەتەوە خزمەتگوزای پێشکەش کراو، بەلأم لەجیهانی کۆندا میوانخانە و هۆتێلەکان سنووردار بووە بەتێرکردنی پێداویستییەکانی ڕێبوار و سەردانیکەران و بازرگانەکان.([4])

---

[1]- احمد، ئاشنا اسماعیل، پەرەپێدانی گەشت و گوزار، هەولێر، ٢٠٢٢، لا ٧

[2]- شمطو، سمیر خلیل، الادارة الفندقیة، بغداد، ٢٠١٤، ص٣٥-٣٩

3-Living stone, and etal, Court poetry and literery Misccellanea state Archive Assyria-SA, Vol.3, (Helsink University Press -1989)

[4]- ملوخیة، احمد فوزی، مدخل الی علم السیاحة، الاسنكدریة، ٢٠٠٨،ص٣٥

خانەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی کۆن لە ڕابردوو یەکێکبوو لە دەستکەوتە گەورەکانی شارستانیەت، ئەمەش هۆکاری درەنگ دەرکەوتنی هۆتێلەکانە، چونکە وڵاتانی عەرەبی و میلەتی کورد وەکو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ڕێزێکی زۆریان لە میوان و گەشتیاران دەگرت، لەنێو گەلانی جیهاندا خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەمیوانداری لە ژوورە تایبەتە ڕازاوەکان بەناوبانگبوو بۆیەش زۆرێك لە گەشتیار و گەریدە و لێکۆلەر ڕوویان لەم ناوچانە دەکرد بۆ لێکۆڵینەوە و بەسەربردنی کاتێکی خۆش لەگەڵ دانیشتووانی شارە کۆنەکانی عێراق و کوردستان بەتایبەتی. گرینگترین تایبەتمەندیەکانی میوانخانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بریتیبوو لە پەرەپێدان و دەرکەوتنی کاروان سەرای لەبەشی سەرەوەی خانووەکان، پێکهاتبوو لە ژووری نوستن و یەك یان دوو ژووری گەورە و باریك شوێنی دانیشتن لە ناوەڕاستدا، بەڵام ئەم میواندارییە تایبەتانە زۆری نەخایاند بەهۆی زیادبوونی سەفەر ئەمەش بووە هۆی بڵاوبوونەوەی هۆتێلە گشتیەکان لە ناوچەکەدا بەپێ پەرەسەندنی شێواز و ئامرازەکانی گواستنەوە وەکوو ئەسپ و گالیسکی دارین نموونە کوردستان، هەرچەندە سەدەکانی هەژدە و نۆزدە ناوچەی هەولێر و سێلمانی ئەم خانانەی تێدا بڵاوبوونەوە بەڵام وەك داب ونەریت تایبەتمەندبوون بەمیوانداری.(١)، کەرتی گەشتیاری لەهەر ناوچەیەك لەسەر کۆمەڵێك پێکهاتە و پایە دامەزراوە ئەوانیش ئاسانکاری بۆ دامەزراوە گەشتیارییەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دەکەن. یەکەمین کار پێویستە میوانخانەکان بیکەن ئەوەیە: کارمەندەکانیان هەموو ئەو کەسانە بن کە دەرچووی بەشە گەشتیارییەکانن، چونکە بەشێوەیەکی ئەکادیمی خوێندویانە و دەزانن چۆن مامەڵە دەکەن، یەکێکی تر لە خاڵە گرینگ و زێرینەکان پێگەی کلتووری و ڕۆشنبیری ناو هۆتێل ڕۆشنبیری کارمەندانییەتی، هۆتێلەکان خزمەت بەگەشتیارانی زۆر وڵات و زمانی جیاواز پێشکەشدەکەن بەم پێیە وڵاتان بەشێوەیەکی گشتی دەتوانن بەسەرکەتووی پیشەسازی گەشتیاری بەڕێوەبەرن. ڕێکخراوەی هۆتێلیەکان بە یەکێك لەگرنیگترین هۆکارەکان دادەنرێن بۆ ڕاکێشانی گەشتیاری ، کە دەستیکردووە بە ڕاکێشانی وەبەرهێنانی زۆر لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان.(٢)

**جۆرەکانی هۆتێل بە گشتی دوو جۆرن:**

١- هۆتێلی نیشتەجێبوونی کاتی: بریتین لەم هۆتێل و میوانخانانە میوان بۆ ماوەیەکی کورت دەمێنێتەوە بۆ چێژوەرگرتن لە گەشتەکەی بەمەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری جۆراوجۆر، وەك ژەمەکانی خواردن و هۆڵی وەرزشی و مەلەوانگە و سپا و لایڤ موزیك بەنرخێکی گونجاو، هەروەها هەموو ئاسانکاریەکانی پێویست بەپارکینگ بۆ میوانان دابیندەکات .

٢- هۆتێلی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی: بریتیە لە باڵەخانەیەك هەموو خزمەتگوزاریەکانی هۆتێل لەخۆدەگرێت ، بۆ ماوەیەکی زۆر لەوێ نیشتەجێدەبن، باڵەخانەکان بەشێوەی کرێی مانگانە یان فرۆشتن دەستدەکەوێت بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی لەدەرەوەی وڵات دەگەڕێنەوە یاخود بۆ هەرمەبەستێك سەردانی دەرەوەی وڵات دەکەن، خزمەتگوزاریەکانی لەلایەن کەسانی دیاریکراو سەربەبنکەی باڵەخانەکە ئەنجامدەدرێن.(٣)

جگە لە هۆتێلەکان چەندین شوێنی مانەوەی تریش هەن وەك (مۆتێل ، خانووە گەشتیاریەکان ، چادری گەشتیاری، هاوینەهەوار) لە ڕووی قەبارەوە لە هۆتێلەکان بچوکتر و لەڕووی نرخەوە گونجاوترە.(٤)

---

١- نافع، محمد امینی، تاریخ نشاة الفنادق، تهران، ٢٠١٨، ص١٢

٢- حوسێن، سۆران محمد، میوانخانە، هەولێر، ٢٠٢٢، لا١٩

٣- شمطو، نفس المصدر، ص٥١

٤- مەروان، محمد، چەمکی هۆتێل، هەولێر، ٢٠٢٣، لا٤

٢- **كافتریاكان:**

**بەرلەوەی باسی كافتریاكان بكەین پێویستە بیر لە مێژووی سەرەتای سەرهەڵدانی كافتریا بكەینەوە، بەگوتەی (ئیلییۆت شۆر و كەیت ڕاوسۆن) نووسەرانی كتێبی(history of Restaurants)، یەكەم بینای كافتریا بەئاسانی دەناسرێتەوە لە دەوروبەری ساڵی(١١٠٠ز) لە چین، ئەمەش بەهۆی خۆشگوزارەنی بازرگانی و هاتنی كەسانی بیانی بۆ ولاٌتەكە.(١)، وشەی كافتریا (Cafeteria) پێكهاتووە لە(Coffe-Tea-and Area) بەواتای شوێنی چاو و قاوە دێت، ووشەیەكی لێكدراوە لە زمانی كوردی بەكاردێت بۆ بەسەربردنی كات و گفتوگۆی هاوڕێیانە لە نێوان كەسەكان.(٢)، كافتریاكان، شوێنی خواردن و خواردنەوە بوون، بە ئامادەكردنی ستافێك بۆ پێشكەشكردنی داواكاری خەڵك، یەكەم شوێن دەستی بەم خزمەتگوزاریە كرد فوتابخانەكانبوو بەدابینكردنی هۆڵی نانخواردن یان كانتین.(٣)، بەگشتی كافتریاكان مێزی زۆریان هەیە، كڕیاران لەگەڵ گەیشتنیان دادەنیشن و چاوەڕێی ئەوە دەكەن داواكارییەكەیان وەربگیرێت. لەهەندێك لەو شوێنانەدا دەتوانین یەكێك لەو بلاٌوكراوانەی لەسەر ڕەفەكان هەیە هەڵبژێریت بۆ خوێندنەوە یاخود نموونەیەكی سەرنج ڕاكێش لە كافتریای هەولێر بە ناوی هێمادار بەوە ناسراوە دەتوانیت بۆ كتێب خوێندنەوە یان سەیركردنی فیلم و سینەما و پەیوەست بە هونەر سەردانی بكەیت بە پێشكەشكردنی كوپیك قاوە.(٤)، كافێی فۆلكلۆر لە شاری هەولێر، بەیەكێك لە كۆنترین كافێكان دادەنرێت نزیكەی سەدەیەكە دامەزراوە، بەتێپەڕبوونی كات گۆڕاوە بۆ شوێنێكی گەشتیاری دیار سەردانكەر و گەشتیارێكی زۆر بۆلای خۆی ڕادەكێشیت، دەچنە لای بۆ چێژوەرگرتن لە كەش و هەوای میراتی ناوازەی و ئەو ژەمە خواردنانەی پێشكەشی دەكات، ئەو شێوازە كۆنەی دەیان ساڵ لەمەوبەر لە شارەكەدا باو بووە. زۆریك لە خاوەنكارە كۆنەكان حەز دەكەن زوزو سەردانیان بكەن، بۆ ئەوەی یادەوەرییەكانی ڕابردوویان بژینەوە بۆ چەند كاتژمێریك، بۆ قۆناغەكانی ڕابردووی ژیانیان. لەكۆندا كافتریاكان شوێنی نووسەران و شاعیران بووە بۆ دەربڕینی هەست و نەستەكان بەگوێیٚ خەڵكی بۆیە وێنەی ژمارەیەك لە كەسایەتییە دیارەكانی هەولێر لەم كافتریایانە هەیە. جگە لەوەی وێستگەیەكە گەشتیاران و سەردانكەران بۆ لای خۆی ڕادەكێشێت، بەهۆی شوێن و نزیكی لە قەلاٌی هەولێر. سالاٌنە ژمارەیەكی زۆر لە خەڵكی خوارووی عێراق و ناوچەكانی دەوروبەری شاری هەولێر بۆ بەسەربردنی كاتێكی خۆش دێنە ناوچەكە، ئەمەش وایكردووە هێزیكی ئەرینی ببەخشێت لەڕووی ئابووری و پەیوەندی كۆمەلاٌیەتی بەشارەكە، هەروەها زۆربەی گەشتیاران و سەردانكەرانی قەلاٌ پێیانباشە لەكاتی نۆژەنكردنەوەی قەلاٌ گرینگی بدرێت بە دروستكردنی هۆتێل و كافی و چێشتخانە بۆئەوەی بتوانن لەكەشێكی كەلتوری و مێژوویی ڕابردوو بژین. (٥)**

1- rawson,Katie and shore,Elliot, a global history of restaurants, London,2019,p53
2- https://www.merriam-webster.com/dictionary/cafeteria
٣- كانتین: واتا مێزی كراوە، شوێنیكە بۆ بە خواردن و خواردنەوە دیاریكراوە، كانتینەكانی هاوسەرگیری یان بەگشتی وەك لە كانتینەكانی یانەكاندا. https://www.canteen.com
4-treat, nola and Richards,Lenore ,cafeterla standards and methods of attaining them,Minnesota,1919,p8
٥- سەردانكردنی توێژەر ، چاوپێكەوتن لەگەڵ بەرێز محمد امین مەچكۆ، ڕیكەوتی ٢٠٢١/١٢/٢٥, كات ٣:٢٠

٣- چێشتخانەکان:

بیرۆکەی سەرهەڵدانی چێشتخانە لە لادێکانی چینەوە هاتەکایەوە و گەشەیسەند تاکوو پەلی هاویشت بۆ جیهان. دامەزراوەیەکی ئابووریی کار لەسەر خزمەتکردنی خەڵك دەکات. چێشتخانەکان شوێنێکە خواردن و خواردنەوە پێشکەش بەکڕیاران دەکات، لەسەرەتادا چێشتخانەکان لەکەنارەکانی ڕێگای گەشتکردن و تێپەربوونی کاروانە بازرگانیەکانی چین سەریهەڵدا، بۆئەوەی کاروانە بازرگانیەکان بوەستن بۆ پشوودان و زیندوویی خۆیان بەدەستبهێنەوە.(١)، یەکەمین چێشتخانە لەجیهاندا لەوڵاتی چین لەدەوروبەری ساڵی(١١٠٠ز) دەرکەوت، وەك لە شارەکانی هانگژۆ و کایفێنك لە باکووری خۆرئاوا بەهۆی زۆری ژمارەی دانیشتووان وایکرد گەشەسەندووبێت.(٢)، بەهۆی بوونی پەیوەندی ئابووری لەنێوان وڵاتی چین و فەرەنسا ئەم بیرۆکەیە گواستراوەتەوە بۆ فەرەنسا لەسەردەمی (لویسی شانزەهەم)(٣)بووبە دامەزراوەیەکی کەلتووری لەجیهاندا بەردەوام لەخزمەتکردنی وەك شوێنێك خەڵك کۆدەبنەوە بۆ خواردن و خواردنەوە بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی. سەبارەت بە سەرەتای دەرکەوتنی چێشتخانە لە شاری هەولێر دوای ئەوەی لەساڵی(١٩٠٠ز) شاری هەولێر لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان وردە وردە نەدەمایەوە، خەڵکەکەی نیمچە سەربەخۆییەکیان وەردەگرت بەتایبەتیش لەدروستکردنی خانووبەرە و هێنانی داهێنانی نوێ. وە کۆکردنەوەی چێشتخانە و بەرفراوانبوونی بازاڕەکان و دامەزراندنی کارگەی چیمەنتۆ وسەرهەڵدانی چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراو، لەهەموویان زیاتر ئاشنایەتی لەگەڵ خەڵکی شارەکە پێکهێنا بریتیبوو لەدامەزراندنی چێشتخانە و دامەزراندنی دوکانەکانی بە قەڵای هەولێر، لەلایەن بنەماڵەی(حسین حوزنی موکریانی).(٤) لەکۆندا وتراوە شاری هەولێر شوێنی فرە نەتەوەییە بۆیە هەمیشە بۆتە پردێك بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی گەشتیار و مێژووی ناوچەکە.

خزمەتگوزاری خواردن و خواردنەوە: بۆ ئەوەی گەشتیاران سەردانی شوێنێکی گەشتیاری یان شوێنەواری بکەن پێویستە خزمەتگوزارییان هەبێت، چونکە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ گەشتیاران لەکاتێکدا بەرەو ناوچە گەشتیارییەکان دەڕۆن، بۆ تێپەڕکردنی ڕێگا پێویستیان بە ئاو و خۆراك دەبێت، بۆیە دابینکردنی ژەم و خواردنەوە لە شوێنەکەدا دروست بکرێت. ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیاری بیانی و ناوچەکانی خوارووی عێراق ڕوو لەم شارە دەکەن ئەمەش وایکردووە ببێتە ناوەندێکی ئابووری و دەرفەتی ڕەخساندنی کار و بوژاندنەوەی پێگەی شارەکە.

**جۆرەکانی چێشتخانە**

**بە شێوەیەکی گشتی پێنج جۆر چێشتخانە هەیە: (٥)**

١- چێشتخانە خزمەتگوزاری مێز
٢- چێشتخانە خزمەتگوزاری بۆفی کراوە
٣- چێشتخانەکانی خزمەتگوزاری خواردنی خێرا
٤- چێشتخانەکانی گەیاندن بۆ ماڵەوە
٥- چێشتخانەی ئایندە و داهێنەرەکان.

---

١- کایت، ئیلوشور، متى بدا ارتياد المطاعم، ترجمة علی سعيد، بغداد، ٢٠١٥،ص١٧-١٨
٢- کایت، نفس المصدر،ص ٢٣
٣- لویسی شانزەهەم: ناوی لویس ئۆگستۆس کوڕی لویسی پانزەهەمە، لە دایکبووی ٢٣/ئابی/١٧٥٤، دوا پاشای وڵاتی فەرەنسایە .
https://en.chateauversailles.fr/discover/history/great-characters/louis-xvi
٤- https://www.linkedin.com/pulse
٥- محموود، عبدالعزيز عبدللة، ادارة المطاعم السياحية، عمان، ٢٠١٥، ص ٣٣

**دووەم: بەبازاڕکردنی کەرتەکانی شوێنەواری گەشتیاری**

گومانی تێدانیە گەشتیاری بەیەکێك لەسەرچاوەکانی داهاتی نیشتیمانی و بەیەکێك لەو هێزانە دادەنرێت، سوودێکی زۆری لێوەردەگیرێت بۆ بەرەوپێش بردنی ئابووری لە جیهاندا.

بە بازاڕکردنی کەرتەکانی گەشتیاری: پێناسەی جۆراوجۆری هەیە، بۆیە دەبێت هەندێکیان بناسین:

یەکەم: بەپرۆسەی بانگەشەکردن و بازاڕکردنی تاك و ڕێکخراوەکان ناسراوە بۆ ئەو چالاكییانەی گەشتیاران ئەنجامدەدەن دەچنەسەر ڕێگەی گەشتەجۆراوجۆرەکان ئەوانی تر لەڕێگەی بازاڕکردنەوە.

دووەم: لە ڕێگەی ڕیکلام و بازاڕکردنی گەشتیاری هەروەها بەوچالاكیە ناسراوە سوودی زۆر بەلایەنەکانی پرۆسەی بازاڕکردن دەگەیەنێت بەشێوازێکی جیاواز گەشتیاران بۆلای خۆی ڕادەکێشێت.

سێیەم: بەو پرۆسەیە یاخود چالاکیە ناسراوە پەیوەندی بەئالۆگۆری نێوان دەزگا و ڕێکخراوەکانی گەشتیارییەوە هەیە، جا لە ناوەخۆ یان لە دەرەوەی وڵات بێت بەشێوەیەك ڕەزامەندی و سوود بۆ هەردووکی بەدەستبهێنێت.

چوارەم: بەو کردارانە ناسراوە بازارگەری گەشتیاری ئەنجامیدەدات بۆ ڕاكێشانی گەشتیاران بۆ شوێنە تایبەتەکان بانگەشەیان بۆ دەکات، وەك شوێنێکی شوێنەواری یان مێژوویی، بەمەبەستی ڕاكێشانی زۆرترین ژمارەی گەشتیاران یارمەتیدەرە بۆ بازارێکی کاریگەر و ستراتیژی.(١)

بە بازاڕکردن و خستنەڕووی گەشتیاری بەندە لەسەر بنەمای زیاد هەڵی گەشتیاری لەمیانەی جەختکردنەوە لەسەر کەلتوور و ڕۆشنبیری و شوێنەوار و مۆڵەتی هاوینە و گەشتی خێزانی و تەندروستی و چارەسەر و وەرزشی و جوانکاری و گەشتیاری کۆمەڵایەتی و کۆنگرە و گەشتیاری سەرکێشی. (٢)

**١- ئامانجەکانی بە بازاڕکردنی گەشتیاری:**

کۆمەڵێك ئامانج هەن، بەبازاڕکردنی گەشتیاری هەوڵدەدات لە ڕێگەی سیستەمێکی گەشتیاری جۆرە جیاوازەکانیەوە بە دەستیبهێنێت وەك، ڕیکلام ، بلاْوکراوە ، برۆشۆر ، داشکاندنی کاتی.

١- مزیان، حمزة، التسویق السیاحی، بغداد، ٢٠٢١،ص ١١

٢- اسماعیل، روپاك عبدالله، ڕۆڵی ناوچە شوێنەوارییەکان لە بوژاندنەوەی بواری گەشت و گوزاری شاری هەولێر، نامەی ماستەری بلاْونەکراوە، بەشی شوێنەوار-ئیسلامی، زانکۆی صەلاحدین هەولێر،٢٠١٧،لا٥٨

## ٢- ڕۆڵی ڕێکلام لەبەبازاڕکردنی گەشتیاریدا:

ڕێکلام بەیەکێك لە گرنگترین ئامرازەکانی بەبازاڕکردن دادەنرێت، یارمەتی پیشەسازی گەشتیاری دەدات بۆ دروستکردنی گەشتیار لەهەردوو بازاڕی ناوخۆیی و نێودەوڵتی. سەرەتای ڕێکلام دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شارستانییەتە کۆنەکانی میسر و یۆنانییەکان و چینیەکان، بەشێوەیەکی زارەکی بوو، لەڕێگای ناردنی دوو بۆ سێ کەس بۆ ناو خەڵکی چونکە لەم سەردەمە ڕێژەیەکی کەم لە هاوڵاتیان خوێندەواریان هەبوو، دواتر لە سەدەکانی ناوەڕاست بەتایبەتی سەدەکانی نۆزدەهەم و بیستەم بەهێزێکی سەرەکی هاتەوە مەیدان لەڕێگەیی دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤار بەخێرایی گەشەیانکرد بەتەکنەلۆژیای نوێ ناونراون، بەهۆی دەرکەوتنی پۆستی ڕاستەوخۆ، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ئینتەرنێت ، ئامێرەکانی کۆمپیوتەر، مۆبایل. هەروەها ناتوانرێت بەبێ ڕێکلام خزمەتگوزاری یان بەرهەمێکی دیاریکراو بخرێتە بازاڕەوە، بەکاربەر یان شوێنی گەشتیاری ناتوانێت بەبێ بوونی ڕێکلام بانگەشەکانیان بلاّوبکەنەوە چونکە لەرێگەی خزمەتگوزاری بلاّوکردنەوە بەگەشتیاران دەناسرێن لەسەر ئەم بەرهەمە خزمەتگوزاری و بازاڕکردنانەی لە ولاّتەکەدا بەردەستن. وادەکات ڕێژەیەکی بەرزی سەردانکەر یان گەشتیار بە دەستبهێنێت، بۆ قازانج بەم شێوەیە ئابووری گەشتیاری باشتر دەبێت، ئێمە لە جیهانێکدا دەژین لەم چەند ساڵانەی ڕابردوو میدیا بەرێوەیدەبات، ئەمڕۆ هەموو ڕێکخراوێك میدیا بەکاردەهێنێت بۆ ناساندنی کارەکانیان بۆ کڕیاران. بێگومان ڕێکلام بۆ هەر بزنسێك گرینگە .(١)

## ٣- کاریگەری بلاّوکراوە (بڕۆشور) لەسەر بەبازاڕکردنی کەرتی گەشتیاری:

بلاّوکراوە (بڕۆشور) لەسەر کاغەزەکان کۆدەکرێتەوە بابەتە سەرنج ڕاکێش و شوێنە سەرەکەکیەکان لەخۆدەگرێت. ئەم ئامرازە پەیوەندی بەپێدانی زانیاری هەیە، شێوازێکی ڕێکلامە وەکو کاغەزی، بەلاّم بەجۆرێك جێبەجێدەکرێت جیاوازتربێ، بەزۆری لە کەرەستەی کاغەزی و کارتۆنی دیاری دەکرێت. کاریگەری بەسەر کڕیار هەیە، چونکە هەموو ئەم زانیاریانەی تێدا پێویستە، بلاّوکراوە برۆشۆرەکان گرینگن بۆ بانگەشەکردنی بەرهەمەکان و ناساندنی بە بازاڕ. بلاّوکراوە یان برۆشۆرەکان یەکێکن لە باشترین ڕێگاکان بۆ کەرتی شوێنەواری گەشتیاری چونکە خزمەتگوزاریەکی نوێیە لەلایەن شوێنە گەشتیاری و شوێنەواریەکان ئامادەکرێت، بۆ زیاتر خوێندنەوە و بینیی شوێنە گەشتیارییەکان. وە دەتوانرێت بلاّوکراوەکان لەگەڵ بەرهەمە ڕێکلامیەکان پێشکەشبکرێن بۆ زیاتر سەرڕنجڕاکێشان لە رێگای بەکارهێنانە ماڵپەری تایبەت( ٢)

١- قبایلی، ریم، دور الاعلان السیاحی فی الخدمات السیاحیة، رسالة الدکتوراة نشرت فی الاعلام والاتصال، تونس،٢٠٢١،ص١٥٩-١٧٩

٢- الغوبرا، شازا، البروشورفی العالم، عمان،٢٠٢٣،ص٢٩

### ٤ - کاریگەری داشکاندنی کاتی لەسەر بەبازارکردنی کەرتی گەشتیاری شوێنەواری:

هەمیشە گەشتوگوزار پێویستی بەبیرۆکەی زیاتربووە، ئەمەش بەهۆی ئەم خێرایی گەشەسەندنەی گەشتیاری هەیەتی بۆ گەشتیاران، یەکێکیتر لەپێداویستیەکانی بریتیە لەداشکاندنی کاتی بۆئەوەی گەشتیاران بتوانن سودمەندبن کە دەدرێت بەکڕیار بۆئەوەی پاڵنەرێکبێت بۆ مانەوە و کڕین، بەزۆری داشکاندنەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراون. یاخود بەرهەمێکی دیاریکراو دەفرۆشن بۆ ئەوەی دووچاری کەڵکەبوون نەبێت و لەهەمان کاتدا خەڵکی زۆر سودی لێببینێت. داشکاندن لە ستراتیجییەکانی بەکارهێنراون بۆ زیادکردنی فرۆشتن لە کەرتی تاکە کەسی و کەمکردنەوەی هۆکارەکانی بێبازاری، بەڵام بڵاوبوونەوەیان بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە ئاماژە بەکاریگەرییەکانی دەکات، وە دابەزاندنی نرخەکان ڕەنگە کڕیاران ڕابکێشێت و ژمارەی فرۆشتنەکان زیاد بکات.(٢)، کاریگەری داشکاندن بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لەکەرتی گەشتیاری، پێشکەشکردنی داشکاندنە کاتییەکان ستراتیژییەکی نایاب و ناوازەیە، دەرفەتێکە بۆ بەرفراوانکردنی شوێنە شوێنەواریەکان و بەرەپێدانیان، بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران بەمەبەستی سەردانیکردنی ناوچەکە و سوودگەیاندن بەکەرتی ئابووری و دامەزراندنی شوێنێکی گەشتیاری لەسەر بنەمای بەبازارکردنی شوێنەوارەکانی وەکوو قەڵای هەولێر و قەڵای بانەمان و قشڵەی سوارە....هتد ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی هاوڵاتیان و سەرانجڕاکێشیان بۆ شوێنەکە، ئەگەر هاتوو شوێنەواری گەشتیاری سیستەمێکی بەڕێوەبردنی بۆ دابنرێت هانیگەشتیاران بدات بۆ ئەوەی سەردانی بکرێت ئەوا ئامانجێکی بەهێز و دیاریکراو دەبێت بۆ گەشت وگوزار و بازرگانی

### بەشێوەیەکی گشتی داشکاندنەکان دەبن بەسێ جۆر:

١ - داشکاندنی بازرگانی: لەئەنجامی دانوستان لەسەر نرخەکە دێتە ئاراوە، ئەم داشکاندنە لە نرخی کڕین دەردەچێت.

٢- داشکاندنی بڕی: ئەمەش لەبەرامبەر کڕینی زۆر لە بەرهەمەکە، فرۆشیار بەپێی جۆری کاڵە داشکاندنی بۆ دەکات.

٣- داشکاندنی کاتی: بۆماوەیەکی کاتی شوێنێك داشکاندن دەکات لەبەر کۆمەڵە هۆکارێك ئەمەش وادەکات خەڵکێکی زۆر لە شوێنی داریکراودا کۆببنەوە بەمەبەستی سوود وەرگرتن لەم داشکاندنە.(٣) .

### سێیەم- تایبەتمەندییەکانی پێداویستی هێنانی گەشتیار:

هێنانی گەشتیار پیشەسازییەکی خێرا و گەشەسەندووە، بەردەوام لەپەرەسەندندایە لەگەڵ زیادبوونی گەشتیاران، زیاتر بەدوای ئەزموونی نوێ و سەرنجڕاکێشدا دەگەڕێت کاتێك سەردانی شوێنە جیاوازەکان دەکەین، بەدواداچوون بۆ تایبەتمەندییەکانی پێداویستی گەشتیاری دەکەین لەوانە هۆتێل و وروژاندنی جوانی سروشت و خزمەتگوزاری وەرزشی و کات بەسەربردن و ڕۆشنبیری و خواردن و خواردنەوە.

---

٢- الشيخ، سنان، المعالجة لانواع الخصم،موصل،٢٠٢٠،ص٢-٥

٣- الغوبرا، نفس المصدر، ص٣١

١- **خەون بینین:** مرۆڤ ئارەزووی بەدیهێنانی خەونێك دەكات پاڵنەرێكی لەمێژینەیە بۆ زۆرێك لە گەشتیاران لەوانەیە خەڵكی خەونی جیاوازیان هەبێت، وەك سەردانكردنی شوێنیكی دیاریكراو، ئەزموونكردنی چالاكیەكی دیاریكراو، یان مانەوە لە شوێنێكی نیشتەجێبوونی ناوازە. ئەم خەونانە دەتوانن سەرچاوەی ئیلهام و پاڵنەربن، بۆ خەڵك هاندان بۆ پلاندانان و پاشەكەوتكردن بۆ گەشتەكانیان. پیشەسازی گەشتیاری دەتوانێت ئەم خەونانە جێبەجێبكات بەپێشكەشكردنی ئەزموونی ناوازە و لەبیرنەكراو ئارەزووی میوانەكانیان بەدیدێنێت.

٢- **وروژاندن:** جگە لەبەدیهێنانی خەونەكان، زۆرێك لە گەشتیاران بەدوای ئەزموونێكدا دەگەڕێن وروژێنەربن، ئەم ئەزموونانە دەتوانن چالاكییە سەرگەردانییەكان لەخۆبگرن، وەك ڕافتیگ لەسەر ئاو، سەركەوتن بەسەر بەرد، یان ئەزموونی كلتووری وەك بەشداریكردن لە نمایشی نەریتی یان تاقیكردنەوەی چێشتخانەی نوێ. گەشتیاری سەرگەرمی بەهێزكردنی سنوورەكانە بۆ ئەوەی پاڵبنێت بەشتی نوێكاری بۆ تاقیكردنەوە.

٣- **جوانی سروشت:** جوانی سروشت شوێنێكی مەبەست سەرنجڕاكێشیەكی بەرچاوە بۆ زۆرێك لەگەشتیاران، مرۆڤەكان هەوڵدەدەن لە جەنجاڵی ژیانی ڕۆژانە ڕزگاریان بێت و خۆیان لەجوانیەكانی سروستدا نوقم بكەن. پیشەسازی گەشتیاری دەتوانێت بەبەرەو پێشبردن و پاراستنی ژینگەی سروشتی شوێنی دیاریكراو دابنرێت، ئەم خواستە جێبەجێبكات چالاكییەكانی وەك گەشتكردن بەپێ، كایاك، سەیركردنی گیانلەبەرە كێوییەكان دەتوانن دەرفەت بۆ گەشتیاران برەخسێنن پەیوەندی بەسروشتەوە بكەن و جوانی دەوروبەریان بەرز بنرخێنن.

٤- **خزمەتگوزاری وەرزشی، كات بەسەربردن، ڕۆشنبیری:** گەشتیاران بەدوای شوێنێكدا دەگەڕێن كۆمەڵێك چالاكی و ئەزموون پێشكەشبكەن، ئەمانە دەتوانن خزمەتگوزارییە وەرزشییەكانی وەكو خلیسكێنەی سەربەفر، یاری گۆلف، تێنسی سەر زەوی، هەروەها چالاكییە كات بەسەربردنەكانی وەك چارەسەر یان وانەكانی یۆگا لەخۆبگرن، هەروەها ئەزموونە كلتوریەكانی وەك سەردانكردنی مۆزەخانەكان، بەشداریكردن لەكۆنسێرت و فێستیڤاڵەكان، گەڕان بەدوای شوێنە مێژوویەكان، پیشەسازی گەشتكردن دەتوانێت هەموو جۆرە ئەزموونێك پیشكەشبكات بەهاوبەشیكردن لەگەڵ بازرگانییە ناوخۆییەكان و شوێنە سەرنجڕاكێشەكان بۆ كۆمەڵێك چالاكی ئامادەبكات.

٥- **خواردن وخواردنەوە:** لایەنێكی سەرەكییە لە هەر ئەزموونێكی گەشتكردندا، گەشتیاران بەدوای ئەو شوێنانەدا دەگەڕێن جۆرەها خواردنی جۆراوجۆر پێشكەش بكەن، لە خواردنی ناوەخۆی سەر شەقامەكانەوە تا خواردنی چێشتخانە بەناوبانگەكان، گەشتیاران هەوڵدەدەن بەدیمەنی چێشتلێنانەكانی ناوچەكەدا بگەڕێن. هەروەها زۆرێك لەگەشتیاران ئارەزووی زانینی مێژوو و كلتوری خواردن و خواردنەوەیان هەیە لەشوێنە جیاوازەكاندا، بۆ پەرەپێدانی گەشتیاری پیشكەشكردن ئەزموونی ناوازە و ڕەسەنی خواردن.

٦- **شوێنی مانەوە:** جۆری شوێنی مانەوە گەشتیاران هەڵیدەبژێرن دەتوانێت كاریگەرییەكی بەرچاوی هەبێت لەسەر ئەزموونی گەشتەكانیان. لەكاتی گەشتكردن گەشتیار بەدوای كۆمەڵێك بژاردەی نێشتەجێبوونی كاتیدا دەگەڕێت وەك هۆتێل، مۆتێل، ڤێلا، هاوینە هەوارەكان، خانووی دار، چادر، كەمپینگ. شوێنی مانەوە ئاسوودەیی و ئاسانكاری و خزمەتگوزارییەكان دابیندەكات بۆئەوەی گەشتیار ماندوونەبێت لە دیاریكردنی شوێنی مانەوەی ئەم بژاردانە دیاریدەكرێت بە هاوبەشیكردن لەگەڵ دابینكەرانی شوێن بەئامادەكردنی كۆمەڵێك پێداویستی.

٧- لەکۆتایدا زۆرێك لەگەشتیاران بەدوای شوێنێکدا دەگەڕێن بتوانن بۆ ماوەیەکی کاتی شوێنی ژیانیان بگۆڕن، ئەم گەشتیارانە بەدوای هۆکارێك وێڵن بۆئەوەی خۆیان لە کلتور و شێوازی ژیانی ناوچەکەی سەردانی بۆ دەکەن  ونبن لە جوانی و خۆشییەکانی، هەوڵدەدەن لەکاتی گەشتکردن خۆیان فێری ووشەبڕی زمان بکەن، بەشداریکردن لەبۆنە کلتووریەکان و دابونەریتی شارەکە بکەن یاخود چێژوەرگرتن لەخواردن، گەڕان بەناوچەکەدا، بەهەرزان گرتنی شوێنی مانەوە بەخزمەتگوزاریەکی گونجاو و باش.

٨- لەم ڕۆژانەی ئێستادا لایەنێکی گرینگی دابینکردنی پێداویستی نوێی گەشتیاری هاتۆتەکایەوە ئەمەیش بریتیە لەبەکارهێنانی تەکنەلۆژیا؛ گەشتیاران زیاتر پشت بەتەکنەلۆژیا دەبەستن بۆ بەرزکردنەوەی ئەزموونی گەشتکردن، لەسیستەمی بەکرێ گرتن (حجزکردن)ی ئۆنلاینەوە، هەروەها زۆرێك لەگەشتیاران بە دوای ئەو شوێنانەدا دەگەڕێن بژاردەی بەردەوام و دۆستی ژینگەی هەبێ وەك گواستنەوەی کارەبایی یان سەرچاوەی وزەی نوێ بۆ کەمکردنەوەی تێکچوونی زەوی بەماددەی زیانبەخش و گەشەپێدانی ژینگەیەکی گەشەسەندوو. لەکۆتایدا. تایبەتمەندییەکانی پێداویستییە نوییەکانی گەشتیاری هەمەچەشن و بەردەوام لە پەرەسەندندایە، پێویستە کاریگەری گەشتیاری خۆی بگونجێنێت بۆ دابینکردنی پێداویستییە گۆڕاوەکان بۆئەوەی یادگاریەکی جوان بۆ گەشتیاران دابینبکات و خەونەکانیان بەدیبهێنێت بۆ زیندووکردنەوەی سیستمی گەشتیاری و سوود وەرگرتن لە کۆمەڵگە و وڵاتانی سەردانیکەر. (١)

1- Rashid,harun ar,characteristics of new tourist needs, rajshahi,2023,p12-15

**تەوەرەی دووەم**

## سوودەکانی کەرتی گەشتیاری شوێنەواری بۆ ژێرخانی ئابووری و ئایندەی هەرێم

### یەکەم - هەڵمەتەکانی بەگەشتیارکردنی شوێنەواری و میکانیزمی پەرەپێدان:

دەستپێشخەرییەکن گەشت و سەردانکردن بۆ شوێنەوار بەرەوپێش دەبەن بەئامانجی پاراستنی میراتی کلتوری و پەروەردەکردنی دەرفەتی پەروەردەیی و هاندانی ئابووری ناوخۆیی. ئەم هەڵمەتانە زۆرجار ستراتیژی و پلاتفۆرمی جۆراوجۆری بانگەشەکردن بەکاردەهێنن بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك سەبارەت بەگرینگی شوێنەواریەکان و هاندانی پراکتیزە گەشتیارییە بەردەوامەکان. لەکاتێکدا دەتوانین کۆمەڵێك پێشنیار بخەمەڕوو، بەپشتبەستن بەهەندێك ڕێبازی باو لەسەر هەڵمەتەکانی گەشتیاری شوێنەواری

١ - ***کەرەستەی بانگەشەکردن:*** زۆرێك لە هەڵمەتە گەشتیارییە شوێنەوارییەکان برۆشور و نامیلکە و پۆستەر و کەرەستەی چاپکراوی دیکە بەکاردەهێنن بۆ پیشاندانی بەهای کلتوری و مێژووی شوێنەوارییەکان. ئەم ماددانە لەوانەیە لە دەستەی گەشتیاری ، ڕێکخراوە میراتییەکان و دەسەڵاتدارانی بەڕێوەبردنی شوێنەوارییەکان دەست بکەوێت.

٢ - ***توێژینەوە و بلاوکراوە ئەکادمیەکان:*** زۆرجار زانا و توێژەرانی بوارەکانی شوێنەوارناسی، ئەنترۆپۆلۆژی، گەشتیاری میراتی توێژینەوە و بابەت بلاْودەکەنەوە لێکۆڵینەوە لەکاریگەری هەڵمەتەکانی گەشتیاری شوێنەواری دەکەن. گۆڤارە ئەکادمیەکان، کتێبەکان و بەڵگەنامەکانی کۆنفرانسی دەتوانن تێڕوانینێکی بەنرخ لەباشترین پراکتیزەکان و توێژینەوەی کەیسەکان پێشکەش بکەن.

٣- ***راپۆرتی حکومی و ڕێکخراوە ناحکومیکان:*** دەزگاکانی حکومەت و ڕێکخراوە ناحکومیەکان و دەزگا نێودەوڵەتییەکان پەیوەندیان بەپاراستنی میراتی کلتوریەوە هەیە، زۆرجار ڕاپۆرت و بلاْوکراوەی پەیوەست بە دەستپێشخەرییەکانی گەشتیاری شوێنەواری بلاْودەکەنەوە. ئەم سەرچاوانە دەتوانن شیکارییەکی گشتگیر پێشکەش بکەن بۆ ستراتیژییەکان، تەحەدیاتەکان و سەرکەوتنەکان لە ناساندنی شوێنەوارەکان وەك شوێنی گەشتیاری.

٥- ***ڕێکخراوی میراتی کلتوری:*** ڕێکخراوە ڤازانج نەویستەکانی تایبەت بە پاراستن و پێشخستنی میراتی کلتوری ، وەك یونسکۆ ، ئایکۆمۆس(ئەنجومەنی نێودەوڵەتی بۆ شوێنەوار و شوێنەکان)، و دەزگاکانی پاراستنی میراتی نیشتیمانی ، دەتوانن زانیاری و سەرچاوەی پەیوەست بە هەڵمەتە گەشتیارییە شوێنەوارییەکان پێشکەش بکەن

٦- ***هەڵمەتی ئۆنلاین و سۆشیال میدیا:*** زۆرجار زانیاری دەربارەی هەڵمەتە گەشتیارییە شوێنەوارییەکان لە ماڵپەڕە فەرمییەکان و پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا و کەرەستەی دیجیتاڵی مارکێتینگ دەدۆزرێتەوە . زۆرجار دەستەی گەشتیاری، دەزگا حکومییەکان و ڕێکخراوە میراتییەکان وردەکارییەکان سەبارەت بەهەڵمەتە بەردەوامەکان بۆ ڕاکێشانی سەردانکەران بۆ شوێنەوارەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە. میکانیزمەکانی میدیا ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕن لە بلاْوکردنەوەی زانیاری و دارشتنی تیروانینی گشتی بۆ شوێنەوارەکان. لێرەدا چەند ئامراز و ڕێبازێکی باو دەخەینەڕوو ڕەنگە لەهەڵمەتەکانی پڕوپاگندەی شوێنەواردا بەکاربهێندرێن:

١,٥- ***فیلمی دۆکیومێنتاری و بەرنامەی تەلەفزیۆنی:*** بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری و بەرنامەی تەلەفزیۆنی مێژوو و گرینگی و جوانی شوێنەوارەکان پیشاندەدات، دەتوانێت سەرنج و جۆش و خرۆشی خەڵك بۆ میراتی کلتوری بگرێت.

٢,٥- ***سۆشاڵ میدیا و پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکان:*** بەکارهێنانی کەناڵەکانی سۆشاڵ میدیا و ماڵپەڕە پلاتفۆرمە دیجیتاڵیەکان ڕێگە بەبلاوکردنەوەی بەربلاوی ناوەڕۆکی پەیوەست بە شوێنەوارەکان دەدات. تایبەتمەندییە کارلێك کراوەکانی وەك گەشتی مەجازی، پەخشی ڕاستەوخۆ و ناوەڕۆکی دروستکراوی بەکارهێنەر دەتوانن بەشداریکردن بەرز بکەنەوە.

٣,٥- ***میدیای چاپکراو و بڵاوکراوەکان:*** ئەو بابەت و گۆڤار و ڕۆژنامانەی چیرۆك و وێنەی دۆزینەوە شوێنەوارییەکان و لێکۆڵینەوە بەردەوامەکانیان تێدایە، دەتوانن هۆشیاری و ئارەزووی گشتی بۆ میراتی کلتوری زیادبکەن.

٤,٥- ***گەیاندنی پەروەردەیی:*** هاوکاری لەگەڵ قوتابخانەکان و دامەزراوە پەروەردەییەکان بۆ جێگیرکردنی بابەتەکانی شوێنەواری لەکەرەستەی مەنهەج و گەشتە مەیدانیەکاندا دەتوانێت یارمەتیدەربێت لەچاندنی هەستی پێزانین بۆ شوێنە مێژووییەکان لەتەمەنێکی بچوکەوە.

٥,٥- بۆنە و پێشانگای گشتی: ڕێکخستنی پێشانگا ، وتار و بۆنە گشتییەکان سەرنج دەخەنە سەر دۆزینەوە شوێنەوارییەکان و هەوڵەکانی پاراستنی میراتەکان دەتوانێت بەشداریکردن و پشتیوانی کۆمەڵگا پەروەردە بکات.

٦,٥- هاوکاری لەگەڵ کاریگەر و کەسایەتییە ناودارەکان : سەرقاڵکردنی کەسایەتییەکان دەستڕاگەیشتن کاریگەرییەکی فراوانیان هەیە دەتوانێت یارمەتیدەربێت لە گەورەکردنی پەیامی هەڵمەتەکانی پڕوپاگەندەی شوێنەواریی بۆ بینەرانی جۆراوجۆر. گرینگە ئاماژە بەوەبکەین لەکاتێکدا ئەم میکانیزمانە بۆ بەرەوپێشبردنی شوێنەوار و میراتەکان بەکاردەهێنرێن، ڕەچاوکردنی ئەخلاقی وردبینی، ڕێزگرتن لەکۆمەڵگا ناوخۆییەکان، و پراکتیزە گەشتیارییە بەردەوامەکان دەبێت هەمیشە لەپێشەنگی هەرهەوڵێکی بانگەشەکردن بێت. لەکۆتاییدا ئامانج ئیلهامبەخشین و بەشداریکردنی خەڵکە لە پێزانین و پاراستنی میراتی کلتوری هاوبەشمان.

**دووەم- بەگەشتیاریکردنی قەڵای هەولێر و چۆنیەتی ڕاکێشانی گەشتیاری بیانی؟**

ڕاکێشانی گەشتیارانی بیانی بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی کوردستان پێویستی بەڕێبازێکی بیرکراوە و ستراتیژی هەیە تیشك بخاتە سەر شوێنە ناوازەکانی کلتووری و مێژوویی و سروشتی ناوچەکە.

لێرەدا چەند ڕێگایەك بۆ ڕاکێشانی گەشتیارانی بیانی بۆ کوردستان دەخەینەڕوو:

١- ***بەبازاڕکردن و بانگەشە:*** کەڵك وەرگرتن لەدیجیتاڵ مارکێتینگ، سۆشیال میدیا ، ماڵپەڕی سەفەرکردن، ڕێکلامە ئامانجدارەکان بۆ پیشاندانی شوێنە سەرنجڕاکێشە هەمەچەشنەکانی کوردستان، لەوانە شوێنەوارە کۆنەکان، دیمەنە جوانەکان، ئەزموونە کلتوورییەکان.

٢- ***پەرەپێدانی ژێرخانی*** وەبەرهێنان: وەبەرهێنان لەباشترکردنی ژێرخانی وەك گواستنەوە، بژاردەی نیشتەجێبوون، و ئاسانکارییەکانی سەردانکەران بۆ بەرزکردنەوەی ئەزموونی گەشتیاری گشتی بۆ سەردانکەرانی بیانی.

**٣- *ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری:* ئاسانکاری بۆ پرۆگرام و بۆنەکانی ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری پەرە بەکارلێکی نێوان گەشتیاران و پێکهاتە ناوخۆییەکان، ڕێگە بەسەردانکەران دەدات خۆیان نوقم بکەن لە میراتی دەوڵەمەندی ڕۆشنبیری کوردستان**

**٤- *پاراستنی میرات:* تیشك خستنە سەر شوێنە مێژوویی و شوێنەوارییەکانی ناوچەکە لە ڕێگای هەوڵەکانی پاراستن و دەستپێشخەری پەروەردەیی، جەختکردنەوە لەسەر گرینگیدان وەك گەنجینەی کلتوری ناوازە.**

**٥- *ئەزموونی ناوازە:* پەرەپێدان و پێشخستنی ئەزموونە گەشتیارییە ناوازەکان وەك گەشتی چێشتلێنان ، گەشتیاری سەرگەرمی، و چالاکیە گەشتیارییە ئیکۆییەکان کە جوانی سروشتی و هەمەجۆری ناوچەکە پیشان دەدەن.**

**٦- *پاکێج و بەرنامەی گەشت و گوزار:* هاوکاری لەگەڵ دەزگاکانی گەشتیاری و گەشتیاران بۆ دروستکردنی پاکێجی گەشتیاری سەرنجڕاکێش و گشتگیر کە ناوچە سەرەکییە گەشتیارییەکانی کوردستان لەخۆبگرێت، ئاسانکاری و بەها پێشکەش بە سەردانکەرانی بیانی دەکات**

**٧- *سەلامەتی و ئاسایش:* جەختکردنەوە لەسەر ڕێوشوێنی سەلامەتی و ئەمنی بۆ دڵنیابوون لە گەشتیارانی بیانی لە ژینگەیەکی پێشوازی و ئاسایش بۆ گەڕان و کات بەسەربردن.**

**٨- *پراکتیزەکردنی گەشتیاری بەردەوام:* جێبەجێکردنی پڕاکتیزە گەشتیارییە بەردەوامەکان بۆ پاراستنی ژینگە و پاڵپشتیکردنی پێکهاتە ناوخۆییەکان، بەرزکردنەوەی سەرنجی ناوچە گەشتیارییەکانی کوردستان بۆ گەشتیارانی بەرپرسیار و بەویژدان.**

**٩- *پەیوەندی لەگەڵ میدیا نێودەوڵەتیەکان:* پەرەپێدانی پەیوەندی ئەرێنی لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی بۆ دروستکردنی ڕووماڵی ئەرێنی و ناساندنی شوێنە گەشتیارییەکانی کوردستان بۆ بینەرێکی جیهانی. کوردستان بە گرینگیدان بە بازاڕکردنی کاریگەر، پەرەپێدانی ژێرخانی، ئاڵوگۆڕی کلتووری، هەوڵەکانی پاراستن و پڕاکتیزە گەشتیارییە بەردەوامەکان، دەتوانێت گەشتیارانی بیانی بۆ خۆی ڕابکێشێت و خۆی وەك شوێنێکی سەفەریی ناچارکەر و دەوڵەمەندکەر دابنێت.(١)**

---

**١- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز دکتور. کاروان بلبلس، ڕێکەوتی١٤/٣/٢٠٢٤- کات١٢:٧**

## سێیەم - سوود و قازانجی شوێنەوار بۆ ژێرخانی فیکری ئێستا و ئاییندە

١- هێنانی پارە لەدەرەوە و چاکردنی باری ئابووری خەڵك لە هەرێمی کوردستان و شاری هەولێر بە تایبەتی، بەیەکێك لە ناوچە گەشتیارییە ئومێد بەخشەکان دادەنرێت، چونکە شوێنێکی گەشتیاری دڵخوازە بۆ گەشتیارانی عێراقی و بیانی بەدرێژایی وەرزەکانی ساڵ. سوودەکانی هاتنی گەشتیار بۆ هەرێمی کوردستان بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی سوودی ئابوری تاکە کەسی هەیە، چونکە هەولێر جگە لە قەلاَ و منارە لەمێژوودا خاوەن چەندین شوێنەواری کۆنە وەك ئەشکەوتی شانەدەر، قەلاَ و منارە، قشڵە و خان. بۆیە دەتوانرێت گەشتوگوزار لەبوارە جیاوازەکاندا جێبەجێ بکرێت. هێنانی سەرمایە بەگرینگترین و سەرەکیترین سەرچاوە و داهاتی ساڵانەیان دادەنرێت. بەدەستهێنانی گەڕانەوەی دارایی بۆ خەزێنەی وڵات دیاترین سوودی گەشتیارییە، چونکە داهاتەکانی کەرتی گەشتیاری دەتوانێت بەشێکی زۆر لەبەرهەمی نیشتمانی وڵات پێکبهێنێت، گەشتوگوزار بەشدارە لە بەرزکردنەوەی پێگەی وڵات و تیشکخستنە سەر جێگای خۆی لەنێو وڵاتانی جیهاندا. هەروەها پتەوکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لەزیادکردنی بازرگانی وەبەرهێنانی پێشخستن، وە زیادبوونی دراوی بیانی بێتە ئاراوە، چونکە بەزۆری گەشتیاران لەکاتی سەردانیان بۆ هەر شوێنێك پارە لەکالاَ وخزمەتگوزارییەکان خەرج دەکەن، ئەمەش دەتوانێت یارمەتیدەربێت بۆ سەقامگیرکردنی ئابووری و ببێتە هۆی گەسەشەندن پەرەپێدانی ژێرخان. هۆکاری پتەوبوونی ژێرخان دەگەڕێتەوە بۆ بوونی سەرمایەکی زۆر لە ئەنجامی سامانی سروشتی نەتەوەی و بازرگانی و سەرنجراکێشانی وڵاتان. گرینگی کاریگەرییە ئابوورییەکان لەوەدایە بەشداریەکی سەرەکین لە پشتیوانیکردنی ئابووریدا، جا چ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ.(١)

### ٢- دابینکردنی هەلی کار بۆ دەرچووانی بەشەکانی شوێنەوار و مێژوو و گەشتیاری:

دابینکردنی هەلی کار توخمێکی گرینگە لەگەشەسەندنی هەر تاکی کۆمەڵگەیەکدا، لەبەرئەوەی بۆ گەشەی ئابووری پێویستە، وە سوودی کۆمەڵایەتی گەورەی هەیە، دروستکردنی هەلی کار هاوکاتە لەگەڵ بوونی زۆرێك لە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان لە هەرێمی کوردستان، وەك ئەوانەی لە بەشەکانی شوێنەوار، مێژوو، زمانەکان، کاریگەری کردۆتە سەر فاکتەرەکانی تر، لەبەر نەبوونی بێکاری دانەمەزراندن لە پلە و پێگەی خوێندنیان وایکردووە، ئاستی ڕۆشنبیری بەرەو لاوازی بڕوات و هەروەها کۆچی گەنجان بەرەو هاندەران ڕوولەزیادبوونبێت. یەکێك لەلایەنە ئابوورییە دیارەکان کاریگەرییان تێدا بەژدارن، دابینکردنی هەلی کار و پشتگیریکردنی کۆمەڵگایە لەڕووی کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکارییەوە، وەبەرهێنان لەبەشی شوێنەوارە جۆراوجۆرەکان و شوێنەوارەکان بەتایبەت لەناوچە دوور و پارێزگارەکان شار و لادێکان ئەمەش وادەکات ژمارەیەکی زۆر لە قوتابییەکان لە ماوەی خوێندنی زانکۆیان بە شێوەی گرێبەست یاخود دامەزراندنی هەمیشەی کاریان هەبێت بۆ بەفیڕۆ نەچوونی ژیانی خوێندن و دەستکەوتنی داهاتێك بۆ بەڕێوەبردنی باری ئابووریان، بێگومان ئەم بارودۆخە ڕەنگە کاتیبێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەڵام پێویستە لەهەوڵێکی بەردەوام بن لەلایەن لایەنی پەیوەندیدار بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری و بوژاندنەوەی سەرمایەی وڵات وە لەسەر قوتابیەکانیش وا پێویستە هەمیشە لەهەوڵی باشترکردنی ئاست و زانست و زمانەکان بن بۆ ئەوەی بتوانن لەڕێگای چەندان دەزگا و ڕێکخراو بەشێوەیەکی ئەکادیمی کاریان دەست بکەوێت.

١- عيشاوي، علي، محددات الحركة الدولية لرؤس الاموال في ظل الازمة المالية العالية، بغداد،٢٠١٧،ص١٤-١٥

## ٣- بڵاوبوونەوەی هۆشیاری شوێنەواری و پێگەیاندنی نەوەیەکی زرنگ:

لەدێر زەمانەوە ئەو کەلوپەل و جل و خانوو شتانەی ئێستا هەمانە و وەکو دەوڵەتێك و توێژەر خۆمان بەخاوەنی دەزانین تەواو ئاگادارین، هەمیشە هۆشیاری بلاودەکەینەوە لە ناساندی کەلوپەلە شوێنەواری و خانوو و جل...هتد. کەوا ڕەمزی مرۆڤایەتی و نەوەی کوردە وە بۆ هەموو جیهانی بسەلێنین خاوەن کلتوور و شوێنەواری خۆمانین بۆ مانەوەی نەتەوەیەکی زیندوو بۆ هەموو جیهان، چونکە بەبێ شوێنەوار و بەتایبەت قەڵای دێرینی هەولێر، کورد نەتەوەیەکی مردوو دەبێت بەپێچەوانەشەوە قەڵای هەولێر ڕەمزی ئالاو و کلتور و مێژوو و دابونەریتی رەسەن و سەرکردە مەزنەکانە، ئەمەی کە هامانە کە پیرە قەڵات هێمای نەوەیەکی زیندووە بۆ هەمیشە وەك توێژەر هەمیشە بانگەواز دەکەین و هۆشیاری دەدەین بەوەی ئاگاداری شوێنەوارەکانی خۆمانبین و خۆشمانبوێن و هێشتا شوێنەواریتریش زۆر ماون چونکە کوردستان و بەتایبەت باشوری کوردستان بەنموونە هەولێری دێرین خاوەن چەندەها شوێنی مێژوویە و زۆر دەوڵەمەندە و دەسکەوتی زۆری هەیە وەك شوێنەواری گوندە ڕوخاوەکان و ئەشکەوتە کۆنەکانە، قەڵای هەولێر یەکێکە دەتوانین بڵێین لە شوێنەوارە مەزن و سەیر و سەمەرەکانی جیهان نزیك(وەك) لە هەرەمەکانی میسرە، چونکە بەم دواییانە لەکاتی کنەوپشکنینێك لەبەشێکی بچوکی قەڵای هەولێر، تیایدا دۆزینەوەی مێژوویەکی نوێ و شوێنەوارێکی کۆن هیچ کەس واتا هیچ مێژوونوسێك و دەقێکی کۆن نەدۆزاوەتەووە باسی بکەن و توێژەری شوێنەواری کنەوپشکنین بەدۆزینەوەی و پاشان ئامادەکردنی بۆ بلاوکردنەوەی بەهەموو جیهاندا ، ئەمە و چەندانیتر لە ڕابردوو نەدۆزراوەتەوە شوێنەوارناس دەیدۆزێتەوە تەنها پێویستی بە بوجە و کاتە بۆ کنەوپشکنین و دەوڵەمەندکردنی زیاتری وڵات بەمێژووی کۆن و ناساندنی بۆ جیهان کەوا ڕاگرتن و جێگیرکردنی نەتەوەیە.

## ٤- ناساندنی کورد و مێژووی شاری هەولێر بۆ بلاوکردنەوەی هەستی نەتەوەیی لەڕێگەی بەگەشتیاری قەڵای هەولێر:

قەڵای هەولێر بە شوێنێکی مێژوویی و جوگرافی گرینگ دەناسرێت بەو پێیەی لەناو کۆنترین شاری جیهانە، تاکو ئێستا ژیان تێدا بەردەوامە، ئەم شاری هەولێرە پایتەختی هەرێمی کوردستانە، ئەم شوێنە قوڵایی شارستانی لە میزۆپۆتامیا نیشان دەدات وادەکات ببێتە سەنتەرێکی گەشتیاری و شوێنێك بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران لە ناوچە جیاوازەکانی عێراق و جیهان سەردانی دەکەن. بەگوێرەی ئەوە دەتوانین ئەو کرۆنۆلۆجیایە پێشنیاربکەین(١)

هەولێر هەرلە کۆنەوە گرینگی و تایبەتمەندی خۆی هەبووە، یەکێکە لەو شارانەی وڵاتی دوو ڕووبار تاکوو ئێستاش ماوەتەوە، بەپێی ناوەڕۆکی زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان یەکێکە لە هەرە کۆنترین شارەکان، لە بەڵگەنامە دەستنووسە کۆنەکان ئاماژەی پێکراوە، بە شێوەیەکی زانستی چین چین هەڵکۆلین بۆ قەڵا نەکراوە، لەبەرئەوەی سەنتەرێکی ئابووری و شوێنەوارییە.(٢) لەساڵەکانی(٢٣٧١- ٢٣١٦پ.ز) بەمەبەستی دەست بەسەرداگرتنی داهات و فرە سامانێکی دەڤەرەکە، پەلاماری هێرشەکانی سەرجۆنی ئەکەدی گەیشتونەتە هەولێر و دەستی بەسەرداگیراوە. دواتر لەساڵانی(٢١٥٠-٢٠٥٠پ.ز) بووە بەبنکەیەکی سەرەکی بۆ دەوڵەتی گۆتیەکان کە لەنەتەوە دێرینەکانی زاگرۆسن، لە ساڵانی(٢٠٥٠-١٩٥٠پ.ز) کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی خانەوادەی سێیەمی ئیمپراتۆریەتی سۆمەرییەوە . لەساڵی(١٦٠٠پ.ز) کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی کاشیەکانەوە. ئەوکات دەوڵەتی ئاشوریش لە باکور دامەزرا و چەند هۆزێکی تری وەکوو میتانی و خورییەکان دەسەڵاتیان لەوناوەدا پەیداکرد، ناوچەکانی ئاشوور و هەولێر و کەرکوك لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی میتانییەکان بوون. لە رۆژگاری فەرمانڕەوایی ئاشووریەکانەوە لە(٢٥٠٠-٦١٢پ.ز) هەولێر لەوپەڕی گەشەسەندن و پێشکەوتنی دابوو، ئەوکات پایتەختی ئایینی

ئاشوریەکان و تەختی خواوەندی عەشتار پەرستگای ئاشووریەکان بووە، ناوی هەولێر لە نووسراوە مێخیەکانەوە بە شێوەی (ئی کشان کلاما) هاتووە دەکاتە (ماڵی خانمە هەرێم) سەرچاوە و هێمای سەرکەوتن بووە.

ساڵانی(٧٠٥-٦٨١پ.ز) لەدوای سەرجۆنی ئەکەدی سەنحاریبی کوڕی بووە بەفەرمانڕەوا، ئەو پاشایە لەدووری(٢٠کم) لە ڕووباری بەستۆڕەوە ئاوی بۆ شار و قەڵای هەولێر ڕاکێشاوە، بەجۆگەی سەنحاریب ناسراوە و بۆ ئەو سەردەمە کارێکی دەگمەن و مەزن بووە. دواتر لەساڵی(٦١٢پ.ز) ئیمپراتۆریەتی مادد دامەزرا، هەولێریش کەوتە نێو ئەو ئیمپراتۆریەتەوە و بوو بەبەشێك لەبنکە و ناوەندی دەسەڵاتی ئەو ئیمپراتۆریەتە. دوای ئەمە هەولێر بووە بەبەشێك لەهەخامەنشی. لەساڵی(٣٣١پ.ز) فەرماندەی ئەسکەندەری مەکدۆنی ، لە شەری گۆگامێلا هەڵکەوتەکەی نزیکەی(١٠٠کم) لە ڕۆژئاوای هەولێر مەزەندە دەکرێت نزیك ڕووباری گۆمەلی ناوچەی گۆرانەتی، ئیمپراتۆریەتی یۆنانی بەسەر دارای شای هەخامەنییەکان زاڵبوون و هەولێر بووە بەبەشێك لەموڵکەکانی ئەو ئیمپراتۆریەتە. لەپاش مردنی ئەسکەندەر لەساڵی(٣٢٣پ.ز) هەولێر کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی سلوقس کە یەکێك بووە لە فەرماندەکانی ئەسکەندەر.

لەساڵانی(١٤٨-٢٢٦پ.ز) فارسەکان توانیان بەسەر سلوقییەکان زاڵبن پێشتر حوکمڕانی هەولێر بوون. ساڵی(٨٣پ.ز) بۆ ماوەی(١٠ساڵێك) لەسەردەمی تیگران شای ئەرمەنی هەولێر کەوتە ژێر دەسەڵاتی سوپای ئەرمەنەوە. لەساڵی(٤٤ز) هەولێر بووە پایتەختی ئەدیابین و شاژن هێلێن ئایینی جوولەکەیان پەیڕەو دەکرد. لەدوای چەند پەلامار و هێرشی ڕۆمانەکان داگیرکرا، فارسەکان لەناوبران، ساڵی(٢٢٧ز) لەسەردەمی شا ئەردەشێری ساسانی، لە مەدائینەوە پەلاماری هەولێر درا، هەولێر کەوتە ژێر دەسەڵاتی ساسانییەکان و پەرستگای ئاینی زەردەشتی لێ دروستکرا.

ساڵی(٦١٢ز) لەگەڵ هاتنی سوپای ئیسلام، ساسانیەکان مەدائین و هەولێر و زۆربەی ناوچەکەیان جێهێشت. ساڵی(١٦ك) و لەسەردەمی جێنشین عومەری کوری خەتاب لەفەرماندەی عوقبەی کوری فەرقەد لەشکری ئیسلام گەیشتە ئەو هەرێمە و هەولێر و نەینەوا و زۆربەی هەرەزۆری ناوچەکانی دەوروبەر کەوتنە ژێر ئاڵای دەوڵەتی ئیسلام.

ساڵی(١٣٢ك) لەنزیك هەولێر و لەشەڕی زابی یەکلاکەرەوە، عەباسیەکان سەرکەوتن بەسەر ئوموزیەکان و هەولێر کەوتەژێر فەرمانڕەوایی عەباسیەکانەوە.

لەرۆژگاری دەسەڵاتداریەتی بوەیهییەکان لە بەغداد کوردە هەزبانییەکان توانیان میرنشینێکی بە دەسەڵات لە هەولێر دابمەزرێنن. ئەم میرنشینە درێژەی کێشا تا هەڵکەوتنی عیمادەددینی زەنگی لە موسڵ لە ساڵی(٥٢١ك)توانی کۆتایی بەم میرنشینیە بهێنێت و تەواوی ناوچەکەی خشتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

ساڵی(١١٤٤ز) زێنەدینی عەلی کوچك کۆڕی بەکتەکین فەرمانڕەوای قەڵای موسل بوو لە سایەی عیمادەدینی زەنگی، توانی میرنشینێکی سەربەخۆ لە هەولێر و دەورووبەریدا دابمەزرێنێت و بەمیرنشینی بەکتیکی ناسرا. لەساڵی(١١٦٨ز) زێنەدین عەلی کوچك کۆچی دوایی کرد و کوڕە بچووکەکەی زێنەدین یوسف دەسەڵاتی وەرگرت، دیارترین شوێنەوارەکانی ئەو سەردەمە منارەی چۆلی و قوتابخانەی موزەفەرییە و بازاڕگەکانی هەولێرن. پاش کۆچی دوایی موزەفەرەدیین

١- مەعروف، پەرژین سادق، نەخشەسازییە بنەرەتیەکانی شاری هەولێر، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٤٤

٢- بیخالی، سید مولود، هەولێرم وا دیوەو وابیستووە وا سەرچاوەی گرتووە، بەرگ٤،هەولێر،٢٠١٠،ل٢٠

لەساڵی(١٢٣٣ز) میرنشینی هەولێر چووەوە ژێر دەسەڵاتی موستەنسیر بیلای عەباسی و لەساڵی(١٢٣٥ز) لەشکرێکی بەفەرماندەی نەبوفەزیل نیقبالی شەڕابی نارده سەر هەولێر و داگیریکرد. هەولێر لە ڕۆژگاری موزەفەرەددین و لەدوای کۆچی دواییشی دوچاری پەلاماری مەغۆلەکان بویەوە. عوسمانیەکان هەولێر قەزایەکبووە بە لیوای موسڵ، بەڵام دوای نەمانیان و هاتنی ئینگلیز بۆ ناوچە، ئاڵوگۆڕ بەسەر شێوەی بەڕێوەبردنی دامودەزگاکان هاتووە و جۆری بەڕێوەبردنی نوێ هاتۆتە ئاراوە. دیارە هەولێریش سەردەستەی ئەم گۆڕانکارییانە بوو، لەسەردەمی ئینگلیزەکان حاکمی سیاسی لەلیواکان کاریان کردووە، یاریدەدەی دادوەری ڕامیاریش لە قەزاکان دانیشتوون. دەبلیوئارێێچ کە ئەفسەرێکی ئینگلیزە، یەکەم یاریدەدەری دادوەری ڕامیاری بووە لەهەولێر ، پاشان کە هەولێر بۆتە پارێزگا خۆی بووە بەدادوەری ڕامیاری ئەم شارە، لەپەرتووکی (دوو ساڵ لە کوردستان) کە بیرەوەریەکانی خۆیەتی ئاماژە بەوەدەکات هەولێر ڕۆژی (١٩١٩/١١/١ز) بۆتە پارێزگا، بەگوێرەی ئەم کتێبەبێت دەبلیوئارێێچ پارێزگاری هەولێر بووە، لەپاش نەمانی دەسەڵاتی عوسمانیەکان ، بەڵام دوای پێکەوەنانی دەوڵەتی عێراق و لکانی کوردستان بە عیراقەوە کەسانی شارەکەیان عیراقی ئەو پلەیان وەرگرتووە.

لەدوای هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم و لەپاش پەیماننامەی سایکسبیکۆ و لەبەهاری ساڵی (١٩١٦ز) بەفەرماندەی لیوا پاراشۆف هێزەکانی ڕوسیای هاوپەیمانی لە ڕێگای خانەقین و ورمێ بەمەبەستی داگیرکردنی بەغداد ڕەواندوزیان داگیرکرد. پاشان بەهۆی هەڵگیرسانی شۆرشی تشرینی یەکەم لە ڕوسیا لەو هەرێمە کشانەوە.

سالی (١٩١٨ز) لەدوای داگیرکردنی بەغداد لەلایەن ئینگلیزەوە هەولێر کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیز و کاپتن های بوو بەحوکمرانی هەولێر. بەلام رەواندوز دووبارە کەوتە دەست هێزی عوسمانیەکانەوە بۆ دووساڵ بووە پێگەی سەربازی ئەفسەرێکی تورك بەناوی ئۆزدەمیر.

ساڵی(١٩٢١ز)لەپاش دروستبوونی حکومەتی عیراق و لکانی کوردستانی باشور بە دەوڵەتی عیراق، هەولێر کرایە موتەسەریفیەت ئەحمەدە فەندی عوسمان یەکەم پارێزگاری هەولێر بووە. ساڵی (١٨٥٨ز) شارەوانی هەولێر دامەزراوە، یەکەم سەرۆکی شارەوانی حاجی ئەحمەد ئاغای عەبدولوەهاب بووە.

لە ساڵی (١٩١٨ز) سوپای بەریتانی هاتەناو شاری هەولێر دواتر لەساڵی (١٩٢٥ز) هەولێر کەوتە ژێر دەسەڵاتی قەزائی بەغداد. لە ساڵی (١٩٧٤ز) هەولێر بووبە پایتەختی حکومی زاتی کوردستان. لەساڵی (١٩٩١ز) پاش ڕووخانی سوپای ڕژێمی بەعس و کشانەوەیان لەناوچەکانی کوردستان، هەولێر بووبە پایتەختی کوردستانی عیراق.[١]

لە فەرهەنگی ئینگلیزی ئۆکسفۆرد: نیشتیمانپەروەر بەکەسێك وەسف دەکرێت کە بەتوندی پشتگیری وڵاتەکەی بکات و ئامادەیە بەرگری لێبکات لە دوژمنان یان ڕەخنەگران.

---

١- زاموا، دلشاد عزیز، کرۆلۆژیای هەولێرلە(٦٥٠٠پ.ز-٢٤٢ز)، ئەنیسکلۆپیدیای هەولێر،بەرگ٣،لا٥٣٣

**لە ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفەی ستانفۆرد: نیشتیمانپەروەری وەسفیکردووە کە خۆشەویستی مرۆڤە بۆ وڵاتەکەی پێناسەکە بریتییە لە : سۆزداری یان وابەستەبوون بە نیشتیمانەوە، خەمخۆری تایبەت بۆ خۆشگوزەرانی وڵات، هەستکردن بەناسنامەی تایبەت لەگەڵ نیشتیمان ئامادەیی بۆ قوربانیدان کە بەرژەوەندییەکانی وڵات بەرەوپێش ببات، واتا بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان( ١ )**

**هەستی نیشتیمانی و نەتەوەیی، یەکێکە لە بنەماکانی مانەوە و بەردەوامیی هەر میللەتێك ، ئەگەر بیەوێت لەسەر پێیخۆی بوەستێت و ڕووبەڕووی ئاستەنگەکانببێتەوە، بەتایبەت لای گەنج و لاوە تازە پێگەیشتووەکان، کەلە داهێنان بکەن و ببنە دینەمۆی پێشوەچوون و سەرکەوتنەکان**

**تاکی هەر گەل و نەتەوەیەك ئەگەر لاوەکانی جۆشدراوی هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانی بن ئەستەمە ئەو گەلە شکست بهێنێت، گەلێك لاوەکانی بەهەستی نەتەوایەتی جۆش درابێ، ئەوا ئەو گەلە لەهەر کەوتنێك، سەرکەوتنێکی گەورەتر بەدەست دێنێت.( ٢ )**

**نیشتیمانپەروەری کە بەشانازی نەتەوەیی ناسراوە بریتییە لە وابەستەبوون و دڵسۆزی و پەیوەندی سۆزداری بەنەتەوەیەکی دیاریکراو یان ناوچەیەکی جوگرافی بە شێوەیەکی تایبەت کە جیاوازە لەوڵاتانی دیکە. مرۆڤی نیشتیمانپەروەر کەسێکە کە ولاتەکەی خۆشدەوێت پشتگیری لە دەسەلاتەکەی دەکات و بەرژەوەندییەکانی دەپارێزێت نیشتیمانپەروەری کۆمەڵێك چەمك و تێڕوانین لەخۆدەگرێت کە پەیوەندییەکی نزیکیان بە ناسیۆنالیزمەوە هەیە، وەك پەیوەندی، سەربەخۆیی و هاودەنگی چونکە واقیعی دۆخەکە ئەوەیە کە بەرژەوەندییەکان سەر بە نەتەوەیە کە دەوڵەت جیاوازی نەتەوەیی و کلتوری و سیاسی و مێژوویی پێناسەدەکات نیشانە و تایبەتمەندییەکان زۆرجار نیشتیمانپەروەری و ناسیۆنالیزم بەشێوەیەکی گۆڕاو بەکاردەهێنرێن هەرچەندە دەتوانرێت لەڕووی تیۆرییەوە جیابکرێنەوە.(٣)**

---

١- مسعود ، احمد خليفة ، الشعور الوطنی، مغريب ،٢٠١٩، ص١٨٠

٢- شوانی ، ئەسرین عاسی ، هەستی نیشتیمانی و نەتەوەیی و ئایندەی کوردستان ، هەولێر ،٢٠٢٢، ل٩

٣- ڕزگار، محمد عمر ، هەستی کوردایەتی ، هەولێر ،٢٠٢١، ل١٣

## دەرئەنجام

**گرینگترین ئەم خالأنەی لەم توێژینەوەیە پێگەیشتم.**

**١- شاری هەولێر و قەلاّ مەزنەکەی یەکێك بوونە لە هەرە شارە دێرینەکان کە ناوی لە مێژوودا هاتووە، بە کاروان سەرای کوردستانی کۆن و عێراقی فیدرالّی دادەنرێت.**

**٢- کەرتی گەشتیاری لە ئێستادا بە پیشەسازیەکی گشتگیر دادەندرێت بە فراوانی چالاکییەکان و جۆرە جیاوازەکانی جیادەکرێتەوە، وەك ئابووریکی کاریگەر لەسەر گشت لایەنەکانی پەرەپێدان بە تایبەتی ئابووری زۆرێك لەو ولأتانەی کە گرینگی پێدەرن.**

**٣- شاری هەولێر چەندان شوێنی شوێنەواری و کەلەپووری تێدایە کە رەهەندێکی مێژووی و شارستانیان هەیە نموونە قەلاّی هەولێر و گەڕەکە کۆنەکان کە لە جیهان بە شاری جلجالۆکە ناسراوە بەهۆی شێوە هێلکاریەکەی لە ئاسمانەوە.**

**٤- هەلّکەوتەی جوگرافیای شاری هەولێر هۆکارێکی گرینگە بۆ ئەوەی ئەو شارە ببێتە سەنتەرێکی ڕاکێشانی گەشتیاری ناوەخۆیی و بیانی، لەگەلّ ئەوەشدا ناوەندێکی سەرەکی ئابووری و تێکەلأو بوونی هاولأتیانە لە کوردستان.**

**٥- پەرەپێدانی سەرمایەی مرۆیی و توانا زانستی و تەکنەلۆژیا بەتایبەتی لە کەرتی گەشتیاریدا تاکوو بتواندرێت سەرچاوەیەکی بەنرخ بێت بۆ بوژاندنەوەی ولأت.**

**٦- گرینگی دان بە هەلکۆلێن گەڕان بەدوای شوێنەواردا لە دەورووبەری قەلاّی هەولێر، دەسبەرکردنی هەلّی کار بۆ قوتابیانی بەشی شوێنەوار بۆ زیادکردنی توانا و لێهاتوویان لەم بوارەدا.**

**٧- کارکردن بۆ دامەزراندن و بەرەوپێشبردنی قوتابیان بۆ ئەوەی سوود بە کەرتی گەشت و گوزار و شوێنەوار بگەینن چونکە ئەوان کەسانی پسپۆرن لە بوارەکە ئەزموونێك لە پێش کەسانی ترن لەم بوارەدا.**

**٨- دامەزراندنی سەنتەرێکی تایبەتمەند بە شوێنەوار بۆ لێکۆلینەوە و ئاماری گەشنیاری و میوانداری.**

**٩- بە گەشتیارکردنی شوێنەکانی هەولێر بۆ ئەوەی لە ناوچوون بپاریزرێت وە بکرێت بە شوێنیکی گەشتیاری وەك قەلاّی هەولێر ، قشلّەی سوارە ، گەڕەکەکۆنەکانی تەعجیل- تەیراوە- خانەقا- عەرەبان....**

**ليستى سەرچاوەكان :**

**<u>القران الكريم</u>**


**١- القران الكريم ، سورة الكهف ، الاية ٦**

**٢- القران الكريم ، سورة ال عمران ، الاية ١٨٠**


***<u>ليستى سەرچاوە بە زمانى كوردى</u>***


**١- ئەلدەباغ ، تەقى ، پيشەكيەك دەربارەى زانستى شوێنەوار ، وەرگێرانى صباح پيربال قصاب ، هەولێر ، بەرگى دووەم ٢٠٠٧،**

**٢- ئەلدەباغ، تەقى، پێشەكيەك لە زانستى شوێنەوار، وەرگێرانى، صباح پيربال قصاب، هەولێر، بەرگى يەكەم، چاپخانەى تەفسير، ٢٠٢٣**

**٣- ئەحمد ، جوتيار محمد ، هەژموونى كلتوورى ، هەولێر ، بەرگى يەكەم ، ٢٠٢١**

**٤- احمد ، سعد ابرهيم – نينوى ، مععد التقنى ، كاريگەرى ئاو هەوا لەسەر پيشەسازى گەشتوگوزار ، وەرگێرانى؛ فازل عباس ابراهيم ، بغداد ، بەرگى يەكەم ، ٢٠٢٣**

**٥- احمد ، ئاشنا اسماعيل ، پەرەپێدانى گەشت و گوزار ، هەولێر ، بەرگى يەكەم ، ٢٠٢٢**

**٦- ابراهيم ، نعمان جمعه ، نۆژەنكردنەوەى قەلاَى هەولێر ، يەكەمين كۆنفرانسى زانستى نێودەوڵەتى بۆ نۆژەنكردنەوەى قەلاَى هەولێر ، وەزارەتى رۆشنبيرى ، بەرێوبەرايەتى گشتى شوێنەوار ، هەولێر ، ٢٠٠٤**

**٧- باقر ، تەها ، سەرەتايەك بۆ مێژووى شارستانيه ديرينەكان ، وەرگێرانى ؛ عوسمان عزيز عەللاف- ئەفرا سياب رەشيد ، سليمانى ، بەرگى يەكەم ، چاپخانەى تاران ، ٢٠١٨**

**٨- برادۆستى ، زيدان رشيد ، زاموا ، دڵشاد عزيز ، شوێنەوار و كەلەپوورى هەولێر ، پرۆسيدنيگى دووەمين كۆنفرانسى زانستى نێودەوڵەتى ، هەولێر ، ٢٠١٨**

**٩- برادۆستى ، سەلام سليمان ، گەشت و گوزارى نێودەوڵەتى ، رۆژنامەى خەبات ، هەولێر ، ٢٠٢٣**

**١٠- بيخالى ، سيد مولود ، هەولێرم وا ديوەو وابيستووە وا سەرچاوەى گرتووە ، هەولێر ، بەرگى چوارەم ، ٢٠١٠**

١١- جوهر ، عزيز على ، تێرامان له گەشت و گوزار وەك سەرمایەکی نەتەوەیی باشووری کوردستان بە نموونە ، سلێمانی ، بەرگی یەکەم ، ٢٠١٦

١٢- چاوشلی ، هادی رەشید ، هەولێر لەگەڵ کاروانەکەی فەلەك ، هەولێر ، ١٩٨٧

١٣-حوسین ، موحسین محمد ، هەولێر لەسەردەمی ئەتابەگیاندا ، وەرگێرانی ، عوسمان علی قادر ، هەولیڕ ، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی حاجی هاشم ، ٢٠١٠

١٤- خۆشناو ، نەسرەت سابیر شێخە ، سمبوولی رەسەنایەتی و زەمینەی گەشت و گوزار و ئابووری ، یەکەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی بۆ نۆژەنکردنەوەی قەلای هەولێر ، هەولێر ، ٢٠٠٤

١٥- دەستەی گشتی گەشت و گوزار ، ماستەر پلانی ستراتیژی گەشت و گوزاری هەرێمی کوردستان- عێراق ، هەولێر ، وەزارەتی شارەوانی ، ٢٠١٣

١٦- دانیال ، بنیامین یوخنا ، فەرهەنگی گەشت و گوزار ، وەرگێرانی ، محمد شوکتی کوثر، هەولێر( عەنکاوە) ، چاپخانەی پێشەوا ، ٢٠١٠

١٧- رحمان ، دیار محمد ، ئاوهەوای مرۆیی قەزای شەقلاوە ، شەقلاوە ، بەرگی یەکەم ، ٢٠٢٠

١٨- روستی ، نادر ، گەشتوگوزار ئایندەی کوردستانە ، هەولێر ، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی حاجی هاشم ، ٢٠١٠

١٩- رەشید ، شیروان عمر ، گەشت و گوزار و ژینگە پەیوەندی نێوانیان و کاریگەرییان لەسەر یەکتری ، سلێمانی ، بەرگی یەکەم ، ٢٠٠٧

٢٠- روستی ، نادر ، گەشت و گوزار دەروازەیەك بۆ بووژاندنەوەی نیشتیمان ، هەولێر ، بەرگی یەکەم ، ٢٠٢٠

٢١- رضار ، ئەلەند ابوبکر – حمه ، ئاران لقمان ، جوگرافیا و مێژووی پارێزگای هەولێر ، هەولێر ، بەرگی یەکەم ، ٢٠١٨

٢٢- روستی ، نادر ، گرنگی جۆرەکانی گەشتوگوزار بۆ ئابووریەکی بەهێز ، هەولێر ، بەرگی یەکەم ، ٢٠٢٢

٢٣- روستی ، نادر ، گەشتێك بۆ گەشتوگوزار ، هەولێر ، بەرگی یەکەم ، ٢٠١١

٢٤- زاموا ، دلشاد عزیز- سدیق ، شاخەوان ، شوێنەوار و کەلەپوور میرات و ناسنامەی گەلەکەمانن ، سلێمانی ، بەرگی یەکەم ، ٢٠٢٢

٢٥- زاموا ، دلشاد عزیز ، کوردستانیکا ، هەولێر ، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی ئەکادیمیای کوردی ، دەستەی ئینسکۆپیدیا لە ئەکادیمیای کوردی ، ٢٠٢٣

٢٦- زاخاو ، ئێدوارد ، كرۆنۆلۆژیای ئەربێلا ، وەرگێرانی لە ئەلمانیەوە ؛ عبدالمؤمن دەشتی ، هەولێر ، بەرگی یەكەم ، ٢٠١٢

٢٧- سنجاوی ، جەلال ، جوگرافیای شاری هەولێر و دەوروبەری ، هەولێر ، ١٩٩٩

٢٨- صۆفی ، رفیق رسول ، ئەوانی تر ، رێبەری شوێنەوارەكانی هەرێمی كوردستان ، هەولێر ، بەرگی دووەم ، ٢٠١٧

٢٩- شەهاب ، كامەران علی ، بنەماكانی جوگرافیای گەشت و گوزار بە پراكتیزەكردن لە قەزای كۆیە ، كۆیە ، بەرگی یەكەم ، چاپخانەی شەهاب ، ٢٠٠٩

٣٠- عبدالرحمان ، سەردار ، بزافی گەشتوگوزار لە هەرێمی كوردستان ، سلێمانی ، بەرگی یەكەم ، ناوەندی سارا ، ٢٠١٩

٣١- عەلیاوەیی ، عەبدوڵلا ، ئەوانی تر ، ئینسكلۆپیدیای هەولێر ، لوبنان ، بەرگی سێیەم ، چاپی یەكەم ، ٢٠٠٩

٣٢- عبدالواحید ، ئازاد ، گەشتێك بە ناو- مێژوو- بەڵگەنامە- شوێنەوار ، هەولێر ، بەرگی یەكەم ، چاپخانەی پەروەردە ، ٢٠٠٥

٣٣- عمر ، شیماء خضر ، ئەوانی تر ، رۆڵی شوێنەوار لە گەشەپێدانی گەشتوگوزار ، هەولێر ، بەرگی یەكەم ، ٢٠٢١

٣٤- علی ، شەمال ، پرەنسیپەكانی گەشتوگوزار ، سلێمانی ، بەرگی یەكەم ، ٢٠١٩

٣٥- عزیز ، زهراء مهدی ، شاری هەولێر ، زانكۆی صەلاحدین- هەولێر ، ٢٠٢٠

٣٦- عزیز ، ئارام احمد ، رۆلی كەرتی گەشت و گوزار لە دابینكردنی هەلی كار ، سلێمانی ، بەرگی یەكەم ، ٢٠٢١

٣٧- غەفور ، عبدلله ، فەرهەنگی جوگرافیای هەولێر ، هەولێر ، بەرگی یەكەم ، چاپخانەی حاجی هاشم ، ٢٠١٥

٣٨- قادر ، مهدی محمد ، هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩١٤-١٩٣٠ز ، هەولێر ، بەرگی یەكەم ، ٢٠٠٨

٣٩- قصاب ، صباح پیربال ، شوێنەوار و شوێنەوارناسی لە كوردستاندا ، هەولێر ، بەرگی یەكەم ، ٢٠٠٧

٤٠- قصاب ، صباح پیربال ، ئاركیۆلۆجیا لە كوردستان ، هەولێر ، بەرگی یەكەم – چاپخانەی شەهاب ، ٢٠٠٧

٤١- موكریانی ، عبدالرحمن شەرەفكەندی ( هەژار موكریانی) ، فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە ، تاران ، بەرگی یەكەم ، ١٩٥٠

٤٢- موكریانی ، گیوی ، فەرهەنگی مەهاباد ، هەولێر ، بەرگی دووەم ، چاپخانەی ئاراس ، ٢٠١٢

٤٣- محمد ، ئاكۆ بورهان ، مێژووی كۆنی كوردستان و شوێنەوارەكانی ، هەولێر ، بەرگی یەكەم ، چاپخانەی نارین ، ٢٠٢١

٤٤- ماك ، جاهى ستان ، تێروانێكى گەشتیارانە لە پارێزگای هەولێر بووژانەوە و شانازی كردن ، یەكەمین كۆنفرانسی زانستی مێودەڵەتی بۆ نۆژەنكردنەوەی قەڵای هەولێر ، هەولێر ، ٢٠٠٤

٤٥- محمد ، ماهر حسین ، نەریت كەلەپوور ، گەرمیان ، ٢٠٢٣

٤٦- نجم الدین ، هدى صباح ، احمد ، رۆژان صباح ، هەلسەنگاندنی توانستی گەشتوگوزاریی ئەشكەوتەكانی قەزای سۆران و مێرگەسۆر ، هەولێر ، بەرگی یەكەم ، ٢٠١٩

٤٧- نبی ، الهام جلال ، ئەوانی تر ، شیكردنەوەی جوگرافی دیاردەی گەشت و گوزار لە بەشی باشوری پارێزگای هەولێر ، هەولێر ، بەرگی یەكەم ، ٢٠٢٢

٤٨- نەقشبەندی ، ئازاد محمد امین ، طالب ، نیذ عبدالعزیز ، توانستی گەشتوگوزارییەكانی هەرێمی كوردستان قەزای سۆران وەك نموونە ، سۆران ، بەرگی یەكەم ، ٢٠١٩

٤٩- نوری ، نورالدین اسماعیل ، كاریگەری گەشتیاری لەسەر كۆمەلگەی كوردستان هەولێر بەنموونە ، هەولێر ، ٢٠٢٢

٥٠- نەبی ، كارێز رسول ، بنەماكانی گەشەپێدانی گەشت و گوزار ، هەولێر ، بەرگی یەكەم ، ٢٠٢٣

٥١- هەولێر لە سەرچاوە مێژووییەكاندا ، دووەمین كۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی- بەشی مێژوو- كۆلێژی ئاداب ، هەولێر ، ٢٠١٩

*لیستی سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:*

١- العنكاوی ، وحدة شكر ، الكبیسی ، شیماء فاضل ، استراتیجیات التطویر لمدن القلاع ، عنكاوة ، ٢٠٢٠

٢- السیلفانی ، فارس شكری حمید ، الحیدری ، عبدالباقی عبدالجبد امین ، سیاسات الحفاظ المصماری فی المواقع الاثریة قلعة اربیل ، التاریخیة حالة للدراسة ، موصل ، ٢٠٠٩

٣- الغخرانی ، فوزی عبدالرحین ، الرائد فی فن التنقیب عن الاثار ، بغداد ، جزء الثانی ،١٩٩٣

٤- السعدی ، عبیر مرتضى حمید ، تحلیل مؤشرات التنمیة السیاحة المستدامة فی دول مختارة مح الاشارة الى العراق ، موصل ، جزء الاول ، ٢٠١٢

٥- الصفار، بحری سالم فتاح، التحلیل المكانی لتباین واقع الحركة السیاحة و معوقا تها فی اقلیم كوردستان العراق خلال المدة ٢٠١٣_٢٠١٨، القاهرة، جزء الاول، ١٩٩٩

٦- اسلام ، تلى محمد ، دور السياحة فى التنمية المحلية ، دراسة حالة ولاية غرداية ، قادصية ، جزء الاول ، ٢٠١٣

٧- السيسى ، ماهر عبدالخالق ، مبادىء السياحة ، جنف ، جزء الاول ، ٢٠١٩

٨- المشهدانى ، خليل ابرهيم احمد ، التخطيط السياحى ، جامعة المستنصرية ، جزء الاول ، ١٩٨٩

٩- الدباغ ، تقى ، مقدمة فى علم الاثار ، بغداد ، جزء الاول ،١٩٨١

١٠- الحكام ، اسحق صالح ، ابرهيم ، زينب ، حركة المواد الارضية و مخاطها فى محافظة اربيل ، جامعة المستنصرية ، جزء الاول ، ٢٠١٥

١١- ئةلبانى ، سامى ، منظعة التويق السياحى اهميتها و دورها ، نيوزلاند ، جزء الاول ، ٢٠٢١

١٢- الظاهر ، نعيم ، الياس ، سراب ، مبادىء السياحة ، موصل ، جزء الاول ، ٢٠٠١

١٣- السامرانى ، مها عبدالستار ، اثر السياحة فى توفير فرص العمل ، سامراء ، جزء الاول ، ٢٠١٧

١٤- اسماعيل ، زبير بيلال ، اربيل فى ادوارها التاريخية ، جنف ، جزء الاول ، ١٩٧٠

١٥- البدليسى ، شرفخان ، الشرفنامة ، ترجمة؛ ملا جميل روزبيانى ، بغداد ، جزء الاول ، ١٩٥٣

١٦- الكفرى ، صالح ، وظائف لائقة من اجل العراق استراتيجية للعمالة و العمل اللائق ، بغداد ، ٢٠١٣

١٧- الغباشى ، منى عثمان، مدخل الى علم الاثار ، بغداد ، جزء الاول ، ٢٠٢١

١٨- الشرقاوى ، فتحى محمد ، مبادىء علم السياحة ، الاسكندرية ، جزء الاول ، ٢٠٠٦

١٩- برادوستى ، زيدان رشيدخان ، دور المواقع الاثرية لتنمية السياحة فى اقليم كردستان- العراق ( قلعة اربيل نموذجا) ، اربيل ، ٢٠١٧

٢٠- بوسان ، فايب ، عالم الاثار ، ترجمة ؛ كريستين يوسف ، عنكاوة ، جزء الثانى ، ٢٠٢٢

٢١- بيشينة ، سميحة فاضل ، عقد السياحة ، الجزائر ، جزء الاول ، ٢٠١٨

٢٢- بكر ، ايمن محمد ، السياحة و الفنادق ، مصر ، جزء الاول ، ٢٠١٩

٢٣- جسام ، سعد رميض ، واخرون ، تنمية السياحية البيئة فى اربيل بشمال العراق ، اربيل ، ٢٠١٩

٢٤- حفظى ، احسان محمد ، الولة وفرص العمل لدى الطبقة الوسطى ، الاسكندرية ، دراسة ميدانية ، ٢٠٢٢

٢٥- حماد ، يوسف قصير ، التسويق السياحى ، السعودية ، جزء الاول ، ٢٠١٥

٢٦- خزعل ، خضير عباس ، تحليل جغرافى لنظام شبكة العراق المعبدة فى محافظة اربيل ، ديالى ، جزء الاول ، ٢٠٠٩

٢٧- دانيال ، بنيامين يوخنا ، المغريات السياحية ، جنف ، جزء الثانى ، ٢٠١٧

٢٨- دانيال ، كلين ، موسوعة علم الاثار ، ترجمة ؛ ليون يوسف ، بغداد ، جزء الاول ، ١٩٩٩

٢٩- رابح ، حاجى ياسين ، دور الاثار فى ترقية السياحة الثقافية ، جامعة الجزائر ، جزء الثالث ، ٢٠٠٣

٣٠- روفيتش ، تشيكالوف فلاديمر الكزاند ، تاريخ الثقافة العالمية ، ترجمة؛ عماد طحينة ، ابوظبى ، جزء الاول ، ٢٠١٤

٣١- زويد ، عذراء عبدالهادى ، جغرافية العراق السياحية ، نجف ، جزء الاول ، ٢٠٢٠

٣٢- شمطو ، سمير خليل ابرهيم ، السياحة الالكترؤنية بين النمط السياحى والخدمة السياحة ، كربلاء ، جزء الثانى ، ٢٠١٩

٣٣- شبر ، الهام خضير ، فى النمو السياحى التنمية السياحية ، جامعة مستنصرية ، جزء الاول ، ٢٠١٥

٣٤- شيركو ، جيهان محمد ، قلعة اربيل ، عةنكاوا ، جزء الاول ، ٢٠١٧

٣٥- شيركو ، جيهان محمد ، قلعة اربيل وسورها المفقود ، اربيل ، جزء الاول ، ٢٠٠٦

٣٦- شبر ، الهام خضير عباس ، الاهمية الاقتصادية للسياحة الاثار ، جامعة المستنصرية ، جزء الاول ، ٢٠١٩

٣٧- شمطو ، سمير خليل ، الادارة الفندقية ، بغداد ، جزء الاول ، ٢٠١٦

٣٨- صالح، بهرم محموود، الصفار، احمد سليمان ياسين، اثر الاستثمار السياحى فى تنويع مصادر الدخل فى اقليم كوردستان العراق للسنوات ٢٠٠٣_٢٠١٨ ، زاخو، جزء الاول، ٢٠٢١

٣٩- على، نرمين محمد امين، قادر، عبدللة خورشيد، قلعة اربيل بين التنقيبات الاثرية والمصادر التاريخية، مجلة دراسات فى التاريخ و الاثار، اربيل، ٢٠٢١

٤٠- عزيز ، محمد دخيل ، اهمية السياحة فى العراق ، موصل ، جزء الاول ، ٢٠٢٠

٤١- عزالدين ، طرف محمد ، سلبيات و ايجابيات السياحة حول العالم ، موسكو ، ٢٠٢٣

٤٢- قادر ، بيلان على ، صين ، هادى عزيز ، دور التسويق السياحى فى التطور السياحة ، اربيل ، جزء الاول ، ٢٠١٩

٤٣- قبايلى ، ريم هارون ، دورالاعلان فى التسويق السياحية ، تونس ، ٢٠٢١

٤٤- كاظم ، مياء محمد على ، السياحة الاثارية ، بغداد ، ٢٠١٩

٤٥- كردى ، احمد السيد ، استراتيجية التنمية السياحية ، موصل ، جزء الاول ، ٢٠١٠

٤٦- ملوخية ، احمد فوزى ، مدخل الى علم السياحة ، الاسكندرية ، جزء الاول ، ٢٠٠٨

٤٧- موسى ، زين العابدين ، للعلوم السياحية و الاثار ، جامعة كربلاء ، جزء الثالثة ، ٢٠١٨

٤٨- معراج ، موارى ، دور وسائل فى التسويق السياحى ، جامعة غرداية ، جزء الثانى ، ٢٠١١

٤٩- نوال ، بوكريطة ، اثر التصال فى رفع الاداء التسوبقى للمؤسة الخدمية دراسة حالة و كالة السفر و السياحة ، نينوى ، جزء الاول ، ٢٠١٠

٥٠- هرمز، نورالدين، التخطيط السياحى و التنمية السياحية، مجلة الدراستات ، المجلد(٢٨) ، جامعة تشرين ، بغداد ، ٢٠٠٦

***ليستى سەرچاوە بە زمانى ئينگليزى***

1- Abbas, A, Ebil Cidatel Revitalization and the Presnce of ITS Emergence History, University of Hasselt,Belgium, 2018

2- Afkhami, behrouz, archaeologyical tourism,characteristics and functions, department of archaeology, 2021

3- al-Du jaili, dr sahar hilal, the Role of erbil citadel precinctin developing the city tourism sector, amen, aziz, dr Mustafa erbil, 2018

4- alyaqoobl, dara, sangar,Abdullah, Archeological investigtions on the citadel of Erbil

5- Archeological researching the Kurdistan region of Iraq and the adiacent areas, Athen, Nov, 1st-3rd, 2013

6- Bradosty, Zidan, ArbeloAntQva- Actes da collogen einternational d.Erbil,2014

7- Duiaili,sahar hilalal, amen, Mustafa aziz ,the role of erbil citadel precinct in developing the city tourism sector, university of erbil, 2018

8-Emma, Margarita, History of Archeology neil Asher Editor

9- Garver, Geoff, History and Archeology the History of Archeology and the Archeology of Archeology, 2006

10- kopanias, konstantinos, ginnis, jonh mac, the archaeology of the Kurdistan reglon of Iraq, 2019

11- Kopanias, Konstantions, john mac ginnis, the archeology of the Kurdistan religion of Iraq and jacent reglons

12- Kopanias, Konstantions, john mac ginnis, Jasonur, Archeological Projects in the kurdistan region in Iraq the directorate of Anti quities of Kurdistan, Editor, Jan, 2015

13- mohammed, jambally, erbil citadel, the worlds oldest continuously in habited towh is restored, techvniversity, 2009

14-Sabr, chwasa, a study on the urban form of erbil city- capitathal of Kurdistan region- asan exampie of historical and fast growing city, university of Sheffield, uk, 2003

15- UR, Jason, The Ebil Plain Archeology Suvey PREliminary Results , 2020

### *لیستی سەرچاوەکانی ماستەر و دکتۆرا*

**١- اسماعیل ، رووپاك عبدلله ،رۆلی ناوچە شوێنەواریەکان لە بوژاندنەوەی بواری گەشتوگوزاری شاری هەولێر، نامەی ماستەری بلاّونەکراوە، زانکۆی صەلاحدین ، هەولێر ، کۆلێژی ئاداب ، بەشی شوێنەوار ،٢٠١٧**

**٢- محمد ، دلێر علی ، رۆلی شوێنەوار و کەلەپوور لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستانی- عیراق ، نامەی ماستەری بلاّونەکراوە ، زانکۆی صەلاحدین، هەولێر ، کۆلێری ئاداب ، بەشی شوێنەوار ، ٢٠٠٧**

**٣- سلێمان، هونەر مراد ، ستراتیژی پارێزگاری کردن لە ناوچە شوێنەواری و کەلەپوورییەکان لە هەرێمی کوردستان، نامەی ماستەری بلاّونەکراوە، زانکۆی صەلاحدین، هەولێر ، کۆلێری ئاداب ، بەشی شوێنەوار ، ٢٠٢١**

**٤- یوسف، ئەژین ئەنوەر، توانستە سروتیەکانی پلاندانان و گەشەپێدانی گەشتوگوزار، نامەی ماستەری بلاّونەکراوە، زانکۆی صەلاحدین، کۆیە، کۆلێری ئاداب ، بەشی گەشتوگوزار، ٢٠٠٨**


**٥- ابراهیم، زیرین ستار ، گەشت و گوزاری چارەسەری(پزیشکی) توانستەکانی گەشەکردنی لە شاری هەولێر، نامەی ماستەری بلاّونەکراوە، زانکۆی صەلاحدین، هەولێر ، کۆلێری ئاداب ، بەشی شوێنەوار ، ٢٠٢١**

**٦- تەها، کیفی جلال، ئەربیل-هەولێر-لەسالآنی١٢٣٧١-٣٣١پ-ز، نامەی ماستەری بلاّونەکراوە، زانکۆی صەلاحدین، هەولێر ، کۆلێری ئاداب ، بەشی مێژووی کۆن ، ٢٠٢٢**

**٧- الارکوشی، یادکار محمد طاهر،البیوت التراثیة فی محافظة اربیل فی اقلیم کوردستان العراق ، رسالة ماجستیر غیر منشورة ، جامعة مؤتة، ٢٠١٠**

**٨- خضر، ئاراس اسماعیل،العناصر العماریة الزخرفیة فی العمائر العثمانیة الباقیة فی اقلیم کوردستان – العراق، خلال(١١٠٩-١٣٢٦ه/ ١٧٠٠-١٩٢٠م) اطروحة الدکتورا(غیر منشورة)، جامعة القاهرة ، القاهرة، ٢٠١٣**


٩- خضر، هةتاو كريم، اشكالية في اقليم كوردستان العراق) ، اطروحة دكتورا غير م






وێنەی ژمارە ٣١ ( سەنتەری ڕۆشنبیری قەڵای هەولێر)
https://images.app.goo.gl/cTBtqz4ZRuKTSjUv6



وێنەی ژمارە ٣١ ( سەنتەری ڕۆشنبیری قەڵای هەولێر)
/https://whc.unesco.org/en/list/1437


Debris
Plant growth
B 26
B 25
B 4
B 24
B 3
B 2
B 1
Areas where humidity is retained by the retaining walls



City of ERBIL







**وێنەی ژمارە ٣١ ( سەنتەری ڕۆشنبیری قەڵای هەولێر)**

https://www.google.com/imgres?q=qalay%20hawler&imgurl=https%3A%2F%2Fmedia-cdn.tripadvisor.com




**وێنەی ژمارە ( کۆمسیۆنی قەلای هەولێر)**



**وێنەی ژمارە ( کۆمسیۆنی قەلای هەولێر)**